# بنکەی زانیاری ... مایکرۆسۆفت

# ئەکسێس 2010

نووسینی:هێمن مەلا کەریم بەرزنجی
پسپۆڕی ICTو SE

چاپـــی یـــەکەم
2012

ناوی کتێب : بنکەی زانیاری ... مایکرۆسۆفت ئەکسێس 2010
نوسینی : هێمن مەلا کەریم بەرزنجی
پیتچنین و نەخشەسازی : هێمن کەریم ئەحمەد
تیراژ : 2000 دانە
نۆبەتی چاپ : یەکەم
ساڵی چاپ : 2012

Mobile: 07701515582
E-Mail: hemnymela@yahoo.com
dr.hemn@yahoo.com
Personal Website(Weblog):
www.hemn82.blogspot.com
Facebook:
facebook.com/hemn.barznji

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نوسەر

## بنکەی زانیاری ... مایکرۆسۆفت

# ئەکسێس 2010

Database with Microsoft

# Access 2010

نووسینی:هێمن مەلا کەریم بەرزنجی
پسپۆڕی ICTو SE

چاپـــی یـــەکەم
2012

پێشکەشە بە:-

- دایکم و باوکم و هەردوو براکەم.
- هەموو ئەو مرۆڤانەی بێوچان و بەردەوام لە هەوڵی فێربوون و، بەخشینی زانستدان.
- هەموو ئەو مامۆستایانەی لە حوجرەو قوتابخانەکانەوە، تا ئەمڕۆ، تەنها وشەیەك چییە لێیانەوە فێر بووبم.
- ئەو مرۆڤەی دەبێتە بە شێك لە ژیانم و خۆشم دەوێ و خۆشی دەوێم. ئەگەرچی نازانم کێ یە و، چۆن و، کەی ؟!!

**پێشەکی :**

بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئەکسێس 2010، وەکو یەکێك لە بەرنامەکانی گورزەی ئۆفیسی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت یەکێکە لە بەرنامە دیارەکانی بواری بنکەی زانیاری Database و، ژمارەیەکی ئێجگار زۆر بەکارهێنەر لە دونیادا سودی لێوەردەگرن و، بەکاری دەهێنن و، تاڕادەکیش لەگەڵ نەوە Version کۆنەکانی ئەکسێس دا جیاوازی هەیە و، هەم لە ڕووی نەخشە سازیی ڕوکارەکەیەوەو، هەم لە ڕووی توانا و شێوەی جێبەجێکردنەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

بۆیە واباشترە ئەو کەسانەی لەسەرەتای خۆفێرکردنی کۆمپیوتەردان، بە نەوە نوێیەکانی بەرنامەکان دەست پێبکەن و، واز لە نەوە کۆنەکانی بەرنامەکان بهێنن و، ئەوانەشی نەوە کۆنەکانی بەرنامەکان دەزانن خۆیان نوێکەنەوە Update و خۆیان فێری نەوە نوێیەکانی بەرنامەکان بکەن، بۆ ئەوەی سود لە تایبەتمەندی و پێشکەوتنە نوێیەکانی بەرنامەکان وەربگرن. هەرلەبەر ئەم خاڵەش بڕیارماندا کە لەوانە وتنەوەو نووسینی کتێبەکانماندا هەموو نەوە نوێیەکانی بەرنامەکان بەکاربهێنین و، لە نەوە کۆنەکان دووربکەوینەوە، بەو هیوایەی بتوانین زیاتر خزمەت بە بواری تەکنەلۆژیای گەیاندن و زانیارییەکان Information and Communication Technology – ICT بکەین.

بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیربچێت کە پێویستە فێرخواز هەوڵ بدات لەگەڵ نوێکاری و پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیادا بڕوات و، ئەمەش پێویستی بەهەوڵ و ماندووبونێکی بێوچان و بەردەوام و ماندوونەناسانە هەیە، بۆ ئەوەی لە دنیای ئای سی تی دانەبڕێین.

لە کۆتایدا هیوادارم توانیبێتم خزمەتێك بە بواری ئای سی تی ICT بکەم و، کەم تازۆر ڕۆڵمان هەبووبێت لەبەرەو پێشبردنی کۆمەڵگەی کوردی دا، وەلێ نابێت ئەوەش لەیادبکەین کە ئەم بەرهەمە ئەنجامی شەونخونی و هەوڵ و ماندوبونێکی زۆرەو لەگەڵ ئەوەشدا بێکەم و کوڕی نییە.

**هێمن مەلا کەریم بەرزنجی**

**کوردستان – سلێمانی**

2011/3/31

# بەشی یەکەم

# ناساندنی بنکەی زانیاری

# Introduction To Database

## بنکەی زانیاری چییە؟

## What is a Database?

بنکەی زانیاری Database بریتییە لە زانیاری کۆکراوە و، ڕێکخراو کە هەڵدەگیرێت و دەپارێزرێت لە کۆمپیوتەردا.

بنکەی زانیاری ڕێگە بەبەکارهێنەر دەدات، بۆ داغڵکردنی زانیاری و، گەیشتن بە زانیاری و شیکردنەوەی زانیارییەکانیش و، دەبێتە هۆکاری کارئاسانی و خێرای کارکردن لەسەر زانیارییەکان، کەواتە دەتوانین بڵێین بنکەی زانیاری بەکاردێت بۆ ڕێکخستن و، خەزنکردن و، هێنانەوەو وەرگرتنەوەی زانیاری زۆر بەشێوەیەکی ئاسان و، ئەم زانیارییە کۆکراوەو ڕێکخراوە بەکاردێت بۆ مەبەستێکی دیاری کراو یان بۆ چەند مەبەستێك.

بنکەی زانیاری بۆ ڕێکخستنی زانیارییەکانە لەهەموو بوارە جیاوازەکان دا، جا بواری پزیشکی بێت، یان ئەندازیاری، یان دەرمانسازی، یان سەر ژمێری و، بازاڕ و سۆپەرمارکێت و، دامودەزگاکانی حکومەت.



## بۆچی بنکەی زانیاری بەکاردەهێنین؟

## Why use a Database?

**ئەگەر بنکەی زانیاری (داتابەیس – Database) تەنها بریتیبێت لە زانیاری کۆکراوە و تۆمارەکان Record لە خشتەکاندا ،ئەوا دەتوانین لە ئێکسڵ دا خشتەکان دروست بکەین، کەواتە بۆچی بنکەی زانیاری بەکاردەهێنین؟ بێگومان لەبەر ئەوەیە کە ئەگەر ئێکسڵ بە هێز بێت بۆ دروستکردنی تۆمارەکان و کارە ژمێرەییەکان، ئەوا ئەکسێس زۆر بەهێزترە و، بەتوانا ترە لەکارکردن و چارەسەرکردنی زانیاری دا، بەتایبەت بۆ نووسینەکان، جا ناوبێت، یان وەسفکردن، یاخود هەر جۆرە زانیارییەکی تری نووسین، هاوکات بە ئاسانی دەتوانین کارەکان بکەین بەچەند خشتەیەك و دوواتریش گرێیان بدەین پێکەوەو، بەیەکتریانەوە ببەستین.**



## بەکارهێنانەکانی بنکەی زانیاری

## Uses of Database

**بنکەی زانیاری لەزۆربەی بوارەکانی ژیاندا، بەکاردێت و، بووەتە یەکێك لە باشترین کارئاسانییەکانی بواری تەکنەلۆژیای گەیاندن و زانیارییەکان ،کە داهێنراوەو، پێشکەش بە مرۆڤایەتی کراوە، بەشێوەیەکی گشتی لەم بوارانەدا بەکاردێت:**

- **بازرگانی و سوپەرمارکێت و، بازاڕکردن.**
- **بوارەکانی ئینتەرنێت و جێبەجێکارییەکانی.**
- **خوێندن و فێرکردن.**
- **هەموو زانستەکان.**
- **سەرژمێری و کۆکردنەوەی زانیاری بۆ مەبەستە جیاوازەکان.**

# بەشی دووەم

# ناساندنی مایکرۆسۆفت ئەکسێس 2010


# Introduction to Microsoft Access 2010

## مایكرۆسۆفت ئەكسێس 2010

مایكرۆسۆفت ئەكسێس 2010 بەرنامەیەكی جێبەجێكاری یە كە بەكاردێت بۆ دروستكردن و بەڕێوەبردنی بنكەی زانیاری Database ی بچوك Small و حەجمی ناوەندی Midsize ، كەلەسەر نەزمی كارپێكردنی ویندۆز Windows Operating System كاردەكات، هاوكات بەكاردێت بۆ دروستكردنی بنكەی زانیاری تایبەت بۆ وێب سایتەكان و، لەلایەن هەریەكێك لە ADO و ODBC و Net. پشتگیری دەكرێت و، قبوولدەكرێت. بەهۆی ئەم بنكەی زانیارییانەوە زانیارییەكانمان ڕێكدەخەین و، لە دووبارەبوونەوە تێكەڵی دەیان پارێزین و، دەشتوانین زۆر كرداری بیركاری و ژیربێژییان بەسەردا جێبەجێبكەین.

## كردنەوەی بەرنامەی مایكرۆسۆفت ئەكسێس 2010:

Start >>> All Program >>> Microsoft Office >>> Microsoft Office 2010



## پێکهاتەی بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئەکسێس 2010:

### یەکەم:شریتی ناونیشان Title Bar

لەبەشی سەرەوەی بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئەکسێس 2010 دایە و، لەلای ڕاستییەوە سێدووگمەی گرنگ هەیە کە ئەمانەن:

Close:داخستن: ئەم دووگمەیە بۆ داخستنی بەرنامەکە بەکاردێت.

Maximize/Restore Down:ئەم دووگمەیەش بەکاردێت بۆ گەورەکردن و بچوککردنەوەی بەرنامەکە لە سنووری شاشەکەدا.

Minimize:بەکاردێت بۆ بچوککردنەوەی بەرنامەکە بۆ سەر تاسك بارِ Task Bar و، بە شێوەی دووگمەیەك دەردەکەوێت.

لەلای چەپی شریتی ناونیشندا، لۆگۆی بەرنامەی ئەکسێس 2010 هەیە و، لەتەنیشت ئەم لۆگۆیەشدا شریتی ئامرازە خێرا و بەردەستەکان Quick Access Tool Bars هەیە و، لەتەنیشت ئەم شریتەدا ناوی ئەو بنکەی زانیارییەی ئێستا کراوەتەوە لەگەڵ ناوی بەرنامەکە هەیە.





تێبینی: بۆ زانینی ناوی دووگمەکان سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر دووگمەکە و، کەمێك چاوەڕوان بە ناوی دووگمەکەت بۆ دەنووسرێت:





### دووەم:شریتی ئامرازە بەردەستەکان The Quick Access Toolbar:

لەلای چەپی شریتی ناونیشان دایە و، بە شێوەیەکی هەمیشەیی و جێگیر سێ دووگمەلە خۆ دەگرێت، ئەوانیش خەزنکردن Save، پاشگەزبوونەوە Undo، و Redo.بەلاّم لەلای ڕاستی ئەم شریتەدا سەهمێك هەیە کە بە کلیك کردن لەسەری لیستێك دەکرێتەوەو، دەتوانین کلیك لەسەر هەریەکێك لە دانەکانی ناو ئەو لیستە بکەین بۆ ئەوەی بێتە ناو شریتەکەوە و، بە پێچەوانەشەوە ئەو دووگمانەی نیشانەیەکی ڕاست لەتەنیشتی دایە، کە مانای ئەوەیە ئەو دانەیە چالاکە و، لەناو شریتەکەدایە، بەکلیك کردن لادەچێت و لەناو شریتەکەدا نامێنێت:





لــەپێش کۆتــای لیـــستی Customize Quick Access Toolbarدا More Command هەیە کە دەتوانین بەهۆیەوە دووگمەی تر بۆ شریتی Quick Access Toolbar زیاد بکەین، کە بە کلیك کردن لەسەری ئەم پەنجەرەیەی (شێوەیەی) خوارەوە دەکرێتەوە:





لەبەشی Chose Command Fromدا، ئەو بەشە دیاری بکە کەدەتەوێت دووگمەکەی لێوەبهێنیت بۆ سەر شریتەوە و، لەژێر Chose Command Fromدا هەموو دوگمــەکانی ئــەو بەشــەت پیـــشان


دەدات کە هەڵت بژاردووە، بۆیە کلیك لەسەر ئەو دووگمەیە بکە کە دەتەوێت بیهێنیتەسەر شـریتەکە و، پاشان کلیك لەسەر Add بکە.





ئەگەر ویستت دووگە زیادکراوەکان لابەیتەوە و، شریتەکە وەك سەرەتا لێبکەیتەوە ئەوا لەسەر Reset بکە و، یەکێك لە دوو هەڵبژاردنەی لە Resetدایە هەڵیبژێرە واتە کلیکی لەسەر بکە و، پاشان کلیـك لەسەر Yes بکە ، لەو پەنجەرەیەی بۆت دەکرێتەوە.




پاشان کلیك لەسەر Yes بکە:






بێگومان دەتوانین یەك یەك دووگمە زیادکراوەکانیش لابەینەوە، ئەویش بە کلیك کردن لەسەر هەریەکێك لەو دووگمانەی دەکەوێتە ژێربەشـی Customize Quick Access Toolbar و، پاشـان کلیـك لەسەر Remove دەکەین:




## گواستنەوەی Quick Access Toolbar


ئەگەر بمانەوێت ئەم شریتە لەسەر شریتی ناونیشان لابەین و بیگوێزینەوە، ئەوا کلیك لەسەر سەهمەبچوکەکەی کۆتایی شریتەکە دەکەین کە بەهۆیەوە لیستێك دەکرێتەوە، لەو لیستەدا کلیك لەسەر Show Below the Ribbon دەکەین، بەمەش دەچێتە ژێربەشی ڕایبۆن و، بە دووبارە کردنەوەی کارەکەش دێتەوە شوێنی خۆیی، بەڵام ئەجارەیان کلیك لەسەر Show Above the Ribbon دەکەین:






## سێهەم: پیشاندانی هەنگاوی پشتەوە –Backstage View:

لەپیشاندانی پشتەوەدا، تابی فایل File Tab تێدایە، لە ڕایبۆن Ribbonدا،وەکو لیستی فایل لەنەوە کۆنەکانی ئەم بەرنامەیەدا،چەند دووگمە و فرمانێك لەخۆدەگرێت و، بەهۆی ئەم بەشەوە دەتوانین داغڵ بە بنکەی زانیاری ببین، کاتێك بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئەکسێس دەکرێتەوە ئەم بەشە چالاکە،نەك ئەوکاتەی بنکەی زانیارییەك Database دەکەینەوە، بەکردنەوەی بەرنامەکە و، بۆهەمیشەیی Default بەشی فایل چالاکە و، کراوەتەوە،کە لە لیستێك پێکدێت و، کۆمەڵێك دووگمەی تێدایە وەکو Save و open و Infoو Recent و View و ....... :




لەگەڵ کردنەوەی بەرنامەدا، بەشی نوێ New لە لیستی فایل Fileدا، چالاکە و،دەتوانین بەهۆیەوە بنکەیەکی زانیاری بەتاڵ Blank Database بکەینەوە:




بەشێوەیەکی گشتی بەشی نوێ New پۆلێن دەکرێت بۆ دوو بەش،کەهەربەشە و، چەند بەشێکی تری لێجیادەبێتەوە، بەم شێوەیە:


یەکەم: قاڵبە ئامادەکان Available Template:

لەم بەشەدا چەند قاڵبێکی ئامادەهەیە و، بۆچەند مەبەستێکی جیاواز بەکاردێن و، زۆر بەکورتی باسین دەکەین:

1. Blank Database: بۆ دروستکردنی بنکەیەکی زانیاری گشتی بەتاڵ بەکاردێت.
2. Blank Web Database: بۆ دروستکردنی بنکەی زانیاری بەتاڵی وێب (بۆ سایت) بەکاردێت.
3. Recent Template:بۆهەڵبژاردنی ئەو قالبەی پێشتر بەکارمان هێناون بەکاردێت.
4. Sample Template: بۆ هەڵبژاردنی نمونەی قاڵبەکان بەکاردێت، کە تێیدا کۆمەڵێك قاڵبی ئامادەکراوی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت هەیە و، دەتوانیت بەکاریان بهێنیت،وەکو قاڵبی فێرخواز و وێب و مارکیتین و ..... .

تێبینی:

کاتێك کلیکت لەسەر بەشی Sample Template کرد، بۆگەڕانەوە بۆبەشی سەکی کلیك لەسەر دووگمەی بۆ دواوە Back بکە:




5. My Templates: بۆهەڵچبژاردنی قاڵبەکانم بەکاردێت، دیـارە ئەگـەر قاڵبمـان هـەبێت و، دامانناییت تێی دا.

دووەم:قاڵبەکانی ئۆفیس دۆت کۆم Ofiice.com Template:

بەهۆی ئەم بەشی دووەمەی نویێ New وە دەتوانیت کۆمـەڵێك قـاڵبی جیـاواز وەربگریـت لـە ڕێگـەی ئینتەرنێتەوە.

دووای ئەوەی یەکێك لەو شێوانەی سەرەوەت هەڵبژارد کلیـك لەسـەر Create بکـە بۆئـەوەی بنکـەی زانیارییەکە Database دروست ببێت:




لە Backstage Viewدا، کۆمەڵێك دووگمە هەیە کە دەتوانین بەهۆیەوە زۆر کـردار ئەنجامبـدەین، بۆیە لەم خشتەیەی خوارەوەدا، ڕوونـی دەکەینـەوەو، هـەر دووگمەیـە و لەتەنیـشتی دا بـەکورتی باسـی بەکارهێنانی دەکەین:

| دووگمە | بەکارهێنان |
|---|---|
| Save | بەکاردێت بە پاشەکەوت کردنی ئەو بنکەی زانیارییەی کە دروستمان کردووە بە ناوێکی دیاری کرا و لە شوێنێکی دیاری کراو. |
| Save Object As | بەکاردێت بۆ پاشەکەوت کردن و خەزنکردنی بنکەیەکی زانیاری بە نـاوێکی نوێوە، یان بەهەمان ناوەوە بەڵام لە شوێنێکی تردا هەڵبگیرێت و بپارێزرێت. چونکە ناکرێت دوو یان زیاتر لە بنکەیەکی زانیاری لە شوێنێك دا و بەیـەك ناوەوە بپارێزرێت. |
| Open | بەکاردێت بۆ کردنەوەی بنکەیەکی زانیاری پاشەکەوت کراو، بۆ ئەوەی کـاری تێدا بکەین، یان گۆڕانکاری تێدا بکەین. |
| Close Database | بەکاردێت بۆ داخستنی ئەو بنکەی زانیارییەی کراوەتەوە و چـالاکە و ئێـستا کاری تێدا دەکەین. |
| Info | زانیاری تێدایە لە بارەی بنکەی زانیارییـەوە ، و هەڵبـژاردنێکی تێدایـە بـۆ گوشران و چاك کردنەوە Compact & Repair و Encrypt بۆ بـە کۆد کردن و دانانی وشەی نهێنی. |
| Recent | بەهۆیەوە ئەو بنکەی زانیارییانە دەبینین کە نوێن و، پێشتر بەکارمان هێناون |

| | |
|---|---|
| | و دەتوانین بەهۆیەوە بیانکەینەوەو، بەکاریانبهێنینەوە. |
| New | بەهۆی پانی Pane نوێوە دەتوانرێت بنکەی زانیاری نوێ دروست بکرێت. |
| Print | بەهۆی ئەم بەشەوە دەتوانرێت کرداری چاپ کردن بە ئـەنجام بگـات، چـونکە هەڵبژاردنەکانی تایبەت بە چاپ کردنی تێدایە و تایبەتە بە چاپ کرن. |
| Save & Publish | بەهۆیەوە کۆمـەڵێك هەڵبـژاردنی پێـشکەوتوو دابینکـراوە بـۆ پاشـەکەوت کردنی بنکەی زانیاری . |
| Help | بەشی یارمەتی بۆ فێربوون و کار ئاسانی کردن و یارمەتی دانی بەکارهێنەرە و وانەی زۆری فێرکاری و یارمەتی دەری تێدایە. |
| Options | لەبەشی هەڵبژاردنـەکان دا، دەتوانرێـت زۆربـەی هەڵبژاردنـە جیاوازەکـانی ئەکسێس بگۆڕدرێت |
| Exit | بەکاردێت بۆ دەرچوون لە بەرنامەکە و داخستنەوەی بەرنامەکە. |


## چوارەم :ڕاییبۆن – Ribbon:

لەژێر شریتی ناونیشان Title Bar دا، بەشێك هەیە کە کۆمەڵێك دووگمە و، تەن و،پێکهاتەی تێدایـە و، پێی دەڵێن Ribbon، وئەم ڕاییبۆنە لەلای چـەپەوە بـۆلای ڕاسـتەوە، ئـەم بەشـە جێگـرەوەی شـریتی لیستەکان Menu Bar و شریتی ئامرازەکانە Toolbars لە نەوەکانی تری مایکرۆسۆفت ئەکـسێس دا،ڕووکاری فرمانی سەرەکی داین دەکـات لـە مایکرۆسـۆفت ئەکـسێس 2010دا،کاتێـك بنکەیـەکی زانیاری دەکەینەوە، ڕاییبۆن دەردەکەوێت لەبەشی سەرەوەی ڕووکاری بەرنامەکەدا، کەئەم بەشانە (تابانـە) لە خۆدەگرێت (Home و Create و External Data و Database Tool):




## پێنجەم :تابەکانی فرمانە ڕابردووەکان Contextual Command Tabs:

لەم بەشەدا، تابی تایبەت بەو فرمانەی کە پێشتر ئەنجامان دا، دەکرێتـەوەو، بەهۆیـەوە کارەکانـان تـەواو دەکەین، بۆنمونە کاتێك خشتەیەك Table دروست دەکەین، بەهۆی ئەم فرمانەوە هـەردوو تـابی سـتوون Field و، خشتە Table دەکرێتەوە، و زیاد دەبێت بۆسەر ڕاییبۆن، کەبەهۆیەوە فرمانی دروست کردنـی خشتەکە تەواو دەکەین و، گۆڕانکاری تێدا دەکەین:





## شاردنەوەی ڕایبۆن و پیشاندانەوە

## Show/Hide Ribbon

بۆ شاردنەوەی ڕایبۆن دووانە كلیك Double Click لەسەر ئەو تابە Tab بكە كە كارایە و چالاكە Active و، بۆ پیشاندانەوە هێنانەوەی كلیك لەسەر هەریەكێك لەتابەكان بكە.


## شەشەم: گەلەرییەكان – Galleries:

گەلەرییەكان بەو بەشانە دەوترێت كە چەند بەشێكی دیكەی پەیوەندیداریان لێجیادەبێتەوە، لەگەلەرییەكدا دەكەونە بەرچاو و، كارئاسانییەكی باشە بۆ بەكارهێنەر و، دەتوانین سودی لێوەربگرین:




## حەوتەم: Navigation Pane:


کاتێك کە بنکەیەکی زانیاری دەکەینەوە، یان دروستی دەکەین، ئەم بەشە دەکرێتەوەو، چالاك دەبێت، کـە بەسوودە و ، کارئاسانیمان بۆ دەکات:




بەکلیك کردن لەسەر ئەم هێمایەی خوارەوە بەشی Navigation Pane بچوك دەبێتەوە:




دووای کلیك کردن لەسەر ئەو دووگمەیەی سەرەوە بەم شێوەیە بچووك دەبێتەوە:



## هەشتەم : Tabbed Documents:

کاتێك چەند بەڵگەنامە و فایلێك پێکەوە دەکەینەوە، چەند تابێك Tab دروست دەبێت کە بەکلیك کردن لەسەر هەرتابێکیان ئەو بەڵگە نامەیە Document چالاك دەبێت:




## دەهەم: شریتی زانیاری (دۆخ) – Status Bar:

بەهۆی ئەم شریتەوە هەندێك زانیاری لەبارەی ئەو دۆخەی ئێستا بەرنامەکەی تێدایە پیشان دەدرێت،:




## یانزەهەم : شریتی بچوکی ئامراز- Mini Toolbar:

لەنەوەکۆنەکانی بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئەکسێس دا، بەشی ڕێکخستن و ڕێککردنی نووسین Formatting Tex لە لیستێك Menuدا، یان لە شریتی ئامرەزەکاندا Toolbars پیشان دەدرا، بەڵاَم لە مایکرۆسۆفت ئەکسێسی 2010 بۆ پیشانانی ( شریتی بچوکی ئامراز – Mini Toolbar) بەکارهاتووە، کەکار ئاسانی دەکات بۆ بەکارهێنەر:



# بەشی سێهەم

# بنچینەکانی ئەکسێس

# Access Basics

لەم بەشەداباس سەرجەم ئەو كارە سەرەتايى و بنچينەييانە دەكەين، كە لەسەرەتاى فێربوونى ئەكسێسەوە پێويستە فێرى ببين و، بەباشى بيزانين، چونكە گرنگترين كردارەكانن.

## دروستكردنى بنكەيەكى زانيارى بەتاڵى نوێ
## Create A New Blank Database


1-بەرنامەى ئەكسێس بكەرەوە، كە دوواى كردنەوەى Backstage View دەردەكەوێت.

2-يەكێك لەم دووانەى خوارەوە جێبەجێبكە:

*دروستكردنى بنكەيەكى زانيارى نوێى وێب Create A New Web Database:


1-لەبەشى Newدا، كليك لەسەر Blank Web Database بكە.

2-لەخانەى ناوى فايل File Nameدا، ناوێك بۆ بنكەى زانيارييەكە بنووسە.




تێبينى:

بەرنامەى مايكرۆسۆفت ئەكسێس 2010 بنكەى زانيارييەكان لە C دا و، لەبەشى My Documentدا، خەزن دەكات، ئەگەر ويستت شوێنەكەى بگۆڕيت كليك لەسەر Browse For A Location to Put You Database بكە و، بەهۆيەوە شوێنێكى تر بۆ بنكەى زانيارييەكەت ديارى بكە:





3-كليك لەسەر Create بكە.

*دروستكردنى بنكەيەكى زانيارى نوێ Create New Desktop Database:

1-لەبەشى Newدا، كليك لەسەر Blank Database بكە.

2-كليك لەسەر Create بكە.

ئێستابنکەیەکی زانیاری نوێ New Database دروستبووە و، خشتەیەکی نوێ لە Datasheet view دا، کراوەتەوە:





## دروستکردنی بنکەیەکی زانیاری نوێ لە قالبێکەوە

## Create A New Database From Sample Template

1-بەرنامەی ئەکسێس بکەرەوە، کە دووای کردنەوەی Backstage View دەردەکەوێت.


2- لەبەشی Newدا، کلیك لەسەر Sample Template بکە، کەبەهۆیەوە کۆمەڵێك قالب پیشاندەدات و، بەپێی پێویستی کارەکەت یەکێك لە قاڵبەکان هەڵبژێرە و،کلیکی لەسەر بکە.

3-خۆی ناوێك بۆ بنکەی زانیارییەکە دادەنێت، بەلاّم ئەگەر ویستت بیگۆڕیت ئەوا لەخانەی ناوی فایل File Nameدا، ناوێکی نوێ بۆ بنکەی زانیارییەکە بنووسە.





تێبینی:

بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئەکسێس 2010 بنکەی زانیارییەکان لە C دا و، لەبەشی My Documentدا، خەزن دەکات، ئەگەر ویستت شوێنەکەی بگۆڕیت کلیك لەسەر Browse For A Location to Put You Database بکە و، بەهۆیەوە شوێنێکی تر بۆ بنکەی زانیارییەکەت دیاری بکە:




4-کلیك لەسەر Create بکە.





## دروستکردنی بنکەی زانیاری نوێ لە office.com وە Create A New Database From Office.Com Template

1-بەرنامەی ئەکسێس بکەرەوە، کە دووای کردنەوەی Backstage View دەردەکەوێت.


2- لەبەشی Newدا، پاشان لەبەشی Office.com Template کلیك لەسەر یەکێك لە قاڵبەکان بکە، یان بەهۆی بەشی گەڕانەوە Search بە شوێن قاڵبدا بگەڕێ.

3-لەخانەی ناوی فایل File Nameدا، ناوێك بۆ بنکەی زانیارییەکە بنووسە.





تێبینی:

بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئەکسێس 2010 بنکەی زانیارییەکان لە C دا و، لەبەشی My Documentدا، خەزن دەکات، ئەگەر ویستت شوێنەکەی بگۆڕیت کلیك لەسەر Browse For A Location to Put You Database بکە و، بەهۆیەوە شوێنێکی تر بۆ بنکەی زانیارییەکەت دیاری بکە:





4-کلیك لەسەر Download بکە.



# بەڕێوەبردنی بنکەی زانیاری
# Database Management

دووای ئەوەی فێری دروستکردنی بنکەی زانیاری بووین، ئێستا پێویستە فێری بەڕێوەبردنی بنکەی زانیاری ببێن و، سود لەو هەڵبژاردنانە وەربگرین کە مایکرۆسۆفت لەبەشی Option ی بەرنامەکەدا بۆی داناوین و، دەتوانین بەهۆیەوە زۆر گۆڕانکاری بکەین و، چەندان کردار ئەنجام بدەین:

کلیك لەسەر File بکە، پاشان کلیك لەسەر Option بکە، کەبەهۆیەوە ئەم شێوەیەی خوارەوە دەکرێتەوە:




ئێستا کلیك لەسەر Client Setting بکە و، بڕوانە بەشی لای ڕاستی پەنجەرەکە، کە دەتوانین بەهۆیەوە گۆڕانکارییەکی زۆر ئەنجام بدەین، وەکو: (Editing، Display، Printing، General، Advance و Theme Default)، دەتوانین لەبەشی Editing دا، دیاری بکەین کە جوڵەی دووای داغڵکردنی زانیاری Move After Enterبەچ شێوەیەك بێت کە سێ شێوەی هەیە:

1-Don't Move:واتە نەجووڵێت و نەڕوات بۆ هیچ بەش و شوێنێکی تر.

2-Next Field:واتە بچێتە ستوونی دوواتر و، بەوشێوەیە بجوڵێت.

3-Next Record:بۆ تۆماری داهاتوو.

هەروەها لەبەشی Displayیشدا، دەتوانین ئەم كارانە ئەنجامبدەین:

1-زیادكردن و كەمكردنی پیشاندانی ئەو بنكەی زانیارییانەی بەكارمان هێناون،كەلەبەشی Recent ی Fileدا دەبینرێن.


2-پیشاندان یان پیشان نەدانی Status Bar،كە بەكلیك كردن لەچوار گۆشە بچوكەكەی بەردەم Status Bar لەم بەشەدا، نیشانەیەكی ڕاست لە چوار گۆشەكە دەدرێت و، پیشان دەدرێت، بە دووبارە كلیك كردن و،لابردنی نیشانە ڕاستەكە پیشان نادرێت.

3-پیشاندان یان پیشان نەدانی وێنەی جولاَو (وەك خالّی 2 كاری لەسەر دەكرێت بۆ پیشاندان و،لابردنی).

4-پیشاندان و لابردنی تاگی كردارەكان Action Tags لەسەر داتاشیت (وەك خالّی 2 كاری لەسەر دەكرێت بۆ پیشاندان و،لابردنی).


5-پیشاندان و لابردنی تاگی كردارەكان Action Tags لەسەر فۆرم (وەك خالّی 2 كاری لەسەر دەكرێت بۆ پیشاندان و،لابردنی).

هەروەها بەهۆی بەشەكانی Printing و ....... دەتوانین ، چەندین كار و گۆڕانكاری پێویست و گرنگ ئەنجام بدەن.




## داخستنی بنكەی زانیاری
## Closing a Database

دەتوانین بنكەی زانیارییەكە Database داخەین Close بە بێ ئەوەی بەرنامەی مایكرۆسۆفت ئەكسێس داخەین، ئەویش بە كلیك كردن لەسەر فایل و، پاشان كلیك بە كردن لەسەر Close Database، دادەخرێتەوە:




## سڕینەوەی بنکەی زانیاری
## Deleting Database

ئەگەر پێویستت بە بنکەی زانیاری نەما، ئەوا دەتوانیت بیسڕیتەوە، بە بەکارهێنانی یەکێك لەم دوو ڕێگایە:


1- کلیك لەسەر ئایکۆنی بنکەی زانیارییەکە بکە و، پاشان پەنجەبنێ بە دووگمەی سڕینەوە Delete لەسەر تەختەکلیلەکە Keyboard.





ئێستا ئەم پەنجەرەیەی خوارەوە دەکرێتەوە، کە لێت دەپرسێت ( ئایا دڵنیایت دەتەوێت ئەم بنکەی زانیارییە بنێریت بۆ Recycle bin)و ئەگەر دڵنیاییت دەتەوێت بیسڕیتەوە ئەوا کلیك لەسەر Yes بکە:




2- کلیکی ڕاست لەسەر ئایکۆنی بنکەی زانیارییەکە بکە و، پاشان کلیك لەسەر سڕینەوە Delete بکە:




ئێستا ئەم پەنجەرەیەی خوارەوە دەکرێتەوە، کە لێت دەپرسێت ( ئایا دڵنیایت دەتەوێت ئەم بنکەی زانیارییە بنێریت بۆ Recycle bin)و ئەگەر دڵنیاییت دەتەوێت بیسڕیتەوە ئەوا کلیك لەسەر Yes بکە:





## پەسترانەوە و چاککردنەوەی بنکەی زانیاری
## Compacting and Repairing Database


لە مایکرۆسۆفت ئەکسێسی 2010دا، دەتوانین کرداری پەستاوتن ئەنجام بدەین و، بنکەی زانیارییەکە بپەستێوین بۆ ئەوەی جێگە کەمتربگرێت، چونکە سەرەتا کە بنکەی زانیاری دروست دەکرێت شوێنێك لە بۆشایی یادگە(بیر) ی کۆمپیوتەرەکە داگیر دەکات، وەکو لەم وێنەیەدا ڕوونکراوەتەوە:



پاشان زانیاری داغڵ دەکەین بۆ ناوبنکەی زانیارییەکە:




ئێستا دەتوانین کرداری پەسترانەوەو چاککردن ئەنجام بدەین، بۆئەوەی جێگە کەمتربگرێت و حەجمەکەی بچوکبکەینەوە، بۆئەوەندەی کە بنکەی زانیارییەکە پێویستی پێیەتی:




بۆ ئەنجامدانی ئەم کردارە لە بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئەکسێس 2010 دا، چەند ڕێگەیەکمان هەیە، و بۆ ڕێگەی یەکەم ئەم هەنگاوانە جێبەجێبکە:

کلیك لەسەر File بکە، پاشان کلیك لەسەر info بکە و، دواتر کلیك لەسەر Compact & Repair Databaseبکە:




ڕێگەی دووەم:


کلیك لەسەر Database Tools بکە و، پاشان کلیك لەسەر Compact & Repair Database بکە:





ڕێگەی سێهەم:

ئەگەرمانەوێت لەگەڵ دخستنەوە Cols ی بنکەی زانیارییەکەدا، ئەم کردارە ( Compact & Repair Database) ڕووبدات، ئەوا ئەم هەنگاوان بە ئەنجام دەگەیەنین:

1-کلیك لەسەر فایل بکە، پاشان کلیك لەسەر Option بکە،کە بەهۆیەوە بەشی هەڵبژاردنەکانی ئەکسێس دەکرێتەوە:



2-ئێستا ئەم پەنجەرەیە کراوەتەوە، لەبەشی لای  چەپدا، کلیـك لەسـەر Current Database بکـە و،پاشان لەلای ڕاستدا کلیك لەناو لاکێشەبچوکەکەی بەردەم Compact on Close بکە و، پاشـان کلیك لەسەر Okبکە:




## داخستنەوەی بەرنامەکە
## Microsoft Access Exit

دەتوانین بەچەند ڕێگەیەك داخستنەوەی بەرنامەی ئەکسێس بەئەنجام بگەیەنین:

1. کلیك لەسەر فایل File بکە و پاشان کلیك لەسەر Exitبکە.
2. لە شریتی ناونیشاندا Title Bar کلیك لەسەر دوگمەی داخستن Closeبکە.



3. دووگمەکانی Alt+F4 ی سەر ڕووی تەختە کلیل Keyboardـــــەکە بەکاردەهێنین.
4. پەنجەنان بە دووگمەکانی Alt و f و x ی سەر ڕووی تەختەکلیلەکە یەك بەدووای یەك دا.

## کردنەوەی بنکەی زانیاری
## Open the Database

دووای ئەوەی باسی دروستکردنی داتابەیسمان کرد، و داتا بەیسەکەمان داخستەوە، ئێستا پێویستە بیکەینەوەو، گۆڕانکاری تێدابکەین و، دەستکاری بکەین و، کارەکەمان تەواو بکەین، بۆیە بەکورتی باسی ڕێگاکانی کردنەوە دەکەین:


ڕێگای یەکەم:

1-ئەو شوێنەی داتابەیسەکەت تیا خەزن کرد، بیکەرەوە، بۆنمونە ئەگەر لە لۆکاڵی دی دا، خەزنت کردووە، ئەوا دی بکەرەوە.

2-سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر داتابەیسەکە و، دوو کلیك لەسەر بکە:





یان کلیکی ڕاست لەسەر بنکەی زانیارییەکە بکە و، پاشان کلیك لەسەر دووگمەی Open بکە:





ڕێگای دووەم:

1-بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئەکسێس بکەرەوە.

2-كليك لەسەر تابى فايل File بكەو، پاشان سەهمى ماوسەكە ببەرەسەر Open و كليكى لەسەر بكە:




3-بەشى تايبەت بە كردنەوە دەكرێتەوە، لەبەشى Look in ئەو شوێنە ديارى بكە،كە Select داتا بەيسەكەت تيا هەڵگرتووە و، پاشان كليك لەسەر داتابەيسەكە بكە و، ئينجا كليك لەسەر دووگمەى Ok بكە.





رێگاى سێهەم:

1-بەرنامەى مايكرۆسۆفت ئەكسێس بكەرەوە.

2-كليك لەسەر تابى فايل File بكەو، پاشان سەهمى ماوسەكە ببەرەسەر داتا بەيسەكە، كە لە ليستى داتا بەيسە نوێيەكاندا، دانراوە كليكى لەسەر بكە.

3-یان کلیك لەسەر  Recent بکە و، پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر بنکەی زانیارییەکە و، کلیکی لەسەر بکە:




# بەشی چوارەم

# خشتەکان

# Tables

## خشتەکانی بنکەی زانیاری
## Database Tables

زانیارییەکان لە RDBMS دا، هەڵدەگیرێت و پاشەکەوت دەکرێت Store لەتەنەکانی Object بنکەی زانیـاری دا ،کە پێی دەڵێن خشتە Table،کەواتە خشتە بریتییە لە زانیاری پەیوەندی داری کـۆکراوەو، پێکـدێت لـە ڕیـزە خانـەی ستوونی کەپێی دەڵێن ستوون Column و، ڕیزە خانەی ئاسۆیی کە پێی دەڵێن تۆمار Row.
ڕیزە خانەی ستوونی Column پێشی دەوترێت Field یان Attribute و،بە ڕیزەخانەی ئاسۆی Rowیش دەوترێت Tuple یان Records:




| ID | FullName | Age | Salary |
|---|---|---|---|
| 1 | Hemn_Kerim | 27 | 3500 |
| 2 | Savo_Bextyar | 16 | 650 |

## بەشەکانی خشتە
## Table Parts

خشتەکان Tables دابەش دەبن بۆ چەند بە شێکی بچوکتر،کە لێرەدا بەکورتی ئاماژەیان پێدەکەین، هەتاوەکو بە ئاسانی لەپێکهاتە و کردارەکان و فرمانەکان تێبگەین و،بتوانین بە ئاسانی ئەنجامیان بدەین و،بەکاریان بهێنین، بەم شێوەیە:

### 1- ڕیزەخانەی ستوونی
### Column

هەرخشتەیەك لەیەك ڕیزەخانە، یان زیاتر لە ڕیزەخانەیەکی ئاسۆیی Column پێکدێت و، پێشی دەوترێـت( کێڵگـە یان مەودای زانیاری (Field) )، کە چەند بـە شـێکی بـچوکن و،خـشتەکە پێکـدەهێنن، و زانیارییـەکانی نـاو هـەر ستوونێك تایبەت دەبێت بە بەشێکی دیاری کراو،بۆنمونە ڕیزەخانەی سـتونی نـاوی تـەواو FullName ، تایبەتـە بـە زانیــاری لەســەر نــاو و،زانیــاری دیکــەی تێدانییــە ، کەواتــە خــشتەکەی پێــشوو پێکــدێت لــەم ڕیزەخانانە،ئـەوانیش (IDو FullNameو Salaryو Age)واتە خشتەکە لەو چوار کێڵگە (ڕیزەخانە ئاسۆی) یە پێکدێت.

| FullName |
|---|

| |
|---|
| Hemn_Kerim |
| Savo_Bextyar |
| Shano_Ahmad |
| Shanya_Ahmad |

## 2- ڕیزەخانەی ئاسۆیی
## Rows

هەمیشە بە تۆمارەکان Records دەوترێت ڕیزەخانەی ئاسۆیی Rows زانیارییەکان، یان Tuple، بۆنمونە خشتەکەی پێشتر پێك هاتووە لە دوو ڕیزەخانەی ئاسۆیی (تۆمار) و،ئەم نمونەیەی خوارەوەش پێکهاتووە لەیەك ڕیزەخانەی ئاسۆیی (تۆمار):

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 1 | Hemn | Barznji | 27 | 3500 |

## 3-خانە
## Cell

بەشێوەیەکی بنچینەیی خشتەکان لە ڕیزەخانەی ئاسۆیی و ستوونی دا ڕێکخراون و، هەر ستوون و ئاسۆییەك یەکتری دەبڕن بۆ دروست کردنی سندوقێکی لاکێشەیی کەپێی دەڵێن: خانە.

## 4- سنوور دانانەکان
## Constrains

سنور بۆ دانان (سنوردانانەکان) بریتییە لە کۆمەڵێك یاسا و ڕێسا بۆ بەهێزکردن و سەپاندنی زانیاری ستوونەکانی ناوخشتە بەکاردێت و، بەهۆیەوە سنوور بۆ جۆرەکانی ئەو زانیارییە دادەنرێت کە دەچێتەناوخشتەکە و، بەمەش دڵنیا دەبین لە جۆری زانیاری و، باشی بنکەی زانیاری و، وەرگرتنەوەی زانیاری .

ئەمانەی خوارەوە باوترین جۆرەکانی سنور دانەناکانن، بە شێوەیەکی گشتی :

*سنور دانان بۆ خانەکان هەتاوەکو بەتاڵ نەبن Not Null Constrains.

*سنوردانان بۆ خانەکان هەتاوەکو نرخێکی هەمیشەیی و جێگیریان تێدابێت Default Constrains.

*سنوردانان بۆ خانەکان هەتاوەکو تاکبن و دووبانەبنەوەو، هەموو نرخەکانی ناو ستونەکان جیاوازبن Unique Constrains.

* کلیلی سەرەتایی Primary Key:ناسەرەوەیەکی تاك و تەنهایی هەریەکێك لە تۆمارەکان Records (ڕیزەخانەی ئاسۆیی Rows) ــــــە، لە خشتەکانی بنکەی زانیاری Database دا.

*کلیلی دەرەکی Foreign Key.

*سنوردانەکانی پشکنین Check Constrains.

*ئیندێکس Index.

## كليلەكان
## Keys

ئەو ستوونانەی کە دەبنە بەشێك لە پەیوەندی خشتەکان بریتین لە کلیلەکان، بەشێوەی گشتی و باو کلیل پێکدێت لەیەك ستوون، بەڵام دەگونجێت زیاتر لە ستوونێکیش بێت:


یەکەم: کلیلی سەرەتایی Primary Key: خشتە دەتوانێت تەنها یەك کلیلی سەرەتایی هەبێت، ئەم کلیلە سەرەتاییەش پێك دێت لە ستوونێك یان زیاتر لە ستوونێك، کە بەشێوەیەکی تاك و تەنها هەر تۆمارێکی پێدەناسرێتەوە لە خشتەدا، واتە ژمارەیەکی ناسەرەوەی تاك و تەنهایە، وەکو ئای دی، ژمارەیی زنجیرەیی Serial Number، یان کۆدێك.

دووەم: کلیلی بەهێزکردن Foreign Key: دەگونجێت هەر خشتەیەك کلیلێك یان زیاتر لە کلیلێکی بەهێزکردنی هەبێت Foreign Key ، ئەم کلیلی بەهێزکردنە نرخی تێدایە، کە ئەم نرخانە کلیلی سەرەتایی خشتەیەکی ترن،


## تابی خشتە
## The Table's Tab

بۆ دەرکەوتن و پیشاندانی تابی خشتە، ئەم هەنگاوانە جێبەجێدەکەین، چونکە خشتەکە لەناوەڕاستی شاشەکە پیشان دەدرێت لەگەڵ تابەکەی:


1- کلیك لەسەر File بکە، پاشان کلیك لەسەر Option بکە:




2-ئێستا ئەم پەنجەرەیە کراوەتەوە، لەبەشی لای چەپدا، کلیك لەسەر Current Database بکە و،پاشان لەلای ڕاستدا کلیك لەناو لاکێشەبچوکەکەی بەردەم Display Document Tabs بکە و، پاشان کلیك لەسەر Okبکە:




3-ئەم پەنجەرەیەی خوارەوە دەکرێتەوە کلیك لەسەر Ok بکە:





ئێستا لەلای ڕاستی تابی خشتەکەوە دووگمەی داخستن close هەیە و، بەکلیك کردن لەسەری خشتەکە دادەخرێت:




# The Table System Buttons

له بەرنامەی مایكرۆسۆفت ئەكسێسی 2010دا، بەشێوەیەكی هەمیشەیی پیشاندانی خشتەكان بە شێوەیەكی تاب دەبیێت، بەلاّم دەتوانین ئەم شێوەیە بگۆڕین و بەشێوەی یەك خشتە پیشان بدرێت و ببینرێت، بەم شێوەیە:


1- كلیك لەسەر Fileبكە، پاشان كلیك لەسەر Option بكە:




2-ئێستا ئەم پەنجەرەیە كراوەتەوە، لەبەشی لای چەپدا، كلیك لەسەر Current Database بكە و،پاشان لەلای ڕاستدا كلیك لەناو بازنە بچوكەكەی بەردەم Over Lapping Windows بكە و، پاشان كلیك لەسەر Okبكە:





3-ئەم پەنجەرەیە دەكرێتەوەو كلیك لەسەر Ok بكە:




## شریتی هاتووچۆپێكردنەكان
## The Scroll Bars




**كاتێك خشتەكان گەورە دەبن، بۆهاتو چۆپێكردن و گواستنەوە لە نێوان ناوەڕۆك و پێكهاتەی خشتەكەدا، پێویستە شریتەكانی هاتو چۆپێكردن (Scroll Bar) بەكاربهێنین، كە بە شێوەی ئاسۆی Horizontal و ستوونی Vertical دەردەكەون و، هەن:**




## دووگمەکانی خشتە

## Table Navigation Buttons


لەبەشی لای چەپی خوارەوەی هەر خشتەیەکدا پێنج دووگمە هەیە کـە چـواریان بـۆ دەستبەسـەراگرتن و جوڵە و گواستنەوەیە لە نێوان تۆمارەکان Recordsدا و، یـەکیان بـۆ دروسـتکردنی تۆمـارێکی نـوێ Record بەکاردێت:

| دووگمە | بەکارهێنان |
|---|---|
|  | دووگمەی تۆماری یەکەم First Record، بەکاردێت بۆ چالاککردنی یەکـەم تۆمـاری Record خشتەکە، و هێماکە دەگوزرێتەوە بۆ تۆماری یەکەم. |
|  | دووگمەی تۆماری پێشتر Previous Record، بۆ گواسـتنەوەو جوڵـە بـەکاردێت بـۆ تۆماری پێشتر Record. |
| 1 of 30 | تۆماری ئێسـتایی Current Record، بـەکاردێت بـۆ زانینـی سـەرجەمی ژمـارەی تۆمارەکان و ژمارەی تۆمارە چالاکەکەی ئێستا. |
|  | دووگمەی تۆماری دوواتـر First Record بـەکاردێت بـۆ جولاّنـدن و گواسـتنەوە بـۆ تۆماری دوواتر. |
|  | دووگمەی تۆماری کۆتایی Last Record، ئەم دووگمەیـە بـەکاردێت بـۆ جولاّنـدن و گواستنەوە بۆ تۆماری کۆتایی خشتەکە. |
|  | دووگمەی تۆمارێکی نوێ New (Blank) Record ، بـەکاردێت بـۆ داغلّکـردن و دروستکردنی تۆمارێکی نوێ بۆ خشتەکە. |


## دروستكردنی خشته

## Create Table

پێویسته خشته دروست بكه‌ین، چونكه به‌شێكی پێكهێنه‌ری بنكه‌ی زانیارییه‌ و، بۆ دروستكردنیشی چه‌ند رێگه‌ و هه‌ڵبژاردن و شێوازێكی جیاواز هه‌یه‌، ئێستا له‌به‌شی رایبۆن Ribbon دا، كلیك له‌سه‌ر Create بكه‌ .




دوواتر كلیك له‌سه‌ر Table بكه‌، به‌مه‌ش خشته‌یه‌كی به‌تاڵ ده‌كرێته‌وه‌، تابی Fields یش چالاك ده‌بێت:





## ناوی خشته


## The Table Name

دووای ئه‌وه‌ی خشته‌كه‌ دروست بوو پێویسته‌ خه‌زنی بكه‌ین و، ناوه‌كه‌شی بگۆڕین بۆ ناوێك كه‌ له‌گه‌ڵ ناوه‌رۆكی خشته‌كه‌دا بگونجێت، به‌به‌كارهێنانی یه‌كێك له‌م رێگایانه‌:

یه‌كه‌م:كلیك كردن له‌سه‌ر فایل File و پاشان كلیك كردن له‌سه‌ر Save و به‌مه‌ش په‌نجه‌ره‌یه‌ك ده‌كرێته‌وه‌ تیایدا ناوێك بۆ خشته‌كه‌ بنووسه‌ و كلیك له‌سه‌ر Ok بكه‌:



دووەم: كلیك لەسەر ناوی خشتەكە و پاشان كلیك لەسەر Save :





سێهەم: دەتوانین Ctrl+S یش بەكاربهێنین، كە سەرەتا پەنجە دەنێین بە دووگمەی Ctrl دا و پاشان بێئەوەی پەنجە لابەین پەنجەیەكی تر دەنێین بە پیتی S دا و، بەمەش ئەم پەنجەرەیەی خوارەوە دەكرێتەوە ناوێك بۆ خشتەكە بنووسە و كلیك لەسەر Ok بكە:




## خشتە لە Navigation Paneدا
## The Table in Navigation Pane


چەند خشتە لەو بنكەی زانیارییانەیەی دروستمان كردووە ، هەبێت لەم بەشەدا پیشان دەدرێت و یەك بە دووای یەكدا دادەنرێت:




## کردنەوەی خشتە
## Opening Table

بۆ کردنەوەی خشتەکان دەتوانین چەند ڕێگە و شێوازێك بەکاربهێنین:

یەکەم: دووانە کلیك Double Click لەسەر ناوی خشتەکە دەکەین و بەمەش خشتەکە دەکرێتەوە:





دووەم: کلیکی ڕاست لەسەر ناوی خشتەکە بکە و پاشان کلیك لەسەر Open بکە:




## داخستنی خشتە
## Closing Table

بۆ داخستنەوەی ئەو خشتانەی کردمانەوە ، یەکێك لە شێوازەکانی داخستنەوە close بەکاردەهێنین:

یەکەم: کلیك لەسەر دووگمەی داخستن Close دەکەین، کە دەکەوێتە لای ڕاستی تابەکان:




دووەم: پەنجە بنێ بە دووگمە کلیلەکانی Ctrl+Shift+F4 دا، لەسەر ڕووی تەختەکلیلەکە Keyboardدا.


## ناونانەوەی خشتە

## Renaming Table

بۆ ناونانەوەو گۆڕینی ناوی خشتەکان، پێویستە کلیکی ڕاست لەسەر ناوی خشتەکە بکرێت و، پاشان کلیك لەسەر Rename:




پاشان نووسینی ناوە نوێیەکە بەهۆی دووگمەکانی سەر ڕووی تەختە کلیلەکەوە:





تێبینی: پێویستە خشتەکە داخرابێت Close بۆ ئەوەی بتوانین ناوەکەی بگۆڕین Rename.

## هەڵبژاردن و دیاری کردنی خشتە


## Selecting Table

بۆ دیاری کردن و هەڵبژاردنی هەموو خشتەکە کلیك لەسەر ئەم هێمایە بکە:



| ID | Name | Price/one | Product Date | Click to Add |
|---|---|---|---|---|
| 1 | tea | 4$ | 1-5-2010 | |
| 2 | Zeyt | 7$ | 1-4-2010 | |
| 3 | chips | 0.50$ | 1-3-2011 | |
| 4 | lemon | 1.5$ | 1-2-2011 | |
| 5 | Potatos | 1.2$ | | |
| 6 | Tomatos | 1.0$ | | |
| 7 | Bskuit | 0.6$ | 1-1-2011 | |


بۆ دیاری کردن و هەڵبژاردنی هەموو خشتەکە، دەتوانرێت Ctrl+A بەکاربهێنرێت.





## سڕینەوەی خشتە
## Deleting Table

سڕینەوەی خشتەکانیش بەهۆی یەکێك لەم ڕێگایانەی خوارەوە دەبێت:

یەکەم: کلیك لەسەر ناوی خشتەکە بکە و ، پاشان پەنجەبنێ بە دووگمەی (سڕینەوە – Delete) لە سەر ڕووی تەختە کلیلەکە Keyboard:





پاشان ئەم پەنجەرەیە دەکرێتەوە، ئەگەر بەدڵنیاییەوە دەتەوێت بیسڕیتەوە کلیك لەسەر (بەڵێ – Yes)بکە:



تێبینی: ئەگەر خشتەکەکرابێتەوە Open، ئەوا ناتوانین بیسڕینەوە، بۆیە پێویستە لە پێشدا دیبخەین Closed ، پاشان بیسڕینەوە.

دووەم: لەناو Navigation Paneدا، کلیکی ڕاست لەسەر ناوی خشتەکە بکە و پاشان کلیك لەسەر (سڕینەوە – Delete)بکە:





پاشان ئەم پەنجەرەیە دەکرێتەوە، ئەگەر بەدڵنیاییەوە دەتەوێت بیسڕیتەوە کلیك لەسەر (بەڵێ – Yes)بکە:





تێبینی: ئەگەر خشتەکەکرابێتەوە Open، ئەوا ناتوانین بیسڕینەوە، بۆیە پێویستە لە پێشدا دیبخەین Closed ، پاشان بیسڕینەوە.

سێهەم: کلیك لە سەرناوی خشتەکە بکە لە Navigation Paneدا:



له ڕاییۆندا کلیك لەسەر Home بکە و ، دوواتر کلیك لەسەر دووگمەی (سڕینەوە – Delete) بکە لەبەشی (تۆمارەکاندا –Record Sections )دا:




پاشان ئەم پەنجەرەیە دەکرێتەوە، ئەگەر بەدڵنیاییەوە دەتەوێت بیسڕیتەوە کلیك لەسەر (بەڵێ – Yes)بکە:




تێبینی: ئەگەر خشتەکەکرابێتەوە Open، ئەوا ناتوانین بیسڕینەوە، بۆیە پێویستە لە پێشدا دیبخەین Closed ، پاشان بیسڕینەوە.

## ستونەکانی خشتەکان لە Data Sheet View دا
## Tables Columns in Data Sheet View

ستونی خشتەکانیش وەکو هەربەشێکی تر ، سەرەتا دروست دەکرێن و، دوواتر گۆڕانکارییان تێدا دەکرێت و، بە گوێرەی پێویست زیاد و کەم دەکرێت و، دەشاردرێتەوە و کرداری تری بەسەردا جێبەجێدەکرێت.

## دروستکردنی ستوون
## Creating a Column


بەبێ دروستکردنی ستوون ناتوانین خشتەکان جێبهێڵین و خەزنیان بکەین، بەڵکو پێویستە بەگوێرەی پێویستی خشتەو بنکەی زانیارییەکە ستونەکان دروست بکەین، بۆیە هەرخشتەیەك دەبێت لانی کەم یەك

ستوونی هــەبێت، و بەرنامــەی مایکرۆســۆفت ئەکسێس هەمیــشە ســتوونێك دروســت دەکــات لەگــەڵ دروستکردنی هەر خشتەیەکدا.


## بەکارهێنانی ستونەکان
## Using a Field

لەبەرنامــەی مایکرۆســۆفت ئەکسێس 2010 دا،بەئاســانی دەتــوانین نمونــەی Sample ســتونەکان بەکاربهێنین و، بەئاسانی ستوون دروست بکەین و جۆری زانیاری ناو ستونەکەش دیاری بکەین و، پاشــان ناوێك بۆ ستونەکە هەڵبژێرین.


دووای ئەوەی خشتەکەمان دروستکرد بەشی Field لە نــاو رایبــۆن دا چــالاك دەبێــت و دەردەکــەوێت، کەبەهۆیــەوە زۆر کــاری گــرنگ بەئــەنجام دەگــات و، گــرنگترین کردارەکــانیش زیــادکردن Add و سڕینەوەRemoveـــــە.





بەهۆی بەشی Add & Remove ی Field وە جۆری زانیاری Data Type ئــەو ســتوونە نوێیــە دیاری دەکەین، کە دەمانەوێت دروستی بکەین، کە ئایا ئەو ستوونە تەنها تایبەتــە بــە نووســین (دەق) ، ئەوکاتەکلیك لەسەر Text دەکــەین و هەڵیدەبــژێرین، وەئەگــەر تایبــەت بــوو بــە دراو (پــارە) ئــەوا Currency هەڵدەبژێرین و دیاری دەکەین و، بەو شێوەیە:



دووای ئەوەی کیلیکمان لەسەر Text کـرد،دەبینین سـتوونێك Column زیـادبوو کـە تایبەتـە بـە زانیاری جۆری نووسین (دەق) Text:




دەتوانین لەگەڵ دروستکردنی ستونەکە و دیاری کردنی جۆری زانیارییەکەیـدا، نـاوێکیش بـۆ سـتونەکە بنووسین، یان دوواتر ناوەکەی بگۆڕین، وەکو لە بابەتی (ناوی سـتونەکان Naming a Column)دا، باسمان کردووە:





## ناوی ستونەکان
## Naming a Column

بۆ ناونانی ستوتەکان دەتوانین یەکێك لە ڕێگاکانی ناونان جێبەجێبکەین، بەم شێوەیە:


یەکەم: دووانە کلیك Double Click لەسەر سەرەی ستونەکان Field Header بکە:





پاشان بەهۆی دووگمەکانی تەختەکلیلەکەوە Keyboard ناوێك بۆ ستونەکە بنووسە:



دووەم: کلیکی ڕاست لەسەرناوی ستونەکە بکە و پاشان کلیك لەسەر Rename Field بکە:





پاشان بەهۆی دووگمەکانی تەختەکلیلەکەوە Keyboard ناوێك بۆ ستونەکە بنووسە:





یان دەتوانین بە ڕێگەیەکی دیکە (جۆری زانیاری – Data Type) دیاری بکەین، ئەویش بە کلیك کردن (یان کلیکی ڕاست) لەسەر سەهەمەبچوکەکەی (سەرە – Header) ی ستونەنوێیەکان :





بەمەش لیستێك دەکرێتەوە دەتەوێت (جۆری زانیاری Data Type) ی ئەم ستونە چ جۆرێك بێت کلیکی لەسەر بکە:



پاشان بەهۆی دووگمەکانی تەختەکلیلەکەوە Keyboard ناوێك بۆ ستونەکە بنووسە:





دەتوانین (جۆری زانیاری – Data Type) زیاتر بەکاربهێنین، ئەویش بە هەڵبژاردن و کلیك کردن لەسەر (ستوونی زیاتر – More Field) لەتابی (ستوون – Field) ی (رایبۆن – Ribbon)دا:




## دیاری کردن و هەڵبژاردنی ستوون
## Selecting a Column

ستوونەکان هەڵدەبژێرین و دیارییان دەکەین، بەوەی سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر ناوی ستوونەکە، واتە (سەرە – Header) و ، دەبینین شێوەی سەهمی ماوسەکە گۆڕاوە، بە کلیك کردنێك، ئەستونە سەلێکت دەبێت:





پانی ستوونەکان

## Width of a Column


بەگوێرەی ئەوزانیارییانەی داغڵی دەکەین، پانی هەر ستوونێك جیاواز دەبێت، بۆیە پێویستە بتوانین پـانی ستوونەکان بگۆڕین و گەورەیان بکەین ، یان بچوکیان بکەینەوە.

ئەم کارەش بەچەند ڕێگا و شێوازێك دەکرێت:


یەکەم:سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر لێواری ئەو ستونەی دەتەوێت پانییەکەی بگۆڕیت، و دەبینیت شـێوەی سەهمی ماوسەکە دەگۆڕێت،وەکو لە وێنەکەدا دیارە، پاشان بەهۆی ڕاکێشانی لێوارەکەوە گەورەی دەکەین، یان بچوکی دەکەینەوە.





یان





دووەم: کلیکی ڕاست لەسەر ناوی ستوونەکە دەکەین و، پاشان کلیك لەسەر Field Width دەکەین:



لە پەنجەرەیەكدا، پانی ستوونەكەمان بۆ دیاری دەكرێت:




ئەگەر ویستمان ستوونەكە گەورە بكەین، ئەوا ئەو پانییەی لە وێنەكەی سەرەوەدا دراوە زیادی دەكەین و، ئەگەر ویستمان بچوكی بكەینەوە، ئەوا پانی ستوونەكە كەمدەكەینەوە ،كلیك لەسەر Ok دەكەین:




پانی ستونەكەمان لە 10.875 وە گۆڕی بۆ 14 :

| Price/one |
|---|
| 4$ |
| 7$ |
| 0.50$ |
| 1.5$ |
| 1.2$ |
| 1.0$ |
| 0.6$ |
| 0.4$ |
| 0.5$ |
| 0.3$ |
| 0.5$ |

## جوڵاندن و گواستنەوەی ستوون
## Moving a Column

كليك لەسەر ئەو ناوی ستونە بكە، كەدەتەوێت بیگوێزیتەوەوە ، پاشان سەهمی ماوسەكە لەسەر ناوی ستونەكە دابنێ و پەنجە لە سەر دووگمەی چەپی ماوسەكە دابگرە و ستونەكە بەرەو لای ڕاست، یان لای چەپ بجولێنە و بیگوێزەرەوە بە پێی پێویستی كارەكەت، بڕوانە وێنەكان:

| ID | Name | ExP_Date | Product Date | Price/one |
|---|---|---|---|---|
| 1 | tea | | 1-5-2010 | 4$ |
| 2 | Zeyt | | 1-4-2010 | 7$ |
| 3 | chips | | 1-3-2011 | 0.50$ |
| 4 | lemon | | 1-2-2011 | 1.5$ |
| 5 | Potatos | | | 1.2$ |

كاتی گواستنەوە

| ID | Name | ExP_Date | Product Date | Price/one |
|---|---|---|---|---|
| 1 | tea | | 1-5-2010 | 4$ |
| 2 | Zeyt | | [illegible] | [illegible] |
| 3 | chips | | 1-3-2011 | 0.50$ |
| 4 | lemon | | 1-2-2011 | 1.5$ |
| 5 | Potatos | | | 1.2$ |

دوای گواستنەوە

| ID | Price/one | Name | ExP_Date | Product Date |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 4$ | tea | | 1-5-2010 |
| 2 | 7$ | Zeyt | | 1-4-2010 |
| 3 | 0.50$ | chips | | 1-3-2011 |
| 4 | 1.5$ | lemon | | 1-2-2011 |

## زیاد كردنی ستوون
## Inserting Column


مەبەست لە زیادكردنی ستوون، دانانی ستونێكی نوێیە لە نێوان دوو ستووندا، ئەویش بە كلیكی ڕاست كردن لەسەر ناوی ئەو ستونەی كە دەمانەوێت ستونێك لەتەنیشتییەوە زیاد بكەین و، پاشان كلیك كردن لەسەر Insert Field، بڕوانە وێنەكان:

پێش زیاد كردنی ستوون


SuperMarket

| ID | Name | Price/one |
|---|---|---|
| 1 | tea | 4$ |
| 2 | Zeyt | 7$ |
| 3 | chips | 0.50$ |
| 4 | lemon | 1.5$ |

### کاتی زیادکردنی ستوون




### دووای زیاد کردنی ستوون




## گۆڕینی ناو و ناونانەوەی ستونەکان

## Renaming a Column


دەتوانین ناوی ستونەکان بگۆڕین و، ناوێکی تر بخەینە شوێن ناوەکەی پێشتر، بەم شێوەیە:

یەکەم: دوانە کلیك لەسەر ناوی ستونەکە بکە و، پاشان ناوە نوێیەکە بنووسە:

### پێش گۆڕین





### کاتی گۆڕین




### دوای گۆڕین




دووەم: كلیكی ڕاست لەسەر ناوی ستونەكە بكە و پاشان كلیك لەسەر Rename Field بكە و،
دوواتر  ناوە نوێیەكە بنووسە:





## شاردنەوەی ستوون و هێناوە بۆ شوێنی خۆی
## Hide/Unhide Column

ئەگەر بمانەوێت ستونێك یان چەند ستونێك بـشارینەوە، ئـەوا سـتونەكان دیـاری دەكـەین(سـەلێكت – Select) و پاشان كلیكی ڕاست لەسەر ناوی سـتونەكان دەكـەین و، دوواتـر كلیـك لەسـەر Hide Fields دەكەین و، بەمەش هەموو ستونە دیاری كراوەكان دیارنامێنن و دەشاردرێنەوە:





دوای شاردنەوە خشتەكە بەم شێوەیەی لێدێت




| ID | Name | ExP_Date | Product Date |
|---|---|---|---|
| 1 | tea | | 1-5-2010 |
| 2 | Zeyt | | 1-4-2010 |
| 3 | chips | | 1-3-2011 |
| 4 | lemon | | 1-2-2011 |
| 5 | Potatos | | |
| 6 | Tomatos | | |
| 7 | Bskuit | | 1-1-2011 |
| 8 | Kinder | | 18-1-2010 |


ئێستا بۆ هێنانەوەی ستونە شاراوەکان کلیکی ڕاست لەسەر ناوی ستونێك بکـە و، پاشـان کلیـك لەسـەر Unhide Fields بکە :




پاشان دەبینین ئەم شێوەیە دەکرێتەوە، هەر چوارگۆشەیەکی بچوکی بەردەم هەر ستونێك نیشانی ڕاستی لێدرابێت مانای وایەهەیە لەناو ختەکە دا و، دیار و بەرچاوە نەشاردراوەتەوە، بـە پێچەوانەشەوە مانـای وایە شاردراوەتەوە:




پێویستە کلیك لەناو چوار گۆشە بچوکەکەی بەردەم هەردوو ستونە شاراوەکە بکەین و بەمەش نیشانی ڕاست (سەح) لەبەردەم ئەو دوو ستونەشدا دروست دەبێت و ستونەکانیش دێتەوە شوێنی خۆی:





## لەبەر گرتنەوەو دانانەوەی ستوون


## Copy/ Paste

1-کلیکی ڕاست لەسەر ئەو ستونە بکە کەدەتەوێت لەبەری بگریتەوە.


2-کلیك لەسەر Copy بکە:




3-سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر ناوی ئەو ستونەی دەتەوێت، تیایدا دایبنێیتەوە، کلیکی ڕاستی لەسەر بکە و، پاشان کلیك لەسەر دووگمەی Paste بکە:




4-ئەم ڕووکارە دەکرێتەوە و لێت دەپرسێت کە (ئایا دڵنیایت دەتەوێ ئەم تۆمارانە دابنێیتەوە ؟)، بێگومان دەمانەوێ دایبنێینەوە بۆیە کلیك لەسەر Yes دەکەین.





بێگومان کرداری بڕین و دانانەوەش بەو هەنگاوانە جێبەجێدەبێت، تەنها ئەوەندە دەگۆڕێت کە کلیك لەسەر دووگمەی بڕین Cut دەکەین، لە جیاتی کۆپی Copy.


## سڕینەوەی ستوون
## Deleting a Column

بۆ لابردن و سڕینەوەی ستوون لە خشتەدا:


1. کلیکی ڕاست لەسەر ناوی ستونەکە و پاشان کلیك لەسەر Delete Field دەکەین:




2. چەند ستونێك دیاری دەکەین و هەڵیدەبژێرین (Selected) و پاشان کلیکی ڕاست دەکەین و، دوای ئەوە کلیك لەسەر Delete Field دەکەین:



3. ستونێك یان چەند ستونێك دیاری دەكەین (Select) و پاشان لە ڕایبۆن Ribbon دا، كلیك لەسەر تابی Field دەكەین و، دوواتر لەبەشی Add & Delete دا، كلیك لەسەر دووگمەی سڕینەوە Delete دەكەین:







## تۆمارەكان
## Records

تۆمارەكان بریتین لە ڕیزەخانەی ئاسۆیی و، پێشیان دەوترێت Tuple یان Rows، و وەكو ستوونەكان چەند فرمان و كردارێكیان بەسەردا جێبەجێدەبێت و، بەكورتی و بە نمونە و وێنەوە باسیان دەكەین.

## داغڵكردنی زانیاری بۆ ناو خشتەكە
## Data Entry on a Table


دوای ئەوەی خشتەمان دروست كرد ، دەست دەكەین بە داغڵكردنی زانیاری ئەویش بە كلیك كردن لەناو خانەی یەكەم و نووسینی زانیارییەكە و، پاشان چونە ناو خانەی تەنیشت و نووسینی زانیارییەكەی تر و بەم شێوەیە:



| ID | Name | Address | Phone_Number | Click to Add |
|---|---|---|---|---|
| 1 | Hemn Kerim | Slemany | 07701515582 | |
| 2 | Ahmed Kerim | Slemany | 0770 | |
| 3 | Shanya Ahmed | Hewler | 0750 | |
| 4 | Shano Ahmed | Kerkwk | 0770 | |
| 5 | Omer Kerim | Slemany | 0770 | |
| 6 | Savo Bextyar | Slemany | 0770 | |
| 7 | Newshyrwan Ah | Slemany | 0770 | |
| (New) | | | | |

## دیاری کردن و هەڵبژاردنی تۆمار
## Selecting a Record


یەکەم: سەهمی ماوسەکە ببەرە سەر سەرەتای تۆمارەکە و بەمەش شێوەی سەهمی ماوسەکە دەگۆڕێت و، کلیك بکە و دەبینیت تۆمارەکە (هەڵبژێردراوەو دیاری کراوە Select):



| ID | Name | Address | Phone_Number |
|---|---|---|---|
| 1 | Hemn Kerim | Slemany | 07701515582 |
| 2 | Ahmed Kerim | Slemany | 0770 |
| 3 | Shanya Ahmed | Hewler | 0750 |
| 4 | Shano Ahmed | Kerkwk | 0770 |
| 5 | Omer Kerim | Slemany | 0770 |
| 6 | Savo Bextyar | Slemany | 0770 |
| 7 | Newshyrwan Ah | Slemany | 0770 |

بۆ دیاری کردنی کۆمەڵە تۆمارێك هەمان شێوە بەکاردەهێنین، بەڵام کە کلیکمان کرد پەنجە لەسەر دووگمەی کلیك لانابەین و، بەرەو خوار یان بەرەو سەرەوە دەیجوڵێنین و تادیاری کردنی ئەو تۆمارانەی دەمانەوێت دەست لانابەین.


دووەم: کلیك لەسەر (ماڵەوە – Home) بکە لە (ڕایبۆن – Ribbon)دا و، پاشان لەبەشی (دۆزینەوە – Find)دا، کلیك لە دووگمەی (هەڵبژاردن – Select) و پاشان کلیك لە هەڵبژاردن Select بکە:



سێهەم: ئەگەر بمانەوێت هەموو تۆمارەکان دیاری بکەین (سەلێکت) ئەوا بەهەمان شێوەی دیاری کردنی هەموو خشتەکە ئەنجامی دەدەین، یان:


1-بەکارهێنانی دووگمەکانی Ctrl+A لەسەر ڕووی تەختەکلیل Keyboard.

2- کلیك لەسەر (ماڵەوە – Home) بکە لە (ڕاپیبۆن – Ribbon)دا و، پاشان لەبەشی (دۆزینەوە – Find)دا، کلیك لە دووگمەی (هەڵبژاردن – Select) و پاشان کلیك لە هەڵبژاردنی هەموو Select All بکە:





# سڕینەوەی تۆمار
# Record Deletion


یەکەم:کلیك لەسەرەتای ئەو تۆمارەبکە کە دەتەوێت بیسڕیتەوە پاشان کلیك لەسەر Delete Record بکە:



ئەم پەیامەت بۆ دەكرێتەوەو ئەگەر دڵنیاییت دەتەوێت بیسڕیتەوە كلیك لەسەر Ok بكە:





دووەم: تۆمارەكە دیاری بكە و پەنجە بنێ بە دووگمەی سڕینەوە Delete لەسەر ڕووی تەختە كلیلەكە Keyboard و پاشان كلیك لەسەر Ok ئەو پەیامە بكە كە دێتە بەردەستت:





## لەبەر گرتنەوەو دانانەوە (لكاندنی) تۆمارەكان

## Copying and Pasting Records

یەكەم: كلیكی ڕاست لەسەرەتای تۆمارەكە بكە و ، پاشان كلیك لەسەر Copy:





لەچی شوێنێكدا دەتەوێت دایبنێیتەوە، كلیك ڕاست لەسەر لێواری سەرەتای تۆمارەكە بكە و پاشان كلیك لەسەر Paste بكە:




تێبینی: لەبەرگرتنەوەو دانانەوە لە هەریەکێك لە Form و Column یشدا، بەهەمان شێوەیە.

## زیادکردنی تۆمارێکی نوێ
## New Record

بۆ زیاد کردنی تۆمارێکی نوێ، کلیك لەسەر تابی Home بکە و، پاشان کلیك لەسەر دووگمەی نوێ New بکە لەناو کۆمەڵەی تۆمارەکان Recordsدا:




یاخوود کلیك لەسەر دووگمەی New (Blank) record بکە، لەناو دووگمەکانی خشتەدا، وەکو لە خشتەکەی پێشەوەشدا باسمان کردبوو:




## پاشەکەوت کردنی تۆمارەکان
## Save Records

1-کلیك لەسەر تابی هۆم Home بکە.


2- لە گروپی تۆمارەکان دا Records کلیك لەسەر دووگمەی پاشەکەوت کردن Save بکە :





## سڕینەوەی تۆمارەکان
## Delete Records

1-کلیك لەسەر تابی هۆم Home بکە.

2-ئەو ڕیزە دیاری بکە، کەدەتەوێ بیسڕیتەوە:



3- له گروپی تۆمارەكان دا Records كليك لەسەر دووگمەی سڕينەوە Delete بكە:





## ڕەنگ كردنی تۆمارەكان
## Color

1-كليك لەسەر تابی هۆم Home بكە.

2-كليك لەسەر سەهمە بچوكەكەی دووگمەی Alternate Row Colorبكە:



3-كليك لەسەر يەكێك لە ڕەنگەكان بكە:




## بەکارهێنانی Gridlines

بۆئەوەی هێڵ بدەین، بە چوار دەوری خانەکان یان تەنها ژێرەوەی خانەکان، یان تەنها هێڵی ستونەکان بکێشین، سوود لەبەشی Gridlines وەردەگرین:

1-كليك لەسەر تابی هۆم Home بکە.

2-لە کۆمەڵەی Text Formattingدا، كليك لەسەر دووگمەی Gridlines بکە و، پاشان بە پێی پێویستی کارەکەت كليك لەسەر یە کێك لە شێوەکان بکە:





وە ئەگەر ویستت لای ببەیتەوە كليك لەسەر Gridlines: None بکە.


## هەڵبژاردنەکانی شێوەو ڕێکخستنی زیاتر Additional Formatting Options

1-كليك لەسەر تابی هۆم Home بکە.

2-كليك لەسەر سەهمە بچوکەکەی Datasheet Formattingبکە:




3-بەشی تایبەت بە Datasheet Formattingدەکرێتەوە:




بەهۆی ئەم ڕووكارەوە دەتوانین زۆر كردار و شێوەو ڕێكخستن ئەنجام بدەین، كە زۆر بەكورتی باسیان دەكەین:

* Cell Effect: بەهۆی ئەم بەشەوە دەتوانین چەند كاریگەرییەك بدەین بە خانەكان، كە سێ جۆر كاریگەریمان هەیە:

-Flat: تەخت: بەكلیك كردن لەناو بازنە بچوكەكەی بەردەمی خانەكان تەخت دەبێت.

-Raised:بەرزكردنەوە: بەكلیك كردن لەناو بازنە بچوكەكەی بەردەمی خانەكان بەرز دەبێت.

- Sunken: نزم كردنەوە: بەكلیك كردن لەناو بازنە بچوكەكەی بەردەمی خانەكان نزم دەبێت.

*Gridlines Shown: بەهۆی ئەم بەشەوە دیاری دەكەین كە هێڵەكانی چوار دەوری خانەكان، تەنها لەباری ستوونی Vertical یان ئاسۆیی Horizontal پیشان بدرێت، ئەویش بەكلیك كردن لەسەر بازنە بچوكەكەی بەردەم یەكێك لەو دووانە.

*بەهۆی بەشەكانی ڕەنگەوە Colorكە سێ بەشە، ڕەنگ بۆ باكگراوەند و، بەدیلی ڕەنگی باكگراوەند و، ڕەنگی Gridlinesدیاری بكە.

*بەهۆی بەشی Border & Line Styleـــــــەوە، شێوەی چوارچێوەو سنوورەكان و ڕەنگەكانیان هەڵبژێرە و دیاری بكە.

*بەهۆی بەشی ئاڕاستەوە Direction ، ئاراست دیاری بکە کە ئایا چەپ بۆ ڕاست Left – to – Rightبێت، یان ڕاست بێت بۆ چەپ Right – to – Left.


## گۆڕینی جۆری زانیاری
## Change Data Type

بۆ گۆڕینی جۆری زانیاری ستونێکی دیاری کراو، ئەم هەنگاوانە جێبەجێبکە:


1-ستونەکە دیاری Select بکە.

2-کلیك لەسەر تابی Field بکە.

3-لەبەشی Formattingدا، کلیك لەسەر سەهمەبچوکەکەی لیستی جۆری زانیاری Data Type بکە ، کە بەهۆیەوە لیستێك لە جۆری زانیاری دەکرێتەوە:




4-دووای کلیك کردن لە جۆرێکی نوێ ی زانیاری ، ئەوا ستونەکە جۆری زانیارییەکەی دەگۆڕێت:



## دیاری کردنی حەجمی ستونەکان


## Field Size

بۆ دیاری کردنی ژمارەی کارەکتەر کەلەخانەی هەر ستوونێکدا، جێگەی بێتەوە، واتە حەجمی ستوون، ئەم هەنگاوانە جێبەجێبکە:

1-کلیك لەسەر ئەو ستونە بکە کەدەتەوێ حەجمەکەی بگۆڕیت.

2-کلیك لەسەر تابی Field بکە.

3-لەکۆمەڵەی Property و لەخانەی Field Sizeدا، حەجمەکە بنووسە:




## دانانی ناونیشان بۆ ستوون


## Name & Caption

ئەگەر ناوی ستوونێك بەوشەیەك نووسرابێت و، بمانەوێ لەکاتی کردنەوەی خشتەکەدا، بە وشەیەکی تر دەربکەوێ، بۆنمونە ناوی ستونەکە بریتییە لە Name، بەڵام ئێمە دەمانەوێ بە (ناو) دەربکەوێ بۆ بەکارهێنەر بۆیە ناونیشانێکی Caption بۆ دادەنێین، بەم شێوەیە:


1-کلیك لەسەر ئەو ستونە بکە کەدەتەوێ ناونیشانی بۆ دابنێیت .

2-کلیك لەسەر تابی Field بکە.

3-لەکۆمەڵەی Property و کلیك لەسەر دووگمەی Name & Caption بکە:




4-بەشی Enter Field Propertiesدەكرێتەوە، كە لە سێ خانە پێك هاتووە، بەم شێوەیە:




-Name: ناوی ئەو ستونەی تێدایە كە دیاری Selectمان كردووە، دەشتوانین بیگۆڕین، بەمەش ناوی ستوونەكە دەگۆڕێت.

-Caption: ناونیشانی ستوونەكەی تێدا دەنووسین و، ئەوەی لێرەدا دەینووسین لەكاتی كردنەوەی خشتەكەدا، بۆ ناوی ئەو ستوونە دەردەكەوێت.

-Description: لێرە دەتوانین هەر وەسف كردنێك یان سەرنج و تیبینی و زانیارییەك بنووسین، كە لەكاتی كرانەوەی خشتەكە و چالاك كردنی ئەو ستونەدا، لەسەر شریتی زانیارییەكان (دۆخ) Satus Bar دەردەكەوێت.




بڕوانە خشتەكە:

| ID | ناو | Address |
|---|---|---|
| 1 | Hemn | Slemany |
| 2 | Savo | slemany |
| 3 | Shano | Slemany |
| (New) | | |


## دانانی نرخی هەمیشەیی
## Default Value

ئەگەر دەتەوێت نرخی هەمیشەیی بۆ ستوونێك دابنێت، كە نرخی هەمیشەیی بریتییە لەو نرخەی لەگەڵ كردنەوەی ڕیزێكی نوێ New Recordدا، خۆی لەخانەی ئەو ستوونەدا ، دەنووسرێت، كە نرخی هەمیشەیمان بۆ داناوە، ئەگەر ویستمان دەیگۆڕین، یاخوود تێپەڕین بەسەری دا و، هەر ئەو نرخەی تیادەبێت، بە جێبەجێكردنی ئەم هەنگاوانە:


1-كليك لەسەر ئەو ستونە بكە كەدەتەوێ ناونیشانی بۆ دابنێێت .

2-كليك لەسەر تابی Field بكە.

3-لەكۆمەڵەی Property و كليك لەسەر دووگمەی Default Value بكە:




4-بەشی Expression Builderدەكرێتەوە، لە دوای هێمای یەكسانەكەوە ئەو نرخە بنووسە كەدەتەوێ ببێتە نرخی هەمیشە یی و، كليك لەسەر Okبكە:



5-بەم کارەی ئەنجامماندا، نرخی هەمیشەیی Default Value بۆ ستوونی ناو Name بریتی دەبێت لە Hemn و خۆی بۆمان دەنووسێت لەکاتی زیادکردنی تۆمارێکی نوێ دا:




Table1

| ID | ناو | Address |
|---|---|---|
| 1 | Hemn | Slemany |
| 2 | Savo | slemany |
| 3 | Shano | Slemany |
| (New) | Hemn | |

**تێبینی:**


**نووسین و دانانی نرخی هەمیشەیی زیاتر بۆئەو ستوونانە سود مەندە کە هەموو زانیاری یەکانی ستونەکە یەك شتە، ئەمەش یارمەتی بەکارهێنەری بنکەی زانیاری دەدات، کە لە خانەکانی ئەو ستوونەدا، هیچ زانیارییەك داغڵ نەکات و، بەسەر ئەو خانەیەدا تێبپەڕێت، بەمەش هەم کاتمان بۆ دەگەڕێتەوە، هەم ڕوودانی هەڵەش کەمتر دەبێت.**

## یاسای چەسپاندن
## Validation Rule

**مەبەست لە یاسایی چەسپاندن، ئەوەیە کە یاسایەك دابنرێت بۆ چەسپاندن و جێگیرکردنی شتێك، بۆنمونە ئەو خانانە تەنها دوو پیت وەربگرێت، یان تەنها دوو ژمارە وەربگرێت و، بەو شێوەیە، بە هۆی ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:**

1-ئەو ستونە دیاری بکە، کەتەوێ یاسایی چەسپاندنی بۆ دابنێیت.


2-کلیك لەسەر تابی فیلد Field بکە.




3-كليك لەسەر دووگمەی Field Validationبكە.

4-كليك لەسەر دووگمەی Validation بكە.

5-كليك لەسەر Field Validation Ruleبكە:




6-بەشی Expression Builder دەكرێتەوە ، تيايدا ئەو ياسای چەساندنە بنووسە كە دەتەوێ جێبەجێ ببێت، بۆ نمونە ئێمە دەمانەوێ لەو ستونەدا، تەنها ناوی سلێمانی و هەولێر داخڵ بكرێت بۆیەدەنووسین "slemany"Or"Hawler" و كليك لەسەر Okدەكەين:




# نامە و پەیامی چەسپاندنی ستوون
# Field Validation Message

دووای ئەوەی یاسایەکی چەسپاندنمان دانا، کەواتە ئەو خانانە تەنها ئەو زانیارییانە قبووڵ دەکات کە لە یاساکەدا هەیە و، ئەگەر زانیارییەکی پێچەوانەی یاسایی چەسپاندن داغڵ کرا دەبێت بەرنامە ئاگاداری نامەیەك بداتە بەکارهێنەر، کە پێی دەوترێت نامە وپەیامی چەساندنی ستوون و، بەجێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانە دەبێت:

1-ئەو ستونە دیاری بکە، کەتەوێ نامە و پەیامی چەسپاندنی بۆ دابنێیت، واتە پێشتر یاسای چەسپاندنت بۆ داناوە.


2-کلیك لەسەر تابی فیلْد Field بکە.





3-کلیك لەسەر دووگمەی Field Validationبکە.

4-کلیك لەسەر دووگمەی Validation بکە.

5-کلیك لەسەر Field Validation Messageبکە:



6-ڕووکاری Enter Validation Message دەکرێتەوە، ئەو نامە و پەیامەی دەتەوێ لەکاتی جێبەجێنەبوونی یاسایی چەسپاندن Validation Ruleدا، دەر بکەوێت تیایدا بینووسە و، کلیك لەسەر Ok بکە:




7-ئەگەر پێچەوانەی یاساکە داغڵ بکەین، ئەوا نامە و پەیامەکە دەر دەکەوێت:




تێبینی: بۆ ڕیزەخانەی ئاسۆیش یاسای چەسپاندن و نامە و پەیامی یاسای چەسپاندن دادەنرێ.

## دروست کردنی خشتە بە Design View

1-بنکەیەکی زانیاری بکەرەوە، یان بنکەیەکی زانیاری نوێ دروست بکە.


2-کلیك لەسەر تابی دروست کردن create بکە.

3-لە کۆمەڵەیی خشتەکاندا، کلیك لەسەر Table Design بکە:




بەڵام ئەگەر خشتەکەت دروست کردووە بە شێوەی Data Sheet View و، دەتەوێ بیکەی بە Design View بۆئەوەی گۆڕانکاری تیابکەیت بەم شێوەیە، ئەوا بە دوو ڕێگە ئەو کارە دەکرێت:

- کلیکی ڕاست لەسەر ناوی خشتەکە بکە لە Navigation Paneدا و، پاشان کلیك لەسەر Design View بکە:





-خشتەكە بكەرەوە، بەمەش چەند دووگمەیەك لای ڕاستی شریتی زانیارییەكان Status Bar چالاك دەبێت و، كلیك لەسەر دووگمەی Design View بكە:







ئێستا خشتەكە لە دیزاین ڤیوودا كراوەتەوە:




## پێكهاتەی Design View

كە دەمانەوێ خشتەیەك بە Design View دروت بكەین، ئەم ڕووكارەی خوارەوەمان بۆ دەكرێتەوە،كە لە 4 بەش پێكهاتووە:




1-ناوی ستوون – Field Name: لێرەدا و یەك بە دووای یەك ناوی ئەو ستونانە دەنووسیت کە خشتەکەت پێکدەهێنن، و واباشترە ناوەکان بە ڕێنووسی پیتە ئیتگلیزییەکان بێت، جا ئینگلیزی بێت، یان لاتینی، یان .......... .


2-جۆری زانیاری – Data Type: لەم بەشەدا و لە بەرامبەر ناوی هەر ستوونێکدا، جۆری زانیاری ستوونەکە دیاری دەکەین، بۆ نمونە ئەگەر ستوونە کە نووسینی تیا بنووسین، جۆری Text هەڵدەبژێرین و، ئەگەر بەرواری تیابنووسین ئەوا Date هەڵدەبژێرین و، بەو شێوەیە.

3-وەسفکردنی ستوون و زانیاری لەبارەیەوە – Description: لەم بەشەدا و، بەرامبەر هەر ستوونێك وەسفێك یان کەمێك زانیاری پێویست دەنووسین کە دوواتر لە سەر شریتی زانیارییەکان Status bar دەردەکەوێت.


4-تایبەتمەندی – Properties:بەهۆی ئەم بەشەوە تایبەتمەندی هەر ستوونێك دیاری دەکەین و، بەهۆیەوە دەست دەگرین بەسەر هەر ستوونێکدا.

## ناونیشانی ستونەکە
## The Caption of Field

لەبەشی تایبەتمەندی دیزاین ڤیوودا، و دووای نووسینی ناوی ستوونێك و، هەبژاردنی جۆری زانیاری دەتوانین ، ناوی ستونەکە بەهۆی بەشی ناونیشانی تایبەتمەندییەوە بگۆڕین بۆ وشەیەکی کوردی یان هەر وشەیەکی تر، واتە لەکاتی پیشاندانی خشتەکە، ئەو وشەیە دەردەکەوێت:




ئێستا خشتەکە، خەزن بکە، و بیکەرەوە و ، بڕوانە خشتەکە:




## جۆرەکانی زانیاری
## Data Type

چەند جۆرێکی زانیاریمان هەیە و، لەم خشتەیەی خوارەوەدا بە کورتی باسیان دەکەین:

| جۆری زانیاری | مەبەستی بەکارهێنان |
|---|---|
| Text | نرخێکی هەمیشەیی Defaultیە، واتە کە ستوون دروست دەکەین خۆی ئەم جۆرەی زانیاری دادەنێت ئەگەر خۆمان نەیگۆڕین و، ئەم جۆرە تایبەتە بە نووسین یان نووسین و ژمارە پێکەوە هەتاوەکو 255 کارەکتەر دەنووسێت. |
| Memo | درێژترە لە جۆری پێشوو Text و بۆ نووسین یان نووسین و ژمارە بەکاردێت و، هەتاوەکو 63999 پیت و هێمای پێدەنووسرێت. |

| | |
|---|---|
| Number | بۆ نووسینی ژمارە بەکاردێت کە کردارە بیرکارییەکانی بەسەردا جێبەجێبکرێت و، دەگونجێت 1،2،4،8 بایت بێت، یاخود 16 بایت. |
| Date/Time | بۆ ئەو ستونانەی کە بەروار و کاتیان تێدا دەنووسرێت، کە 8 بایتە. |
| Currency | بۆ ئەو ستونانەی کە دراو (پارە) یان تێدا دەنووسرێت، کە 8 بایتە. |
| Auto Number | بۆ ئەو ستونانەی کە ژمارەیان تێدا دەنووسرێت، بە شێوەی ڕیز و یەك بەدووا یەك بۆ ئەوەی خۆمان نەینووسین و خۆی بنووسرێت، کە 4 بایتە. |
| Yes/No | بۆ ئەو ستونانەی کە بەڵێ Yes یان نەخێر No یان تێدا دەنووسرێت، ئەمەش بۆ ئەو زانیارییانە یە کە بەیەکێك لەو دووانە وەڵام دەدرێتەوە، و یەك بتە. |
| Ole Object | بۆ ئەو ستونانەی کە تەن Objectیان تێدا دادەنرێت، وەکو شیتەکانی ئێکسڵ، دۆکۆمێنتەکانی مایکرۆسۆفت ۆرد، وێنە، دەنگ و هەندێك جۆری زانیاری تر، کە لینك Link دەکرێت، یان تێکەڵ بە خشتەکان دەکرێت و دەخرێتە ناوی. |
| Hyperlink | بۆ ئەو ستونانەی کە نووسین یان نووسین و ژمارەی تێدا دەنووسرێت، بەڵام گرێی دەدەین Link لەگەڵ زانیاری تردا، وەکو ناونیشانی ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت، یان ............ . |
| Attachment | پاڵپشتی زۆر جۆری فایل دەکات و قبوڵی دەکات و، هاوپێچی دەکەین، وەکو وێنە، شیتەکانی ئێکسڵ، یان ............. . |
| Calculated | بۆ ئەو جۆری زانیارییانەی بڕەکان و کردارەکانی بەسەردا جێبەجێدەکەین و، بەکلیك کردن لەسەری و هەڵبژاردنی Expression Builder دەکرێتەوە. |
| Lookup Wizard | ویزاردێکە بۆ دروست کردنی ئەو لیستانەی بۆ خوارەوە دەکرێنەوە Drop-Down List بەکاردێت بۆ زانیاری دیاری کراو، کە دوواتر زانیارییەکانی ناوستونەکە بە شێوەی لیست دەبێت و دەتوانین بەهۆیەوە نرخ و زانیارییەك هەڵبژێرین بۆهەر یەکێك لە خانەکانی ستونەکە. |

## تایبەتمەندی و خاوەنێتییەکان
## Properties

هەر ستونە و، خاوەنێتی خۆی و، چەند سیفەت و تایبەتمەندی و سنوورێك لە ستونێكی تری جیادەكاتەوە، ئەمەش بەهۆی پڕكردنەوەو هەڵبژاردنی بەشەكانی خاوەنێتییەكانەوە Propertiesیە بۆیە بەكورتی باسیان دەكەین، بەڵام مەرج نییە هەر جۆرێكی زانیاری Data Type هەموو خاوەنێتییەكان Properties ی هەبێت، بەڵام ئێمە گرنگترین بەشەكانی خاوەنێتییەكان و تایبەتمەندییەكان باس دەكەین:

یەكەم: حەجمی ستوون – Field Size:

بەهۆیەوە قەبارەی ستوون و كیلگە Fieldدیاری دەكەین، لەهەردوو جۆری زانیاری Text و Numberدا و، بەهۆیەوە بڕیاردەدەین قەبارەی ستونەكەمان چەندە بۆ گرتنی زانیاری ، كە بەشێوەیەكی گشتی ئەم جۆرانەی قەباری ستوونمان هەیە:

1-بایت Byte: خەزنكردن و هەڵگرتن و پاراستنی ژمارە لە سفر هەتا دووسەدوو پەنجا و پێنج و، حەجمی كۆگا كردنی Storage Size یەك بایتە 1Byte.


2- ژمارەیی دەیی Decimal: خەزنكردن و هەڵگرتن و پاراستنی ژمارە لە 1–10^38– هەتا 10^38–1 بۆ پاشگری (adp.) و 1–10^28– هەتا 1–10^28 بۆ پاشگر و جۆری (.mdb, .accdb)، حەجمی كۆگا كردنی Storage Size دوو بایتە 2 Byte.

3-ژمارەی تەواو Integer: خەزنكردن و هەڵگرتن و پاراستنی ژمارە لە 32,768– بۆ 32,767و، حەجمی كۆگا كردنی Storage Size دوو بایتە 2 Byte.

4-ژمارەی تەواوی گەورە (درێژ) Long Integer: : خەزنكردن و هەڵگرتن و پاراستنی ژمارە لە –2,147,483,648 بۆ 2,147,483,647 و، حەجمی كۆگا كردنی Storage Size چوار بایتە 4 Byte.


5-تاك Single: خەزنكردن و هەڵگرتن و پاراستنی ژمارە لە 3.402823E38– بۆ –1.401298E–45 بۆ نرخە سالبەكان Negative و ، 1.401298E–45 بۆ 3.402823E38 بۆ ژمارەی موجەب Positiveو، حەجمی كۆگا كردنی Storage Size چوار بایتە 4 Byte.

6-جووت Double: خەزنكردن و هەڵگرتن و پاراستنی ژمارە لە –1.79769313486231E308 بۆ 4.94065645841247E–324– بۆ نرخە سالبەكان Negative و ، 4.94065645841247E–324 بۆ 1.79769313486231E308 بۆ ژمارەی موجەب Positiveو، حەجمی كۆگا كردنی Storage Size هەشت بایتە 8 Byte.





دووەم: شێواز و ڕێکخستن – Format:

بۆ دیاری کردنی شێوازی و ڕیکخستنی جۆری زانیاری بەکاردێت و، بە پێی ئەو جۆری زانیارییەی هەڵت بژاردووە، چەند شێوازێك لەم بەشەدا هەیە و، بەگوێرەی پێویستی کارەکەت شێوازێکیان هەڵبژێرە:




سێیەم: ژمارەی خانەکانی دووای فاریزە لە ژمارەی دەیی دا Decimal Place :

ژمارەی ئەو خانانە دیاری دەکەین بەهۆیەوە کە دەکەوێتە لای ڕاستی جیاکەرەوەی ژمارەیی دەییەوە:




چوارەم: قاڵبی نووسین Input Mask:


بەکاردێت بۆ دروست کردنی قاڵبێك بۆ ئەوەی بەکارهێنەر دووبارە نەکاتەوە ، ئەمەش کارئاسانی دەکات و کاتمان بۆ دەگێڕێتەوەو لەهەڵەش دوورمان دەخاتەوە،بەم جۆرە قاڵب بۆ بەروار و کات Date/Time دروست دەکەین:

1-کلیك لەناو خانەی Input Mask بکە.


2-کلیك لەسەر دووگمە بچوکەکەی کۆتایی خانەی Input Maskبکە.





3-ئەم ڕووکارەی خوارەوە دەکرێتەوە،کە ناوی چەند قاڵبێکی ئامادەکراوی تێدایە و، کلیك لەسەر جۆرێکیان بکە و، پاشان کلیك لەسەر Next بکە:




4-ئەم ڕووکاری تر دەکرێتەوەو کلیك لەسەر Next بکە:





4- ئەم ڕووکارەی خوارەوە دەکرێتەوە کلیك لەسەر دووگمەی Finish بکە.




پێنجەم: ناونیشان Caption:

لەم خانەیەدا نووسینێك دەنووسین کە دەبێت بەناونیشانی ستوون و لەکاتی کردنەوەی خشتەکە دا، دەردەکەوێ و، ئەگەر بمانەوێ ناوی ستوونێك بە کوردی دەربکەوێت ئەوا لێرە وشەیەك بە کوردی دەنووسین کە دەبێت بە ناونیشانی ستوونەکە :



شەشەم: نرخی هەمیشەیی Default Value:

ئەم خانەیە بۆ نووسین و دیاری کردنی نرخی هەمیشەیی بەکاردێت، کەلەکاتی دروست کردنی هەر تۆمارێکی نوێ (ڕیز – Row)دا، خۆی دەردەکەوێت و خانەی ژێر ئەو ستونەی پێ پڕدەبێتەوەو، دەگونجێت ئەم نرخە ژمارە بێت یان ناو، یان .......... .

بڕوانە نمونەکە کە نرخە سەرەتایی و هەمیشەیەکە ناوی هێمن-ە:

| | |
|---|---|
| Default Value | ="Hemn" |

حەوتەم: یاسای چەسپاندن (پشکنین) Validation Rule:

بەهۆی ئەم یاسای چەسپندنەوە دەتوانین یاسا و ڕێسایەك بەسەر ستوونێکدا جێبەجێبکەین، کە بەکارهێنەر ناتوانێ لەو یاسایە لابدات و، لێی دەربچێت، بۆ نمونە ئەگەر بمانەوێت نەتوانرێت لە 250000 بچوکتر داغڵ بکرێت و، یەکسنیش بێت بەو نرخە ئاساییە، بۆیە لە خانەی یاسایی چەسپاندندا، دەنووسین گەورەتر و یەکسان بێت بە دوو سەد و پەنجا هەزار و، بەو شێوەیە، دەشتوانین کلیك لەسەر دووگمە بچوکەکەی کۆتای خانەی Validation Ruleبکەین، کەبەهۆیەوە بەشی Expression Builderدەکرێتەوەو، ئەوکاتە بەهۆی ئەم بەشەوە یاساکە بنووسە.

1-کلیك لەناو خانەی Validation Ruleبکە.

2-ڕاستەو خۆ لەناو خانەکەدا یاساکە بنووسە، بۆنمونە ئەگەر دەتەوێ لەخانەکانی ئەو ستونەدا تەنها ناوی سلێمانی داغڵ بکرێت، ئەوا بنووسە "سلێمانی" و بەمەش بەکارهێنەر تەنها دەتوانێ ئەو ناوە داغڵ بکات.


یان کلیك لەناو خانەکەدا بکە و، پاشان کلیك لەسەر دووگمە بچوکەکەی کۆتایی خانەی Validation Rule بکە و، بەهۆی بەش و ڕووکاری Expression Builderکە دەکرێتەوە یاساکە بنووسە:

| | |
|---|---|
| Validation Rule | "سلیمانی" |
| Validation Text | |

هەشتەم:یاسایی چەسپاندن (پشکنین) Validation Text:


ئەگەر ئەو مەرجەی لەناو خانەی یاسای چەسپاندن (پشکنین) Validation Ruleدا، نوسیمان هەڵەبوو لە لایەن بەکارهێنەرەوە، ئەوا پێویستە نووسینێك بێتە بەردەست بەکارهێنەر بۆ ئەوەی بەکارهێنەر هەڵەکەی ڕاست بکاتەوە، بۆ نمونە یاساکەی ئێمە سلێمانی بوو، بۆیە بەکارهێنەر تەنها

دەتوانیِ ناوی سلێمانی داخڵ بکات و، ئەگەر وانە بوو ئەو نووسینە بەردەستی کە ئێمە لێرەدا دەینووسین، ئەویش ئەمەیە :(تکایە تەنها ناوی سلێمانی داخڵ بکە):





نۆهەم: زانیاری پێویست و داواکراو Required:

ئەم تایبەتمەندییە دو هەڵبژاردنی تێدایە، ئەوانیش بەڵێ Yes و نەخێر No، ئەگەر Yes هەڵبژێرین ئەوا ڕێگە بەبەکارهێنەر نادات خانەکانی ئەو ستوونە بە بەتاڵی جێبهێڵێت و دەبێت زانیاری تێدا بنووسێت و پڕی بکاتەوە، بەڵام ئەگەر کلیك لەسەر No بکەین، ئەوا ڕێگە بە بەکارهێنەر دەدات خانەکانی ئەم ستوونە بە بەتاڵیش جێبهێڵێت و هیچی تیانەنووسێت.




دەهەم: ڕێگەدان بە سفر – Allow Zero Length:

بەکاردێت بۆئەوەی خانەی بەتاڵ قبووڵبکات و، لە جۆرەکانی تێکست و Memoدایە.




یانزەهەم: ڕیز بەندی Indexed:

بەکاردێت بۆ دیاری کردنی ڕیزبەندی، کە دوو شێوەی هەیە:

No-1: واتە هیچ ڕیزبەندییەکمان نەبێت و، بەهەڵبژاردنی No ڕیزبەندیمان نابێت.

Yes (duplicates Ok)-2: واتە بەڵێ ڕیزبەندیمان هەبێت و، دوو بارە بوونەوەش ڕێگە پێدراو بێت.

Yes (No Duplicates )-3: ڕیزبەندیمان هەبێت، بەڵام دووبارە بونەوە ڕێگە پێدراو نەبێت.




دووانزەهەم: ناسەرەوەی ستوونە Smart Tag:


بەکاردێت بۆ دیاری کردنی ناسەرەوەی ستوون،کە دەگونجێت ناوێك بێت.

سیانزەهەم: لای نووسین Text Align:

بەکاردێت بۆ ڕێکخستن و دیاری کردنی زانیاری کە لە چ لایەکدا بێت، لای ڕاست Right، یان لای چەپ Left، یان .............. .

## دروست کردنی کلیلی سەرەتایی
## Create Primary Key

1- لە Design Viewدا، کلیك لەناو خانەی ناوی ئەو ستونە بکە کەدەتەوێ بیکەیتە کلیلی سەرەتایی:



2-له تابی دیزاین Designدا، کلیك لەسەر دووگمەی Primary Keyبکە:





## لابردنی کلیلی سەرەتای و گۆڕینی
## Remove Primary Key

سەرەتا خشتەکە بە شێوەی Design View بکەرەوەو، پاشان کلیك لەناو ناوی ئەو خانەیە بکە کە دەتەوێت کلیلی سەرەتاییەکەی لاببەیت و، پاشان لەتابی Designدا، کلیك لەسەر دووگمەی Primary Key بکە:

## ستوونی ژمێردراو
## Calculated Column


یەکی لە جۆری زانیارییەکان کە لە ئەکسێسی 2010دا، زیاد کراوە بریتییە لە جۆری زانیاری ژمێردراو Calculated Data Type کەدەتوانین بەهۆیەوە کردارەکانی (کۆکردنەوە +، لێدەرکردن(کەم) -، لێکدان *، و..........................) ئەنجام بدەین، بەم شێوەیە:

لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەمانەوێ، نرخی هەر دانەیەك لە سێتێك، لێکدانی ژمارەی سێتەکان بکەین:




| ID | Price One | Number of Sets | Click to Add |
|---|---|---|---|
| 1 | 500 | 8 | |
| 2 | 1500 | 5 | |
| 3 | 485 | 45 | |
| (New) | | | |


1-ستوونێکی نوێ دروست دەکەین بۆ ئەوەی ئەنجامی لێکدانی ستوونەکانی تری تیادابنێین، ئەویش بەکلیك کردن لەسەر سەهمە بچوکەکەی ناوی ستونەکە:





2-سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Calculated Field و پاشان سەهمی ماوسەکە ببەرەسەر Number و کلیکی سەربکە، چونکە ئێمە ژمارە لەیەك دەدەین، واتە جۆری زانیاری دوو ستونەکەی تر ژمارەیە:



3-ڕووکاری Expression Builder دەکرێتەوە، تیایدا، چەند بەشێك دەبینیت، لەبەشی Expression Categories دا، دووانە کلیك لە سەرناوی ستوونی یەکەم بکە کە دەتەوێت لێکدانی پێبکەیت، پاشان لەبەشی Expression Elements دا، کلیك لەسەر Operator بکە و، لەبەشی Expression Value دا، دووانە کلیك لەسەر هێمای لێکدان بکە و، جارێکی تر کلیك لەسەر ناوی خشتەکە بکەرەوە لەبەشی Expression Element داو، دوواتر دووانە کلیك لەسەر ناوی ستونەکەی تر بکە ، کەدەتەوێ لێکدانی پێبکەیت، و پاشان لەکۆتای دا کلیك لەسەر Ok بکە:




4-ئێستا سەرنج بدە خشتەکە کردارەکە بە ئەنجام گەیشتووە و ناوێك بۆ ستونەکە بنووسە و، کردارەکە کۆتای هات:





| ID | Price One | Number of Sets | Multiply |
|---|---|---|---|
| 1 | 500 | 8 | 4000 |
| 2 | 1500 | 5 | 7500 |
| 3 | 485 | 45 | 21825 |
| 4 | 145 | 5 | 725 |
| (New) | | | |

تێبینی: بۆ کردارەکانی تری وەك (+،-،/،٪، و ............) بەهەمان شێوەیە و، دەشتوانین هاوکێشەی گەورەتر و ئالۆزتریش دروست بکەین.


# سەرجەمی ڕیزەخانەی ئاسۆیی
# Total Row

1-كليك لەسەر تابی هۆم Homeبكە.

2-لە گرووپی تۆمارەكاندا Records، كليك لەسەر Total بكە:




3-لەڕيزی كۆتای هەرستوونێكدا، بەشی سەرجەم Total زيادبووە، و بەكليك كردن لەسەر سەهمەبچوكەكەی ليستێك دەكرێتەوە كە كۆمەڵك كرداری بيركاری تێدايەو بە پێیٚ پێويست كليك لەسەر يەكيان دەكەين:




لەسەرجەم Totalدا، دەتوانين ئەم كردارانە ئەنجامبدەين:

1-كۆكردنەوە Sum.

2-تێكڕا Average.

3-ژماردنی خانەكان Count.

4-بەرزترين ژمارە Maximum.

5-نزمترين ژمارە Minimum.

6-جياوازی پێوانەی Standard Deviation.


7-گۆڕين و جياوازی Variance.

## حەجمی فۆنت
## Size of Font

1-خشتەكە بكەرەوە.

2-كليك لەسەر تابی هۆم Home بكە.

3-لە كۆمەڵەی Text Formatting دا، كليك لەسەر سەهمە بچوكەكەی حەجمی فۆنت Font Size بكە و، پاشان كليك لەسەر حەجمێك بكە:




## ستايلی فۆنت
## The Style of Font

1-خشتەكە بكەرەوە.

2-كليك لەسەر تابی هۆم Home بكە.

3-لە كۆمەڵەی Text Formatting دا، كليك لەسەر يەكێك لەمانە بكە، يان دووانيان، يان هەرسێكيان، بە پێی پێويستی كارەكەت:




تۆخ كردن – Bold: بۆ تۆخ كردنی نووسينی ناوخشتەكە بەكاردێت:



لار كردنەوە – Italic: بۆ لاركردنەوەی نووسينەكانی ناو خشتەكە بەكاردێت.



هێڵ بە ژێرا هێنان – Under Line: بۆ هێڵهێنان بە ژێرنووسيندا، بەكاردێت.




## ڕەنگی فۆنت
## Font Color

1-خشتەکە بکەرەوە.

2-کلیك لەسەر تابی هۆم Home بکە.

3-لە کۆمەڵەی Text Formatting دا، کلیك لەسەر سەهمە بچوکەکەی ڕەنگی فۆنت Font Color بکە و، پاشان کلیك لەسەر ڕەنگێك بکە:

4-بۆپیێدان و وەرگرتنی ڕەنگی زیاتر کلیك لەسەر More Color بکە.





## ڕەنگی پشتەوەی خانەکان
## Background Color

1-خشتەکە بکەرەوە.

2-کلیك لەسەر تابی هۆم Home بکە.

3-لە کۆمەڵەی Text Formatting دا، کلیك لەسەر سەهمە بچوکەکەی ڕەنگی پشتەوە Background Color بکە و، پاشان کلیك لەسەر ڕەنگێك بکە:




## لاكانى نووسين
## Text Alignments


1-خشتەكە بكەرەوە.

2-كليك لەسەر تابى هۆم Home بكە.


3-لە كۆمەڵەى Text Formatting دا، كليك لەسەر يەكێك لەمانە بكە ، بە پێى پێويستى كارەكەت:



Align Text Left– بە كليك كردن لەسەرى نووسينەكانى ناوخانەكان دەچنە لاى چەپى خانەكان.



Center- بە كليك كردن لەسەرى نووسينەكانى ناوخانەكان دەچنە ناوەڕاستى خانەكان.




Align Text Right- بە كليك كردن لەسەرى نووسينەكانى ناوخانەكان دەچنە لاى ڕاستى خانەكان.

## ڕيزكردنى تۆمارەكان
## Sorting Rows

1-ئەو ستونە ديارى بكە، كە دەتەوێ ڕيزكردنەكە ئەنجام بدەيت بە پێى ئەو ستونە.

2-كليك لەسەر تابى هۆم Homeبكە و، گروپى Sort & Filter بەكاربهێنە.




3-كليك لەسەر دووگمەى Ascending بكە، بۆئەوەى لە بچوك بۆ گەورە (يان لە ئەى بۆ زێت) ڕيزكردن بە ئەنجام بگات,

4-بەلاَم بۆ ئەوەى لە گەورە بۆ بچووك (زێت بۆ ئەى ) ڕيزكردن بە ئەنجام بگات، كليك لەسەر دووگمەى Descendingبكە.


5- بۆ لابردنی ئەو ڕیزکردنەی ئەنجامان دا، کلیك لەسەر دووگمەی Remove Sortبکە:




6- لەکۆتایدا، کلیك لەسەر Save بکە، بۆ پاشەکەوت کردن.

## فلتەر کردنی تۆمارەکان
## Filtering Rows

1-کلیك لەسەر سەهمە بچوکەکەی ناونیشانی هەر ستوونێك بکە، کە بەهۆیەوە لیستێك دەکرێتەوە:




2-دەتوانین هەر دوو جۆرەکەی ڕیزکردن ئەنجام بدەین، Sort A to Z و Sort Z to Aبە کلیك کردن لەسەر هەکامێکیان.

3-بەکلیك کردن لەسەر دیاری کردنی هەمووی Select All، ئەوا هەموو زانیارییەکان دیاری دەکرێت و دەردەکەوێت، بە پێچەوانەشەوە لادەچێت.

4-بەکلیك کردن لەسەر هەر یەکێك لە ڕیزەکان، ئەو ڕیزە فلتەر دەکەین، و لای دەبەین و داشی دەنێینەوە.


5-بەهۆی بەشی Text Filtersـــــەوە، دەتوانیت چەند جۆر و شێوەیەکی فلتەر کردن ئەنجام بدەین.

## دۆزینەوەی زانیاری
## Finding Data

بۆ دۆزینەوە نرخێك لە خشتە یان فۆڕم دا، كلیك لەسەر دووگمەی گەڕان Find Button دەكەین، یان Ctrl+f بەكاردەهێنین:



ئەم شێوەیەی خوارەوە دەكرێتەوە ، لەبەشی Find What دا، ئەو زانیارییە بنووسە و لەبەشی Look In دیاری بكە كە لە چ بەشێكدا گەڕانەكە بە ئەنجام بگات و ، لە بەشی Match دا، شوێنی بەراورد كردنەكە دیاری دەكرێت و، لەبەشی Search یش ئاراستەی گەڕانەكە دیاری دەكرێت،كەئایا هەمووی All بێت، یان بەئاراستەی سەرەوە Up، یان بۆ خوارەوەDown.





دوواتر كلیك لەسەر Find Next دەكرێت، بۆ گەڕان بە پێی ئەو زانیارییانەی نووسیومانە لە دایەلۆگ بۆكسی گەڕان.

## لەجیاتی دانانی زانیاری
## Replacing Data

ئەگەر بمانەوێت زانیارییەك بدۆزینەوەو، زانیارییەكی تری بخەینە شوێن ئەواكلیك لەسەر دووگمەی Replace دەكەین:



ئەم شێوەیەی خوارەوە دەكرێتەوە، لەبەشی Find Whatدا، ئەو وشە یان زاراوەیە دەنووسین كە دەمانەوێت بیگۆڕین و، لەبەشی Replace Withدا، ئەوەی دەمانەوێت بیخەینە شوێن كۆنەكە دەینووسین، لە Look In دا، دیاری دەكەین كە لەچ شوێنێكدا بگەڕێت و، لە Matchیشدا، چۆنیەتی بەراوردەكە، لە Search یشدا شێوەی گەڕانەكە، و لە ئەنجامدا كلیك لەسەر Find Next دەكەین و پاشان كلیك لەسەر Replace دەكەین و، ئەگەر بمانەوێت هەموو ئەو وشە و زاراوانە بگۆڕین بە وشە نوێیەكە، كەلەیەك دەچن و وەك یەك وان، ئەوا كلیك لەسەر Replace All دەكەین:




## چاوەڕوانی ئەم بەرهەمانە بن

1. فۆتۆشۆپ سی ئێس پێنج.
2. فلاش سی ئێس پێنج.
3. پی ئێچ پی.
4. ئەی ئێس پی دۆت نێت.
5. وای فای.
6. وای ماكس.
7. بینچینەكانی بەرنامە سازی بەزمانی جاڤا.
8. بەرنامە سازی جاڤا.
9. مایكرۆسۆفت ڤیژوەڵ ستۆدیۆ 2010.
10. دریموێڤەر سی ئێس پێنج.


ئەم بابەتانە لە كۆرسی تایبەتیش دا، بۆ شاری سلێمانی دەوترێتەوە، بۆ زانیاری زیاتر:

hemnymela@yahoo.com - 07701515582

## چاپکردنی تۆمارەکان
## Printing a Record


یەکەم: چاپکردنی خشتەکان – Printing Tables:

کلیك لەسەر File دەکەین و، پاشان سەهمی ماوسەکە دەبەینە سەر بەشی چاپکردن Print و کلیکی لەسەر دەکەین:





ئیستا دەبێت یەکێك لەبەشەکانی چاپ Print هەڵبژێرین و کلیکی لەسەر بکەین، کەلە 3 بەش پێکهاتووە:

1-Quick Print:بەکلیك کردن لەسەر ئەم دووگمەیە فایلەکە دەنێردرێت بۆ ئەو چاپکەرەی Printer کە چالاکە و کاردەکات و، بەبێ هیچ گۆڕانکارییەك هەموو فایلکە چاپدەکات:




Print-2:بەکلیککردن لەسەر ئەم دووگمەیە ، پەنجەرەی تایبەت بە چاپکردن Print دەکرێتەوە، دەتوانین بەهۆیەوە فایلەکەمان چاپ بکەین ، بەو شێوەیەی کە خۆمان دەمانەوێت:




دەتوانین ئەم هەڵبژاردن و گۆڕانکارییان ئەنجامبدەین، پاشان فایلەکە چاپ بکەین:

※لە Nameدا، ناوی ئەو پرنتەرە (چاپکەر- Printer) هەڵدەبژێرین، کە دەمانەوێت فایلەکەی پێ چاپبکەین.




※لە بەشی Print Rangeدا، یەکێك لەم هەڵبژاردنانە دیاری دەکەین و کلیك لەناو بازنە بچوکەکەی بەردەمی دەکەین:


All-:هەموو فایلەکە چاپ دەبێت.

- Page From To:خۆمان بۆی دیاری دەکەین کە (لە لاپەڕە ...... تا لاپەڕە ......) چاپبکات.

Selected Records-:ئەو تۆمارانە چاپ دەکات کە دیاریمان کردووە.




※لەبەشی Copiesدا، دیاری دەکەین کەچەند دانەمان بۆ چاپ بکات Number Of Copies:



# بەشی پێنجەم

# هێنانە ناوەوە و ناردنە دەرەوەی زانیاری


# Data Import and Export

## هێنانە ناوەوە و ناردنە دەرەوەی زانیاری
## Data Import and Export


دەتوانین لە بەرنامەکانی ترەوە زانیاری بهێنینە ناو بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئەکسێس 2010، بۆ نمونە لەبەرنامەی مایکرۆسۆفت ئێکسڵەوە، یاخود بە پێچەوانەوە لە بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئەکسێسەوە زانیاری ببەینە دەرەوە بەرنامەکە، و بۆ بەرنامەیەکی تری بگوێزینەوە،ئەم کردارانەش زۆر گرنگن و، زۆر جار پێویستمان دەبێت.

## هێنانە ناوەوەی زانیاری
## Data Import


لە رایبۆن دا، کلیك لەسەر تابی زانیاری دەرەکی External Data:




پاشان لەبەشی Import & Link، دا کلیك لەسەر دووگمەی ئێکسڵ دەکەین:




ئەم پەنجەرەیە دەکرێتەوە کلیك لەسەر Browse دەکەین، بۆ دۆزینەوەی فایلە ئێکسڵەکە و، دیاری Select دەکەین و، کلیك لەسەر Okدەکەین:




سێ هەڵبژاردن بۆ بەکارهێنەر دابینکراوە بەگوێرەی پێویستی کارەکە، یەکێکیان هەڵدەبژێرین، کە ئەمانەن:


⁕Import the source data into a new table in the current database: بەکلیك کردن لەناو بازنە بچوکەکەی بەردەم ئەم هەڵبژاردنەدا، زانیارییەکانی ناو فایلی ئێکسڵەکە دەچێتەناو خشتەیەکی تازەوە، بۆ بنکەزانیارییە کراوەکە زیاد دەبێت.

⁕Append a copy of the record to the table: بەکلیك کردن لەناو بازنە بچوکەکەی بەردەم ئەم هەڵبژاردنەدا،زانیارییەکان دەچێتەسەر ئەو خشتەیەی کەخۆمان بۆی دیاری دەکەین و هەڵیدەبژێرین.





⁕Link to the data source by creating a linked table: بەکلیك کردن لەناو بازنە بچوکەکەی بەردەم ئەم هەڵبژاردنەدا، دەتوانین کرداری پێکەوە گرێدان (لینك – Link) ئەنجام بدەین.


كليك لەسەر Next بكە:





كليك لەناو چوار گۆشە بچوكەكەی بەردەم First Row Contains Column Heading بكـە، بۆشەوەی یەكەم ریزە ئاسۆیی فایلە ئێكلّەكە ببێتە ســەرە Header و ناونیــشانی ســتونەكانی خـشتەی بنكەی زانیاریەكە و، پاشان كليك لەسەر Next بكە:




*ئێستا یەك یەك كلیك لەسەر ستونەكان بكە و، ئەگەر جۆری زانیارییەكەیت Data Type پێباش نەبوو بیگۆڕە و ، یاخود ئیندێكسی بۆ دابنێ، و دووای ئەنجامدانی ئەمكارانە كلیك لەسەر Next بكە:





ئەگەر ویستت كلیلی سەرەتایی و بنچینەیی Primary Key دابنێیت، ئەوا ستونێك Column دیاری بكە Select بۆ ئەوەی ببێتە كلیلی سەرەتایی ، ئەگەر نەشت ویست بۆی دابنێیت، ئەوا كلیك لەناو بازنە بچوكەكەی بەردەم No Primary Key بكە و ، پاشان كلیك لەسەر Next بكە:




لەناو لاکێشەکەدا، ناوێك بۆ خشتەکە بنووسە و کلیك لەسەر دووگمەی Finish بکە:





ئەگەر دەتەوێت هەنگاوەکانی هێنانی زانیارییەکە خەزن بکەیت، ئەوا کلیك لەناو چوار گۆشە بچوکەکەی بەردەم Save Import Step بکە و، پاشان کلیك لەسەر Save Import بکە:



بەڵام ئەگەر نەتویست هەنگاوەکان خەزن بکەیت، ئەوا کلیك لەسەر دووگمەی داخستن Close بکە:




ئێستا کردارەکە کۆتای پێهات و فایلە ئێکسڵەکە بووە خشتەیەك لەو بنکەی زانیارییەی کراوەتەوە و چالاکە:





| No Of Book | Book Name | Subject | Writer | Publisher |
|---|---|---|---|---|
| 1 | Kurdish Websit | ICT | Hemn Barznji | Chwar Chra |
| 2 | Photoshop CS5 | Graphics | Hemn Barznji | Chwar Chra |
| 3 | ASP.NET 4.0 Wi | Progeamming | Hemn Barznji | Chwar Chra |
| 4 | ASP.NET 4.0 Wi | Progeamming | Hemn Barznji | Chwar Chra |
| 5 | Visual Basic.Ne | Progeamming | Hemn Barznji | Chwar Chra |
| 6 | Visual C# 2010 | Progeamming | Hemn Barznji | Chwar Chra |
| 7 | Visual C++ 201( | Progeamming | Hemn Barznji | Chwar Chra |
| 8 | Web Design (C | Web Applicatic | Hemn Barznji | Chwar Chra |
| 9 | PHP | Progeamming | Hemn Barznji | Chwar Chra |
| 10 | JAV | Progeamming | Hemn Barznji | Chwar Chra |
| 11 | Computer Net | Comunication | Hemn Barznji | Chwar Chra |
| 12 | JSP | Progeamming | Hemn Barznji | Chwar Chra |


## هێنانە ناوەوەی فایلی نووسین (دەق)

## Importing Text Files


لە رایبۆن دا، کلیك لەسەر تابی زانیاری دەرەکی External Data:




پاشان لەبەشی Import & Link، دا کلیك لەسەر دووگمەی تێکست فایل دەکەین:





ئەم پەنجەرەیە دەکرێتەوەو کلیك لەسەر Browse دەکەین، بۆ دۆزینەوەی فایلە نوسینەکە و، دیاری Select دەکەین و، کلیك لەسەر Ok دەکەین:



سێ هەڵبژاردن بۆ بەکارهێنەر دابینکراوەو بەگوێرەی پێویستی کارەکە، یەکێکیان هەڵدەبژێرین، کە ئەمانەن:


⁕Import the source data into a new table in the current database:بەکلیك کردن لەناو بازنە بچوکەکەی بەردەم ئەم هەڵبژاردنەدا، زانیارییەکانی ناو فایلی ئێکسڵەکە دەچێتەناو خشتەیەکی تازەوەو، بۆ بنکەزانیارییە کراوەکە زیاد دەبێت.

⁕Append a copy of the record to the table: بەکلیك کردن لەناو بازنە بچوکەکەی بەردەم ئەم هەڵبژاردنەدا،زانیارییەکان دەچێتەسەر ئەو خشتەیەی کەخۆمان بۆی دیاری دەکەین و هەڵیدەبژێرین.





⁕Link to the data source by creating a linked table: بەکلیك کردن لەناو بازنە بچوکەکەی بەردەم ئەم هەڵبژاردنەدا، دەتوانین کرداری پێکەوە گرێدان (لینك – Link) ئەنجام بدەین.

کلیك لەسەر Next بکە:




كليك لەناو چوار گۆشە بچوكەكەی بەردەم Delimitedبكە، بۆئەوەی بەهۆی كۆما یان تابەوە یان ..... ستونەكان Column لە یەكجیابكەینەوە، كە پێشتر لەفایلی نووسینەكەدا، بەكارمان هێناوە و، و ناونیشانی ستونەكانی خشتەی بنكەی زانیارییەكە لە دێڕی یەكەمی نووسینەكە پێك دێت و، پاشان كليك لەسەر Next بكە:





بەلاَم ئەگەر دووەم هەڵبژێرین، واتە Fixed Width، ئەوا دەتوانین پانییەكی جێگیر بدەین بە ستوونەكان و لەهنگاوی دوواتر بە كليك كردن لەهەرشوێنێك، كەمانەوێت ستوونێك دروستت دەبێت و، بە دووانە كليك لەسەر هێڵەكە ددەسرێتەوە، و بە هەڵگرتن و گواستنەوەش هێڵەكە دەگوێزینەوە، ئەگەر شوێنەكەمان پێباش نەبوو.


*ئێستا ئەم شێوەیەدەكرێتەوە وكليك لەناو بازنەبچوكەكەی بەردەم یەكێك لەو شێوانە بكە، كە ستونەكانت پێجیاكردۆتەوە لەیەكتری،ئێمە بە فاریزە جیامان كردبۆوە،لەكاتی دروستكردنی فايلی نووسینەكەدا و، پاشان كليك لەناو چوارگۆشە بچوكەكەی بەردەم .... First Row بكە و ، كليك لەسەر Next بكە:





ئەگەر ویستت  جۆری زانیاری هەر ستوونێك بگۆڕیت ئەوا كلیك لەسەر هەر ستوونێك بكە و پاشان لەبەشی (جۆری زانیاری – Data Type)دا، جۆری زانیاری پێویست هەڵبژێرە و، لەبەشی (ئیندێكس – Indexed) دا، ئیندێكس دیاری بكە، هاوكات دەتوانیت ناوی ستوونەكەش بگۆڕیت بەهۆی ئەو بەشەی كەناوی ستوونەكە تێدا نووسراوە ، پاشان كلیك لەسەر Next بكە:




ئەگەر ویستت کلیلی سەرەتایی و بنــچینەیی Primary Key دابنێیــت، ئــەوا ســتونێك Column دیاری بکە Select بۆ ئەوەی ببێتە کلیلی سەرەتایی ، ئەگەر نەشت ویست بۆی دابنێیــت، ئــەوا کلیــك لەناو بازنە بچوکەکەی بەردەم No Primary Key بکە و ، پاشان کلیك لەسەر Next بکە:





لەناو لاکێشەکەدا، ناوێك بۆ خشتەکە بنووسە و کلیك لەسەر دووگمەی Finish بکە:




ئەگەر دەتەوێت هەنگاوەكانی هێنانی زانیارییەكە خەزن بكەیت، ئەوا كلیك لەناو چوار گۆشە بچوكەكەی بەردەم Save Import Step بكە و، پاشان كلیك لەسەر Save Import بكە:




بەڵام ئەگەر نەتویست هەنگاوەكان خەزن بكەیت، ئەوا كلیك لەسەر دووگمەی داخستن Close بكە:




ئێستا کردارەکە کۆتای پێهات و فایلە نووسینەکە بووە خشتەیەك لەو بنکەی زانیارییەی کراوەتەوە و چالاکە:



| | Number | Name | Job | Address | Phone_Num |
|---|---|---|---|---|---|
| | 1 | Hemn | ICT Manager | Slemany | 07701515582 |
| | 2 | Omer | Writer | Slemany | 07701399630 |
| * | | | | | |

## هێنانەناوەوەی فایلی ئێکس ئێم ئێڵ
## XML File Importing


لە راییبۆن دا، کلیك لەسەر تابی زانیاری دەرەکی External Data:




پاشان لەبەشی Import & Link، دا کلیك لەسەر دووگمەی ئیکس ئێم ئێڵ دەکەین:



ئەم پەنجەرەیە دەکرێتەوەو کلیك لەسەر Browse دەکەین، بۆ دۆزینەوەی فایلە ئێکس ئیم ئێلّەکە و، دیاری Select دەکەین و، کلیك لەسەر Okدەکەین:





ئێستا پەنجەرەی تایبەت بە (هێنانە ناوەوەی ئێکس ئیم ئێل – Import XML) کراوەتەوەو ، کلیك لەسەر (خشتەکان – Tables) و ، پاشان کلیك لەسەر یەکێك لە (هەڵبژاردنەکانی هێنانە ناوەوە Import option) بکە، کە سێ هەڵبچاردنە بەم شێوەیە:

⁕Structure Only: تەنها پێکهاتەی خشتەکە.


⁕Structure and Data: پێکهاتەی خشتەکە و هەموو زانیارییەکانی ناویشی.

⁕Append Data to Existing Table(s):خشتەو زانیارییەکانی ناو ئێکس ئیم ئێلّەکە زیاد ببێت بۆ ناو خشتە ، یان خشتەکان، کە چالاکن و کراونەتەوە.


کلیك لەسەر Ok بکە:





ئەگەر دەتەوێت هەنگاوەکانی هێنانی زانیارییەکە خەزن بکەیت، ئەوا کلیك لەناو چوار گۆشە بچوکەکەی بەردەم Save Import Step بکە و، پاشان کلیك لەسەر Save Import بکە:




بەڵام ئەگەر نەتویست هەنگاوەکان خەزن بکەیت، ئەوا کلیك لەسەر دووگمەی داخستن Close بکە:




ئێستا کردارەکە کۆتای پێهات و فایلە ئێکس ئیم ئێڵەکە بووە خشتەیەك لەو بنکەی زانیارییەی کراوەتەوە و چالاکە:


Employees

| EmployeeNı | FirstName | LastName | Title |
|---|---|---|---|
| 1 | Hemn | Kerim | ICT Manager |
| 2 | Omer | Kerim | Designer |
| 3 | Vane | Kerim | Translater |
| 4 | Savo | Bextyar | SE Manger |

## هێنانە ناوەوەی خشتەی HTML
## Importing an HTML File


ئەگەر بەهۆی ئێچ تی ئێم ئێڵەوە خشتەیەکام دروست کردبێت و، بمانەوێت بیهێنینە ناو بەرنامەی (ئەکسێسی 2010)وە، ئەوا دەتوانین بەهۆی (HTML Document)وە ئەم کارەبکەین، یاخود لینکی بکەین.

ئەم خشتەیەمان هەیە کە بە ئێچ تی ئێم ئێڵ دروستمان کردووەو، دەیخەینە ناو بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئەکسێسەوە:


Hemn Barznji's Courses

| Lecture | Month | Total Price |
|---|---|---|
| Microsoft Visual C++ 2010 | $250/Month | **$750 For 3 Month** |
| Microsoft Visual C# 2010 | $200/Month | **$600 For 3 Month** |
| Microsoft Visual F# 2010 | $200/Month | **$600 For 3 Month** |
| Microsoft VisualBasic.NET 2010 | $200/Month | **$600 For 3 Month** |
| Microsoft ASP.NET 4 (2010) | $300/Month | **$900 For 3 Month** |
| Microsoft Visual Studio.NET 2010 | $300/Month | **$900 For 3 Month** |
| Microsoft SQL Server 2010 | $300/Month | **$900 For 3 Month** |
| JAVA Programming | $250/Month | **$750 For 3 Month** |
| Java Server Pages (JSP) | $200/Month | **$600 For 3 Month** |
| Web Design & Developing (CSS, CSS3, HTML, HTML5, XHTML, Photoshop CS5, Flash CS5,Swish ) | $200/Month | **$600 For 3 Month** |
| Database with Microsoft Access 2010 | $200/Month | **$600 For 3 Month** |
| Database with Oracle 11g | $300/Month | **$900 For 3 Month** |
| Computer Networks (Theory) 2010 | $300/Month | **$900 For 3 Month** |
| PHP | $250/Month | **$750 For 3 Month** |
| Structured Query Language (SQL) | $200/Month | **$600 For 3 Month** |
| XML | $150/Month | **$300 For 2 Month** |
| Microsoft Access 2010 | $200/Month | **$600 For 3 Month** |
| Microsoft Word 2010 | $200/Month | **$600 For 3 Month** |
| Microsoft Excel 2010 | $200/Month | **$600 For 3 Month** |
| Microsoft Power point 2010 | $200/Month | **$600 For 3 Month** |
| Microsoft Publisher 2010 | $200/Month | **$600 For 3 Month** |
| User Program | $200/Month | **$600 For 3 Month** |
| Adobe Dream waver CS5 | $200/Month | **$400 For 2 Month** |
| Adobe In Design CS5 | $200/Month | **$400 For 2 Month** |
| Basic AutoCAD 2011 | $200/Month | **$600 For 3 Month** |


له رایبۆن دا، كلیك لەسەر تابی زانیاری دەرەكی External Data:





پاشان لەبەشی Import & Link، دا كلیك لەسەر دووگمەی More دەكەین و، پاشان كلیك لەسەر HTML Document دەكەین:



ئەم پەنجەرەیە دەکرێتەوە کلیك لەسەر Browse دەکەین، بۆ دۆزینەوەی فایلە ئێچ تی ئێم ئێلەکە و ،
دیاری Select دەکەین و، کلیك لەسەر Okدەکەین:





ئێستا پەنجەرەی تایبەت بە (هێنانە ناوەوەی ئێچ تی ئێم ئێل – Import HTML Wizard) کراوەتەوە ، کلیك لە ناو چوار گۆشە بچوکەکەی بەردەم First Row Contain Column Heading بکە و، پاشان کلیك لەسەر Next بکە:





تیبینی:


دەتوانین لەم هەنگاوەی پێشوودا، پێش ئەوەی کلیك لەسەر Next بکەین، کلیك لەسەر دووگمەی (پێشکەوتوو – Advance) بکەین و، بەهۆیەوە گۆڕینی (زمان – Language) و Code Page و ناوی ستوون و جۆری زانیاری و ئیندێکسین و چەند کارێکی دیکە بە ئەنجام بگەیەنین:





دووای کلیك کردن لەسەر Next ئەم شێوەیە دەکرێتەوە ، ئەگەر ویستت دەتوانیت بەهۆیەوە ناوی ستوون و، جۆری زانیاری و ئیندێکسین بگۆڕیت و، لە دووایدا کلیك لەسەر Next بکە:




ئەگەر ویستت کلیلی سەرەتایی و بنچینەیی Primary Key دابنێیت، ئەوا ستونێك Column دیاری بکە Select بۆ ئەوەی ببێتە کلیلی سەرەتایی ، ئەگەر نەشت ویست بۆی دابنێیت، ئەوا کلیك لەناو بازنە بچوکەکەی بەردەم No Primary Key بکە و ، پاشان کلیك لەسەر Next بکە:





لەناو لاکێشەکەدا، ناوێك بۆ خشتەکە بنووسە و کلیك لەسەر دووگمەی Finish بکە:



ئەگەر دەتەوێت هەنگاوەکانی هێنانی زانیارییەکە خەزن بکەیت، ئەوا کلیك لەناو چوار گۆشە بچوکەکەی بەردەم Save Import Step بکە و، پاشان کلیك لەسەر Save Import بکە:




بەڵام ئەگەر نەتویست هەنگاوەکان خەزن بکەیت، ئەوا کلیك لەسەر دووگمەی داخستن Close بکە:



ئێستا کردارەکە کۆتای پێهات و فایلە ئێچ تی ئێم ئێڵەکە کە بووە خشتەیەك لەو بنکەی زانیارییەی کراوەتەوە و چالاکە:

HemnBarznji's Course

| Lecture | Month | Total Price |
|---|---|---|
| Microsoft Visual C++ 2010 | $250/Month | $750 For 3 Mon |
| Microsoft Visual C# 2010 | $200/Month | $600 For 3 Mon |
| Microsoft Visual F# 2010 | $200/Month | $600 For 3 Mon |
| Microsoft VisualBasic.NET 2010 | $200/Month | $600 For 3 Mon |
| Microsoft ASP.NET 4 (2010) | $300/Month | $900 For 3 Mon |
| Microsoft Visual Studio.NET 2010 | $300/Month | $900 For 3 Mon |
| Microsoft SQL Server 2010 | $300/Month | $900 For 3 Mon |
| JAVA Programming | $250/Month | $750 For 3 Mon |
| Java Server Pages (JSP) | $200/Month | $600 For 3 Mon |
| Web Design & Developing | $200/Month | $600 For 3 Mon |
| Database with Microsoft Access 2010 | $200/Month | $600 For 3 Mon |
| Database with Oracle 11g | $300/Month | $900 For 3 Mon |
| Computer Networks (Theory) 2010 | $300/Month | $900 For 3 Mon |
| PHP | $250/Month | $750 For 3 Mon |
| Structured Query Language (SQL) | $200/Month | $600 For 3 Mon |
| XML | $150/Month | $300 For 2 Mon |

Record: 2 of 25 No Filter Search


## ناردنەدەرەوەی خشتەی ئەکسێس
## Exporting Access Table

وەك چۆن لەزۆربەش و شێوەی ترەوە خشتەمان هێنایە ناو بەرنامەی ئەکسێس، وەکو خشتەی ئێکسڵ، یان خشتەی ئێکس ئێم ئێڵ، یان خشتەی ئێچ تی ئێم ئێڵ، ......، بەو شێوەیەش دەتوانین خشتەی ئەکسێس ببەینە دەرەوەی بەرنامەی ئەکسێس بۆ ناو بەرنامەکانی ئێکسڵ و وۆرد و ......، واتە دەتوانین لە خشتەی ئەکسێسەوە شتەی تر دروست بکەین و، زۆر بەکورتی باسیان دەکەین.

## بردنەدەرەوەی زانیاری بۆ ناو ئێکسڵ
## Exporting a Excel datasheet

بۆئەوەی خشتەیەکی ئەکسێس ببەینە ناو بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئەکسێس، ئەم هەنگاوانە جێبەجێدەکەین.

1-لە ڕایبۆندا، کلیك لەسەر تابی External Data بکە و، پاشان لەبەشی Export Data کلیك لەسەر Excel بکە:





2-ئەم شێوەیەی خوارەوە دەکرێتەوەو بەهۆی بەشی Browse شوێنی خەزنکردنی فایلەکە دیاری بکە و، بەهۆی بەشی File Format یشەوە، جۆری فایلەکە دیاری بکە، کە ئایا ئێکسڵی 2010 بێت، یان 2003، یان ....... ، پاشان یەکێك لەم سێ هەڵبژاردنە دیاری بکە و، کلیك لەسەر Ok بکە:

سێ هەڵبژاردن بۆ بەکارهێنەر دابینکراوەو بەگوێرەی پێویستی کارەکە، یەکێکیان هەڵدەبژێرین، کە ئەمانەن:


⁕Export data with formatting and layout:بەکلیك کردن لەناو چوار گۆشە بچوکەکەی بەردەم ئەم هەڵبژاردنەدا، زانیارییەکانی ناو فایلی ئەکسێسەکە دەچێتەناو خشتەیەکی تازەی ئێکسڵەوە و، هەموو زانیاری و ڕێکخستن و تایبەتمەندییەکانیش لەگەڵ دەبێت.

⁕Open the destination file after the export operation is complete: بەکلیك کردن لەناو چوار گۆشە بچوکەکەی بەردەم ئەم هەڵبژاردنەدا، دووای تەواوبوونی کرداری ناردنی زانیاری بۆ بەرنامەی ئێکسڵ و دروستبوونی فایلە ئێکسڵەکە، فایلە ئێکسڵەکە دەکرێتەوە.

⁕Export only the selected record: بەکلیك کردن لەناو چوار گۆشە بچوکەکەی بەردەم ئەم هەڵبژاردنەدا، تەنها ئەو تۆمارانەی دیاریمان کردووە دەچێتەناو فایلی ئێکسڵەکە، نەك هەموو خشتەکە.




3-كليك لەسەر دووگمەی Close بكە :





4-ئێستا فایلە ئێكسڵەكە دروست بووە ، هەموو خشتەی ئەكسێسەكەی تێدایە:

| | A | B | C | D |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ID | Thing | Product_Date | EXP_Date |
| 2 | 1 | chips | 1/4/2011 | 1/5/2012 |
| 3 | 2 | Kream | 1/1/2011 | 1/1/2013 |
| 4 | 3 | biscute | 1/1/2011 | 1/1/2012 |

# بردنه دەرەوەی زانیاری بۆ ناو فایلی نووسین


## Exporting a Text File

1-لە ڕایبۆندا، کلیك لەسەر تابی External Data بکە و، پاشان لەبەشی Export Data کلیك لەسەر Text File بکە:




2-بەهۆی بەشی Browseـــــەوە، شوێنی خەزنکردنی فایلەکە، دیاری بکە و، کلیك لەسەر Ok بکە.

3-ئەم شێوەیە دەکرێتەوە تیایدا، جۆری جیاکردنەوەی زانیارییەکان لەیەکتری دیاری بکە، کە دوو شێوەیە و، پاشان کلیك لەسەر Next بکە:




4-کلیك لەسەر Finish بکە.


5-كليك لەسەر Close بكە.

6-ئێستاش خشتەی ئەكسێسەكە بوو بە فايلێكی نووسين:


```
1,"chips","1/4/2011","1/5/2012"
2,"Kream","1/1/2011","1/1/2013"
3,"biscute","1/1/2011","1/1/2012"
```

## بردنەدەرەوەی خشتەی ئەكسێس وەك فايلی ئيكس ئيّم ئيّل
## Exporting a XML


1-لە ڕايبۆندا، كليك لەسەر تابی External Data بكە و، پاشان لەبەشی Export Data كليك لەسەر XML File بكە:




2-بەهۆی بەشی Browseـــــەوە، شوێنی خەزنكردنی فايلەكە، دياری بكە و، كليك لەسەر Ok بكە.



4-بەپێی پێویستی خۆت، کلیك لەناو چوار گۆشە بچوکەکانی بەردەم ئەم هەڵبژاردنانە دابنێ:





5-کلیك لەسەر دووگمەی داخستن – Close بکە.

6-ئێستا فایلی ئێکس ئێم ئێلەکەت بۆ دروست بووە:

```
 <?xml version="1.0" encoding="UTF-8" ?>
- <dataroot xmlns:od="urn:schemas-microsoft-com:officedata"
   xmlns:xsi="http://www.w3.org/2001/XMLSchema-instance"
   xsi:noNamespaceSchemaLocation="SuperMarket.xsd"
   generated="2011-04-16T19:41:39">
- <SuperMarket>
 <ID>1</ID>
 <Thing>chips</Thing>
 <Product_Date>1/4/2011</Product_Date>
 <EXP_Date>1/5/2012</EXP_Date>
   </SuperMarket>
- <SuperMarket>
 <ID>2</ID>
 <Thing>Kream</Thing>
 <Product_Date>1/1/2011</Product_Date>
 <EXP_Date>1/1/2013</EXP_Date>
   </SuperMarket>
- <SuperMarket>
 <ID>3</ID>
 <Thing>biscute</Thing>
 <Product_Date>1/1/2011</Product_Date>
 <EXP_Date>1/1/2012</EXP_Date>
   </SuperMarket>
   </dataroot>
```

## ناردنی خشتەی ئەکسێس بۆ بەرنامەی ۆرد
## Exporting a word Document


1-لە ڕایبۆندا، کلیك لەسەر تابی External Data بکە و، پاشان لەبەشی Export Data کلیك لەسەر More بکە و، پاشان کلیك لەسەر Word بکە:




2-بەهۆی بەشی Browseـــــەوە، شوێنی خەزنکردنی فایلەکە، دیاری بکە و، کلیك لەسەر Ok بکە.

3-کلیك لەسەر دووگمەی داخستن – Close بکە.

4-ئێستا بڕوانە فایلە ۆردەکە، دەبینیت خشتە ئەکسێسەکەی لەناو دایە:



| EXP_Date | Product_Date | Thing | ID |
|---|---|---|---|
| 1/5/2012 | 1/4/2011 | chips | 1 |
| 1/1/2013 | 1/1/2011 | Kream | 2 |
| 1/1/2012 | 1/1/2011 | biscute | 3 |

## ناردنی خشتەی ئەکسێس بۆ فایلی PDF یان XPS
## Exporting a PDF or XPS


وەك چۆن فایل و خشتەکانی ئەکسێسمان بردەناو بەرنامەکانی ۆرد و ئێکسلّ و ......، بەهەمان شێوەش دەتوانین فایلەکانی ئەکسێس ببەینە ناو PDF یان XPS.



## ناردنی زیاتر

## More Exporting

بەرنامەی مایکرۆسۆفت ئەکسێس زۆر ناردنی  دیکەی دابینکردووە، بۆ ناردنی خشتەکانی ئەکسێس، وەکو ناردنی خشتەی ئەکسێس بۆ بەرنامەی ئەکسێس خۆی، یان بۆ ئیمەڵ، Word Merge و بۆ ODBC Database و Share point List و  HTML Document و dBase File.



# بەشی شەشەم

# پەیوەندی نێوان خشتەکان

# Relation Between Tables

دروست کردنی پەیوەندی لە نێوان چەند خشتەیەکدا، دەبێت، واتە زیاتر لە خشتەیەك و، بەمەش پەیوەندی لەنێوان دووخشتە و زیاتر دا، دروست دەکرێت، بۆئەوەی زانیارییە پەیوەندی دارەکان بەیەك بگەیەنین،

## جۆرەکانی پەیوەندی
## Type of Relationship

1- پەیوەندی یەك بۆ یەك One – To – One Relationship:

لە پەیوەندی یەك بۆ یەك دا، هەر وەکو لە ناوەکەیەوە دیارە هەر تۆمارێکی خشتەی یەکەم لەگەڵ تەنها یەك تۆماری خشتەی دووەم (خشتەکەی تر) پەیوەندی دەبێت.

2- پەیوەندی یەك بۆ زۆر One – To – Many Relationship:

لەم جۆرەدا هەر تۆمارێکی خشتەی یەکەم (سەرەکی) بۆی هەیە زیاتر لە تۆمارێك Rows ی هەبێت لە خشتەی دووەم دا، بەڵام پێچەوانەکەی نابێت.

3- پەیوەندی زۆر بۆ زۆر Many – To – Many Relationship:

لەم جۆرەدا هەر تۆمارێکی خشتەی یەکەم (سەرەکی) بۆی هەیە زیاتر لە تۆمارێك Rows ی هەبێت لە خشتەی دووەم داو، هەر تۆمارێکی خشتەی دووەمیش بۆی هەیە زیاتر لە تۆمارێکی هەبێت لە خشتەی یەکەم (سەرەکی) دا.


## دروست کردنی پەیوەندی
## Create Relationship

ئێستا دوو خشتەمان هەیەو دەمانەوێ پەیوەندی لە نێوانیان دا، دروست بکەین، بە جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە:


1-بنکەی زانیارییەکە بکەرەوە.

2-کلیك لەسەر تابی Database Tool بکە.

3-کلیك لەسەر دووگمەی Relationships بکە:



4- ڕووکاری پیشاندانی خشتە Show Tableدەكرێتەوە، ئەو خشتانەی دەتەوێ پەیوەندی لە نێوانیاندا، درووست بكەیت یەك یەك كلیكیان لەسەر بكە و، دوواتر كلیك لەسەر Add بكە، هەتا هەموو خشتە پێویستەكان زیاد دەكەیت و، لەكۆتایدا كلیك لەسەر Close بكە بۆ داخستنەوەی ئەم ڕووكارە:





تێبینی: ئەگەر ئەم ڕووكارەی سەرەوەت داخستەوەو دوواتر پێویستت پێی بوو، یان لەبەردەستت نەبوو، ئەوا لەتابی Designدا، كە دووای كلیك كردن لەسەر دووگمەی Relationshipsدەكرێتەوە، كلیك لەوسەر دووگمەی Show Table بكە، بۆ پیشاندانەوەی ڕووكارەكە.

5-بەم شێوەیەی خوارەوە خشتەكان زیاد بوون:



6- سەهمی ماوسەكە ببەرەو ئەو ستونەی دەتەوێ پەیوەندی بۆ دروست بكەیت لەگەڵ ستوونێكی خشتەكەی تردا و، پاشان پەنجە لەسەر دووگمەی كلیك دابگرە و بێئەوەی پەنجەت لا ببەیت ڕاییكێشە بۆ ئەو ستونەی خشتەی دووەم، كە دەتەوێ لەگەڵیدا پەیوەندی دروست بكەیت و، پاشان پەنجەت لاببە لەسەر دووگمەی چەپی ماوسەكەو، بە لابردنی پەنجەت ئەم ڕووكارەی خوارەوە دەكرێتەوە:





7- دەتوانی بۆ دیاری كردنی جۆری پەیوەندییەكە كلیك لەسەر دووگمەی Join Type بكە یت و، پاشان كلیك لەناو بازنە بچوكەكەی بەردەم یەكێك لە جۆرەكان بكەیت و، دوواتر كلیك لەسەر Ok بكەیت:



8-ئێستا ڕووکاری Edit Relationدەرکەوتۆتەوەو کلیك لەسەر دووگمەی دروست کردن Create بکە:





9-بڕوانە پەیوەندییەکە:




## پاشەکەوت کردنی پەیوەندی
## Save Relationship

کلیك لەسەر دووگمەی پاشەکەوت کردن Save بکە، لە Quick Access Tool Barدا:



یان كلیك لەسەر تابی فایل File بكە و، پاشان كلیك لەسەر Saveبكە.


## دەستكاری كردن و پەختەكردنی پەیوەندی
## Edit Relationships

1-بنكەی زانیارییەكە بكەرەوە.

2-كلیك لەسەر تابی Database Tool بكە.

3-كلیك لەسەر دووگمەی Relationships بكە.

4-تابی دیزاین Design كراوەتەوە، لەو تابەدا كلیك لەسەر Edit Relationships بكە و، بەمەش بەشی تایبەت بە دەستكاری كردن و پوختەكردنی پەیوەندی دەكرێتەوە، بە پێی پێویست دەستكاری كردنەكە بكە و، كلیك لەسەر Ok بكە:



# بەشی حەوتەم

# کیوری


# Query

کیورییەکان یەکێکن لە باشترین ڕێگە و هۆکارەکانی هێنانەوەی زانیاری و شیکاردن، لە بنکەی زانیاری پەیوەند دا و، ڕێگەمان پێدەدات زانیاری لە زیاتر لە خشتەیەکەوە بهێنین و سودی لێوەربگرین و بەکاری بهێنین.


## کیوری یەك خشتە
## One – Table Query

1- كلیك لەسەر تابی دروست كردن Createبكە.

2- كلیك لەسەر دووگمەی Query Design بكە، لە كۆمەڵەی کیوری دا:





3-بەشی پیشاندانی خشتە Show Tableدەكرێتەوە، دەتەوێ كیوری بۆ كام خشتەیە دروست بكەیت، كلیكی لەسەر بكە و پاشان كلیك لەسەر دووگمەی Add بكە:





بۆ داخستنەوەی پەنجەرەی Show Taleكلیك لەسەر دووگمەی Close بكە لە ڕووكارەكەدا.


4- ئێستا ئەو خشتەیەی پیشانداین كە دەمانەوێ كیوری بۆ دروست بكەین و، یەك یەك بە هەڵگرتن و ڕاكێشان ستوونەكان هەڵبگرە و لەخانەی ستوون Fieldدا دایبنێ:





یاخوود له خانەی ستوون کلیك بکه و پاشان کلیك لەسەر سەھمە بچوکەکە بکه و بەمەش ناوی ستونەکانی ئەو خشتەیەت پیشان دەدات کە ھێناوتە تا کیوری بۆ دروست بکەیت، و کلیك لەسەر ناوی ستوونێکیان بکە و، بۆ ستونەکانی تریش بەھەمان شێوە:





5-لە ژێر ھەر ستوونێك کە ڕایەکێشیت چەند ڕیزێك Row ھەیە و، یەکێك لەو ڕیزانە تایبەتە بە ڕیزکردنی ستوونەکان و بەناوی Sort کە لەو ئاستەدا کلیك لەناو ھەر ستوونێك بکەیت و پاشان کلیك لەسەر سەھمەکە بکەیت لیستێکی سێ ھەڵبژاردنی دەکرێتەوە و، بە پێی پێویست کلیك لەسەر یەکیان بکە:



6- لەڕیزەخانەی پیشاندان Showدا و، لەژێر هەرستوونێكدا، چوار گۆشەیەكی بچوك هەیە و، گەر كلیك لەسەربكەین و سەحی لێبدەین ئەوا ئەو ستوونەلە كیوری دا، دەردەكەوێت و بە پێچەوانەشەوە:





7- لە ڕیزەخانەی Criteriaدا، مەرج دەنووسین هەتاوەكو بە پێی ئەو مەرجە كیورییەكەمان بۆ دروست بكات بۆ نمونە ئێمە لە ژێرستوونی ناودا و لە نێوانە فاریزەی سەرەوە دەنووسین هێمن بەم شێوەیە "Hemn" و، لەم كاتەدا تەنها ئەو ناوانەمان بۆ دەهێنێ لە كیورییەكەدا كە هێمنە.





8-بۆ جێبە جێكردنی ەو كارەی ئەنجامان دا و، بینین كیوریەكە كلیك لەسەر دووگمەی Runبكە:





9-ئەنجام كیوریەكە بەم شێوە دەبێت:



10- بۆ پاشەکەوت کردنی کیورییەکە کلیك لەسەر دووگمەی پاراستن Save بکە لە Quick Access Tool Barدا:




پەنجەرەی تایبەت بە خەزن کردن دەکرێتە و، تیایدا ناوێك بۆ کیورییەکە بنووسە و، کلیك لەسەر ok بکە:




## کەمێك گۆڕانکاری و دەستکاری کیوری
## Modify Query


1-کیورییەکە بکەرەوە، ئەویش بە دووانە کلیك کردن لەسەر کیوری یەکە لە Navigation Pane دا:




2-کلیك لەسەر تابی هۆم Homeبکە.

3-كليك لەسەر سەهمە بچوكەكەی دووگمەی پيشاندان View بكە.

4-كليك لەسەر Design Viewبكە:




5-بەمەش كيوريیەكە لە Design Viewدا، دەكرێتەوەو هەر گۆڕانكارييەكت ويست ئەنجامی بدە و، خەزنی بكەرەوە بە كليك كردن لەسەر دووگمەی خەزنكردن و پاشەكەوت Save.


## دروست كردنی كيوری سەرجەم

## Create a Total Query


1-كيوريیەك دروست بكە (خاڵی 1 تا 5 ی دروست كردنی كيوری جێبەجێبكە).

2-كليك لەناو ڕيزی Sortبكە.

3-لەتابی ديزاين Design و لە كۆمەڵەی Show/Hideدا، كليك لەسەر دووگمەی Total بكە:



4-بەمەش ڕیزە خانەیەك Row لە ژێر ڕیزەخانەی خشتەوە Table زیدبوو، كە بە كلیك كردن لەناو هەر خانەیەكی ژێر هەر ستوونێك، لەم ڕیزەخانەیەدا، كۆمبۆ بۆكسێك چالاك دەبێت، كە بە كلیك كردن لەسەر سەهمە بچوكەكەی لیستێك دەكرێتەوە:




ئەو لیستەی دەكرێتەوە زۆر كردار و بەش لە خۆ دەگرێت و، ئێمە لێرەدا كلیكام لەسەر Sumكردووە، چونكە سەرجەمان دەوێت.

پاشان كلیك لەسەر Run بكە و ، كیوریيەكەش خەزن بكە :

Table3 | Query1

| ID | Price One | Number of Sets | SumOfMultiply |
|---|---|---|---|
| 1 | 500 | 8 | 4000 |
| 2 | 1500 | 5 | 7500 |
| 3 | 485 | 45 | 21825 |
| 4 | 145 | 5 | 725 |

## نەخشە سازی كیوری لە چەند خشتەیەكەوە
## Designing a Multi-Table Query


ئەمیش هەر وەكو دروست كردنی كیوری وایە لە یەك خشتەوەوە، دووای ئەوەی كلیمان لەسەر Query Design كردوو، بەشی پیشاندانی خشتەكان Show Tables كرایەوە، یەك یەك كلیك لەسەر خشتەكان دەكەین و، پاشان كلیك لەسەر زیاد كردن Add دەكەین و، كە پێویستمان بە خشتە نەما ئینجا پەنجەری Show Tableدادەخەینەوە بە كلیك كردن لەسەر دووگمەی Close و ، دوواتر بە پێی پێویست ستونەكانی خشتەكان ڕادەكێشین بۆ ناو خانەكانی ستوون Field و كردارەكانی تریش بەهەمان شێوە، وەكو لە بابەتی پێشوودا باسكرا.

## دروست كردنی كیوری ساده بە ویزارد

## Simple Query Wizard

1-بنكەی زانیارییەك بكەرەوە.

2-كلیك لەسەر تابی دروست كردن Createبكە.





3-كلیك لەسەر دووگمەی Query Wizard بكە.




4-كلیك لەسەر Simple Query Wizardبكە.


5-كلیك لەسەر Ok بكە.




6-لەبەشی Table/Queryدا، كلیك لەسەر ئەو خشتەیە بكە كەدەتەوێ كیوری بۆ دروست بكەیت.


7-كليك لەسەر دووگمەی >> بکە بۆ گواستنەوەی هەموو ستونەكانی بەشی Available Field بۆ ناو Selection Field:

8-كليك لەسەر Next بکە.




9-كليك لەسەر Next بکە.

10-ناوێك بۆ كيوريیەكە بنووسە و كليك لەسەر Finish بکە:





11-ئێستا وەك دەبينن كيوريیەكە دروست بوو.

# جۆرەکانی تری کیوری

## Athor Types of Query

**یەکەم:کیوری پارامیتەر  Parameter Query:**ئەم جۆرەی کیوری لەکاتی جێبەجێکردنی دا، داوات لێدەکات زانیارییەك داغڵ بکەیت هەتا بە گوێرەی ئەو زانیارییە کیورییەکەت بۆ دروست بکات، ئەویش بە نووسینی پرسیارێك یان داوا کردنی زانیاریی یان .... لە بەکارهێنەر، لە ریزەخانەی Criteriaدا، بۆ هەر ستوونێك کە بمانەوێ و، بە Run کردنی پەنجەرەیەك دەکرێتەوە و زانیاری تێدا دەنووسین و ئۆکەی دەکەین.




**دووەم:کیوری دۆزینەوەی دووبارە  Find Duplicates Query:**ئەم جۆرەی کیوری بۆ دۆزینەوە دووبارەیە و، بەویزارد ئەنجامی دەدەین لە چەند هەنگاوێك دا و بە ئاسانی:

1-کلیك لەسەر تابی دروست کردن  Createبکە.

2-یك لەسەر دووگمەی  Query Wizard بکە.


3-کلیك لەسەر  Find Duplicate Query Wizardبکە.

4-کلیك لەسەر  Ok بکە.

5-کلیك لەسەر ئەو خشتەیە بکە کەدەتەوێ دووباری تیا بدۆزیتەوە.

6-کلیك لەسەر  Next بکە.

7-کلیك لەسەر دووگمەی زیاد کردن بکە و یەك یەك ئەو ستونانەی دەتەوێ زیادی بکە بۆ بەشی Duplicate Value Field:



8-کلیك لەسەر Nextبکە.

9-ناوێك بۆ کیورییەکە بنووسە و کلیك لەسەر دووگمەی Finishبکە.

سێهەم: کیوری کرۆستاب Crosstab Query: لە جۆری کیوری دیاری کردن و هەڵبژاردن Select Query ــــــــــــــە و، کاتێك ئەم جۆرە جێبەجێدەکەین ئەنجامەکەمان لە داتاشیت Datasheets پیشان دەدات،

چوارەم: جۆری Find unmatched Query Wizard: ئەم ویزاردە بەکاردێت بۆ دروست کردنی جۆرێکی کیوری کە دۆزینەوەی ئاسۆییەکانە (ڕیزەکان – Rows, Records) لە یەك خشتەدا، کە تۆمار (ڕیزەخانەی ئاسۆیی) ی پەیوەندی نییە لە خشتەی تردا.

## چاوەڕوانی ئەم بەرهەمانە بن

11. فۆتۆشۆپ سی ئێس پێنج.
12. فلاش سی ئێس پێنج.
13. پی ئێچ پی.
14. ئەی ئێس پی دۆت نێت.
15. وای فای.
16. وای ماکس.
17. بینچینەکانی بەرنامە سازی بەزمانی جاڤا.
18. بەرنامە سازی جاڤا.
19. مایکرۆسۆفت ڤیژوەڵ ستۆدیۆ 2010.
20. دریموەیڤەر سی ئێس پێنج.
21. تۆڕەکانی کۆمپیوتەر.
22. بنچینەکانی بەرنامە سازی بەزمانی سی شارپ #C.
23. بنچینەکانی بەرنامە سازی بە زمانی سی پلەس پلەس ++C.
24. دێلفی.
25. جاڤای پێشکەوتوو Advanced Java.
26. ئێکس ئێم ئێڵ .

ئەم بابەتانە لە کۆرسی تایبەتی دا، بۆ شاری سلێمانی دەوترێتەوە، بۆ زانیاری زیاتر:

hemnymela@yahoo.com - 07701515582

# بەشی هەشتەم

# بنچینەکانی نەخشەسازی فۆڕم و ڕاپۆرت


# Form and Report Design Fundamental

بۆ نەخشەسازی فۆرم، یان ڕاپۆرت، یان گۆڕینی نەخشە سازی ئەو فۆرمەی دروستمان کردوە بەهۆی ویزاردەوە، پێویستە سود لەبەشی پیشاندانی نەخشە سازی Design View وەربگرین.


## دروستکردنی فۆرم بە ویزارد
## Form Creation by Wizard

بەشێوەیەکی گشتی خشتە دروست ناکەین و بیخەینە بەردەست بەکارهێنار بۆئەوەی زانیاری داغڵ بکات، بەڵکو فۆرمێك دروست دەکەین، بۆئەوەی بەکارهێنەر بتوانێت سودی لێوەربگرێت، ئێستاش فۆرمێك بۆ (بنکەی زانیاری دەفتەری تەلەفۆن) دروست دەکەین، بەم شێوەیە:

لە ڕایبۆن دا، کلیك لەسەر تابی دروستکردن Create بکە و، پاشان لەبەشی فۆرم Form Section دا، کلیك لەسەر Form Wizard بکە:





ئەم شێوەیەی خوارەوە دەکرێتەوە:





لەبەشی Table/Query دا، ئەو خشتەیە دیاری بکە کە دەتەوێت فۆرمی بۆ دروست بکەیت:




لەبەشی (ستوونە ئامادەکان – Available Fields) هەموو ئەو ستوونانە هەیە کە لەناو خشتە هەڵبژێردراوەکەدایە:





ئەگەر ویستت هەموو ستونەکان لە فۆڕمەکەدا هەبێت، ئەوا کلیك لەسەر ئەم دووگمەیە بکە:





ئەگەر نەتویست هەموو ستونەکان لە فۆڕمەکەدا هەبێت ، ئەوا یەك یەك کلیك لەسەر ناوی ستونەکە بکە و پاشان کلیك لەسەر ئەم دووگمەیەی خوارەوە بکە:





بەم شێوەیە ستونەکانمان هەڵبژارد:




ئێستا ئەگەر بمانەوێت یەکێك لە ستونەکان لابەین تانەبێتە بەشێك لە فۆرمەکە ئەوا کلیك لەسەر ناوی ستونەکە دەکەین لە بەشی (ستونە دیاری کراوەکان – Selected Fields) دا و پاشان کلیك لەسەر ئەم دووگمەیە دەکەین:




ئەگەر بمانەوێت هەموو ستونەکان لابەینەوە ئەوا کلیك لەسەر ئەم دووگمەیەی خوارەوە دەکەین:





ئێستا کلیك لەسەر Nextبکە،کە بەهۆیەوە ئەم شێوەیە دەردەکەوێت:





کلیك لەناو بازنە بچوکەکەی بەردەم یەکێك لە شێوازەکان بکە، کە بریتین لە چەند شێوەیەك و بەکلیك کردن لەسەر هەریەکێکیان وێنەیەکی جیاواز لەتەنیشتی دا دەبینین، کە شێوە هەڵبژێردراوەکەمان بۆ ڕووندەکاتەوە:

كليك لەسەر Next بکە، کەبەهۆیەوە ئەم شێوازە دەکرێتەوە:





ناوێك بۆ فۆڕمەکە بنووسە (وەك لە وێنەکەی پێشتر دا دیارە) و کلیك لەسەر دووگمەی Finish بکە و بەمەش فۆڕمەکە دروست بوو، بەم شێوەیە:




## داغڵكردنی زانیاری لە فۆڕمەوە
## Data Entry on a Form

داغڵكردنی زانیاری لە فۆڕمەوە، ئاسانە و، لەهەریەكێك لە خانـەكانی فۆڕمەكـەدا زانیـاری تایبـەت و پەیوەست بەو ستوونە دەنووسین و، لە كۆتایدا پەنجە دەنێین بـە دووگمـەی ئینتـەر دا، یـان كلیـك كـردن لەسەر دووگمەی New (Blank) Record .





## دروست كردنی فۆڕم بە ڕێگایەكی ئاسان
## Create Form Simply

1- لەبەشی Navigation Paneدا كلیك لەسەر ئەو خشتەیە بكە، كەدەتەوێ فۆڕمی بۆ دروست بكەیت:




2- كليك لەسەر تابی دروست كردن  Createبكە.


3-لە گروپی فۆرم  Form Groupدا، كليك لەسەر دووگمەی فۆرم  Formبكە:





4-وەك بينيمان بە تەنها سێ كليك فۆرمێك دروست بوو:




5-بۆ خەزنكردنی ئەو فۆرمە لە  Quick Access Tool Barدا، كليك لەسەر  Save بكە و، لەو ڕووكارەی دەكرێتەوە ناوێك بنووسە و كليك لەسەر  Ok بكە:








## دروستكردنی فۆرمی بەتاڵ

## Creating a Blank Form


1-دوای ئەوەی بەرنامەكەت كردەوە، لە ڕایبۆن Ribbon دا، كليك لەسەر تابی دروستكردن Create بكە و، پاشان لەبەشی Form دا، كليك لەسەر Blank Form بكە:




2-لەبەشی لای ڕاست دا، لیستی ستونەکان Field List دەکرێتەوە، تیایدا کلیك لەسەر (پیشاندانی هەموو خشتەکان – Show all table) بکە و، بەمەش هەموو خـشتەکانی ئـەو بنکـەی زانیارییـە پیشان دەدرێت:




3-کلیك لەسەر هێمای کۆی (+)ی بەردەم ناوی هەر خشتەیەك بکە و بەمەش ناوی هەموو ستونەکانی هەر خشتەیەك دەردەکەوێت و، بۆخشتەکانی تریش بەهەمان شێوە:





4- ئێستا هەرستونێك کەدەتەوێت ببێتە بەشێك لە فۆڕمەکە (هەڵیبگرە و لەسەر فۆڕمەکە دایبنێ – Drag and Drop):



## کردنەوەی لیستی ستونەکان
## Opening Field List


ئەگەر بەشی لیستی ستوون – Field List نەکرابۆوەو ، پێویستمان بوو، ئەوا لە ڕایبۆن Ribbonدا، کلیك لەسەر تابی Design بکە و، لەبەشی Tool ی ئەم تابەدا، کلیك لەسەر Add Existing Field بکە:




## پەنجەرەی تایبەتمەندییەکان
## Properties Windows


بۆئەوەی تایبەتمەندییەکانی پەنجەرەو شیتەکان دیاری بکەین، فەرمانی Property sheets بەکاردەهێنین، بەم شێوەیە:

1- لە ڕایبۆن Ribbon دا، کلیك لەسەر تابی دروستکردن (نەخشەسازی – Design) بکە و، پاشان لەبەشی Tools دا، کلیك لەسەر Property sheet بکە:




- یان دەدەتوانیت کلیکی ڕاست لەهەر شوێنێکی سەر ڕووی فۆڕمەکە بکەیت و، پاشان کلیك لەسەر Properties بکەیت.

2- ئێستا پەنجەرەی تایبەتمەندییەکان Properties کراوەتەوە:




## داخستنی پەنجەرەی تایبەتمەندییەکان
## Closing Properties Window

بۆ داخستنی پەنجەرەی تایبەتمەندییەکان چەند ڕێگەیەکی جیاوازمان هەیە، بەم شێوەیە:

1-دووبارە کلیك لەسەر دووگمەی Property Sheet بکەرەوە، لە ڕایبۆن Ribbon دا.


2-لەبەشی سەرەوەی لیستی ستونەکان – Field List دووگمەی داخستن – Close هەیە، کە بەم شێوەیەیە X و کلیکی لەسەر بکە و، بەمەش دادەخرێتەوە.

3-کلیکی ڕاست لەسەر ڕووی فۆڕمەکە بکە و ، کلیك لەسەر Properties بکە.


## پێکهاتەی پەنجەرەی تایبەتمەندییەکان
## Component of Properties Window

شریتی لیستەکان Title Bar ی پەنجەرەی تایبەتمەندییەکان Properties Window ، ناوی پەنجەرەو دووگمەی داخستنی پەنجەرەکەی تێدایە و، لە ژێریدا، ناونیشانی ئەو بەشە دیاری دەکرێت، کە


هەڵیدەبژێرین و، لەژێریـدا (Combo Box)یـك هەیـە، كـە دەتـوانین هەربەشـێك هەڵـبـژێرین كـە دەمانەوێت، دەستكاری بكەین و، تایبەتمەندییەكی بەسەردا جێبەجێبكەین.




بۆئەوەی هەربەشێك هەڵبژێرین كلیك لەسەر Combo Boxـــــكە دەكەین و، پاشان كلیك لەسەر هەربەشێك دەكەین، كەدەمانەوێت بۆ نمونە كلیك لەسەر فۆرم دەكەین:





لەژێر Combo Boxدا، چەند تابێك هەیە، وەكو (Format, Data, Event, Other, All) و هەر تابێكیش لە دوو بەش پێك دێت و، بەبەشی لای چەپ دەڵێن:(ناوەكانی تایبەتمەندی – Property Names) و بەبەشی لای ڕاستیش دەڵێن (نرخەكانی تایبەتمەندی – Property Values):





بەشێوەیەکی گشتی تایبەتمەندییەکان Properties دابەش دەبن بۆ چەند جۆرێکی سەرەکی کە بە کورتی باسیان دەکەین، بەم شێوەیە:

*ستریـنگ – String – Based Properties:دەتوانرێت هەندێك لە نرخەکانی تایبەتمەندی لە پیتێك یان چەند پیتێك، یان پیت و هێما، یان وشەیەك پێکبهێنرێت:





*تایبەتمەندی ژمارەی Numeric Property: هەندێك لە تایبەتمەندییەکان ژمارەین، وەکو حەجمی فۆنت Font Size، یان پانی Width،یان بەرزی Height، یان چوار دەور بە پێی لاکان : سەرەوە Top، خوارەوە Bottom، راست Right، چەپ Left، جا ئەم تایبەتمەندییە ژمارەییانە دەگونجێت ژمارەی تەواو یان کەرت بێت:





*تایبه‌تمه‌ندییه‌كانی گوزارشت – Expressions Properties: هه‌ندێك تایبه‌تمه‌ندی له‌ پیت و ژماره‌ پێك دێت، وه‌كو به‌روار ، یان كات، یان سترینێك یه‌كپێده‌گرین له‌گه‌ڵ سترینگێكی تر، یان ژماره‌یه‌كی تر بۆئه‌وه‌ی سترینگێكی نوێ دروست بكه‌ین.


*تایبه‌تمه‌ندییه‌كانی بوولیه‌ن – Boolean Properties: ئه‌گه‌ر نرخه‌كان دووانی بوون، وه‌كو به‌ڵێ و نه‌خێر Yes، No یان سفر (0) و یه‌ك (1) یان On و Off ئه‌وا ده‌بێته‌ نرخی بولیه‌ن و له‌ناو كۆمبۆ بۆكس دا خه‌زنكراوه‌و به‌كاری ده‌هێنین:




*تایبه‌تمه‌ندییه‌كانی یه‌ك به‌یه‌ك ژماردن (هه‌ڵبژاردن) – Enumerated Properties: هه‌ندێك تایبه‌تمه‌ندی لیبستێك هه‌ڵبژاردن دابین ده‌كات و به‌ گوێره‌ی پێویست یه‌كێك له‌وه‌ هه‌ڵبژاردنانه‌ هه‌ڵده‌بژێرین و كلیكی له‌سه‌ر ده‌كه‌ین:





*تايبەتمەندييەكانى كردار – Action – Based Properties: هەندێك تايبەتمەندى پێويستى بە نرخێك هەيە كەلەوانەيە لە تەنێكى ترەوە Object وەرى گرتبێت، يان لە جێبەجێكردنێكى ترەوە:





## كۆنترۆڵەكانى پەنجەرەكان
## Windows Controls

لە دروستكردنى فۆرم، يان راپۆرتدا، دەتوانين ژمارەيەكى جياواز تەن Objects بەكاربهێنين، كە پێيان دەڵێين: كۆنترۆڵەكانى پەنجەرەكان Windows Control، يان بە سادەتر پێيان دەڵێن: كۆنترۆڵەكان Controls.


ئەم كۆنترۆڵانە لەكاتى دروستكردنى فۆرمێكى نوێ، يان راپۆرتێكدا، دەردەكەويت، لە رايبوندا و، لەتابى نەخشەسازى Designدا:



یان دەتونین ئەو فۆرم یان ڕاپۆرتەی دروستمان کردووە، بیکەینەوە، کلیکی ڕاستی لەسەر بکەین و، پاشان کلیك لەسەر Layout View بکەین و، بەمەش کۆنتڕۆڵەکان دەردەکەون لەتابی Designدا:





بۆ پیشاندانی هەموو کۆنتڕۆڵەکان کلیك لەسەر سەهمە بچوکەکەی بەشی کۆنتڕۆڵ بکە ، لەتابی Designدا:





## زیاد کردنی کۆنتڕۆڵەکان بۆ فۆرم و ڕاپۆرت
## Adding a Control to Form or Report

دووای ئەوەی فۆرم یان ڕاپۆرتمان دروستکرد، دەتوانین هەریەکێك لە (کۆنتڕۆڵ)ـــەکان زیاد بکەین بۆی، بەپێی پێویستی کارەکەمان بەم شێوەیە:


⁎Text Box:بۆ كێشانی سنوقی نووسین Text Box، كليك لەسەر دووگمەی Text Box دەكەین و، پاشان كليك لەسەر ڕووی فۆڕمەكە دەكەین و، بەمەش سندوقی نووسین دروست دەبێت:





⁎Label: بۆ كێشانی تابلۆی ناونیشان Label، كليك لەسەر دووگمەی Label دەكەین و، پاشان كليك لەسەر ڕووی فۆڕمەكە دەكەین و، بەمەش تابلۆیەكی ناونیشان دروست دەبێت، و هەرناونیشانێكمان بوێت دەینووسین تێیدا:




⁎Button: بۆ كێشانی دووگمە Button، كليك لەسەر دووگمەی Button دەكەین و، پاشان كليك لەسەر ڕووی فۆڕمەكە دەكەین و، بەمەش دووگمەیەك دروست دەبێت، و ئەوكارەی دەمانەوێت بۆمان بكات پێی دەدەین:





*Tab Control: بۆ کێشانی کۆنترۆڵی تاب، کلیك لەسەر دووگمەی Tab Control دەکەین و، پاشان کلیك لەسەر ڕووی فۆرمەکە دەکەین و، بەمەش تاب دروست دەبێت، و لەهەر تابێکدا ئەو بەش و کۆنترۆڵانە دادەنێین کە دەمانەوێت و پێویستمانە:





*Hyper Link:بۆ دروستکردنی لینك، کلیك لەسەر دووگمەی Hyper Linkبکە و، پاشان کلیك لەسەر فۆرمەکە بکە و، بەمەش پەنجەرەی دانان و زیادکردنی لینك Insert Hyper Link دەکرێتەوە، بەهۆیەوە ئەو فایل یان وێنەیەی دەتەوێت لینکی بکەیت، هەڵبژێرە و پاشان کلیك لەسەر Ok بکە، بەمەش لینکێك دروست دەبێت.

⁎Web Browser Control: بۆ كێشانی كۆنترۆڵی بگەڕی وێب، كليك لەسەر دووگمەی Web Browser Control دەكەين و، پاشان كليك لەسەر ڕووی فۆڕمەكە دەكەين و، بەمەش كۆنترۆڵی بگەڕی وێب دروست دەبێت.


⁎Navigation Control: بۆ كێشانی كۆنترۆڵی ناڤيگەيشن، كليك لەسەر دووگمەی Navigation Control دەكەين و، پاشان كليك لەسەر ڕووی فۆڕمەكە دەكەين و، بەمەش كۆنترۆڵی ناڤيگەيشن دروست دەبێت:





⁎Combo Box: بۆ كێشانی Combo Box، كليك لەسەر دووگمەی Combo Box Control دەكەين و، پاشان كليك لەسەر ڕووی فۆڕمەكە دەكەين و، بەمەش كۆنترۆڵی Combo دەكێشرێت:




⁕List Box: بۆ کێشانی List Box، کلیك لەسەر دووگمەی List Box Control دەکـەین و، پاشان کلیك لەسەر ڕووی فۆڕمەکە دەکەین و، بەمەش کۆنتڕۆڵی List Box دەکێشرێت:




⁕Check Box: بۆ کێشانی Check Box، کلیك لەسەر دووگمەی Check Box دەکـەین و، پاشان کلیك لەسەر ڕووی فۆڕمەکە دەکەین و، بەمەش کۆنتڕۆڵی Check Box دەکێشرێت:





⁕Attachment: بۆ کێشانی بەشی Attachment، کلیك لەسەر دووگمەی Attachmentدەکەین و، پاشان کلیك لەسەر ڕووی فۆڕمەکە دەکەین و، بەمەش کۆنتڕۆڵی Attachment دەکێشرێت:




⁎Sub Form/ Sub Report: بۆ كێشانی بەشی فۆڕمی بچوك یان ڕاپۆرتی بچووك Sub Form/Sub Report، كلیك لەسەر دووگمەی Sub form/sub report دەكەین و، پاشان كلیك لەسەر ڕووی فۆڕمەكە دەكەین و، بەمەش كۆنترۆڵی Sub Form دەكێشرێت.


⁎Image: بۆ هێنانی وێنەیەك بۆسەر فۆڕمەكان، كلیك لەسەر Image دەكەین و، پاشان كلیك لەسەر فۆڕمەكە دەكەین و، بەمەش بەشی Insert Image دەكرێتەوەو بەهۆیەوە وێنەیەك هەڵدەبژێرین و، كلیك لەسەر Ok دەكەین و، بەمەش وێنەكە دێتە سەر فۆڕمەكە.




# دروست كردنی كۆمبۆ بۆكس
# Create Combo Box

1-بنكەی زانیارییەكە بكەرەوە.


2-ئەو فۆرمە بكەرەوە كە دەتەوێ كۆمبۆ بۆكسەكەی بۆ دروست بكەیت، ئەویش بە كلیكی ڕاست كردن لەسەر فۆرمەكە و پاشان كلیك كردن لەسەر Layout View:




3-دووای كردنەوەی فۆرمەكە بەو ڕێگەیەی خاڵی دوو، تابی دیزاینیش خۆی دەكرێتەوە و، لە كۆمەڵەی كرنترۆڵەكان Controlsدا، كلیك لەسەر Combo Box بكە:



4-دەبینن سەهمی ماوسەکە گۆڕاوە بۆ شێوەی  و لەچ شوێنێکی فۆڕمەکەدا دەتەوێ دروستی بکەیت کلیك بکە:





5-پاش کەمێك چاوەڕوانی ئەم ڕووکارەی خوارەوە دەردەکەوێ و، کە سێ هەڵبژاردنی تێدایە:

- ئەگەر دەتەوێ زانیارییەکانی ناو ئەو کۆمبۆ بۆکسەی دروستی دەکەیت لە خشتەیەکی وەربگریت، ئەوا کلیك لەناو بازنە بچوکەکەی هەڵبژاردنی یەکەم بکە.


-ئەگەر دەتەوێ خۆت زانیاری یەکانی ناو ئەو کۆمبۆ بۆکسە بنووسیت کە دروستی دەکەیت ئەوا کلیك لەناو بازنە بچوکەکەی بەردەم هەڵبژاردنی دووەم بکە.

-هەڵبژاردنی سێهەمیش پشت دەبەستێ بە تۆمارێك Record.

ئێمە لێرەدا دووەمان هەڵبژاردووە و پاشان کلیکمان لەسەر دووگمەی Next کردووە.




6-ئەم ڕوکارەی خوارەوە دەکرێتەوە، تیایدا پێکهاتەکانی کۆمبۆبۆکسەکە بنووسە و، کلیك لەسەر Next بکە:





7-ئەم ڕووکارەی خوارەوە دەکرێتەوە، کە دوو هەڵبژاردنی تێدایە و، یەکیان دیاری بکە و، کلیك لەسەر Next بکە:

-ئەگەر دەتەوێت ئەو نرخانەی کە لە کۆمبۆ بۆکسەکەدا بەکاردێت بیرخستنەوەیەك بێت بۆ ئەوەی دوواتر بەکاربێت ئەوا کلیك لەسەر یەکەم هەڵبژاردن بکە.

-ئەگەر دەتەوێ ئەو نرخانەی کە لە کۆمبۆ بۆکسەکەدا هەڵدەبژێردرێت بچێتە ناو خانەکانی ستوونێك ئەوا دووەم دیاری بکە و کلیك لەناو بازنە بچوکەکەی بەردەمی بکە و، لە تەنیشتیشی دا دیاری بکە کە بچێتە ناو چ ستوونێك ئەو زانیارییانە.




8-ئەم ڕوکارەی خوارەوە دەکرێتەوەو لەناو خانەکەدا ناوێك بۆ کۆمبۆ بۆکسەکە بنووسە و، کلیـك لەسـەر Finish بکە:




## دروست کردنی دوگمە ی کردارەکان
## Create Command Buttons

1-بنکەی زانیارییەکە بکەرەوە.


2-ئەو فۆڕمە بکەرەوە کە دەتەوێ دووگمەکەی بۆ زیاد بکەیت، ئەویش بە کلیکی ڕاست کردن لەسەر فۆڕمەکە و پاشان کلیك کردن لەسەر Layout View:



3-دووای کردنەوەی فۆڕمەکە بەو ڕێگەیەی خاڵی دوو، تابی دیزاینیش خۆی دەکرێتەوە و، لە کۆمەڵەی کرنترۆڵەکان Controlsدا، کلیك لەسەر Buttons بکە:





دەبینن سەهمی ماوسەکە گۆڕاوە و لەچ شوێنێکی فۆڕمەکەدا دەتەوێ دروستی بکەیت کلیك بکە:




4-ئەم ڕووکارەی خوارەوە دەکرێتەوە، لەبەشی Categoriesدا، دیاری بکە و جۆرێك هەڵبژێرە بە کلیك کردن لەسەر یەکێك لە شێوەکان .


5- پاشان لەبەشی Actionدا، دیاری بکە ئەو دووگمەیە چ کارێکت بۆ ئەنجامبدات و،کلیك لەسەر Next بکە:



6-ئەم ڕووكارەی خوارەوە دەردەكەوێ، ناوێك بۆ دووگمەكە بنووسە و، كلیك لەسەر دووگمەی Search بكە:




7-پاشان ئەم ڕووكارەی خوارەوە دەكرێتەوە، كلیك لەسەر Finish بكە:





لە خاڵی شەشدا، دەتوانیت كلیك لەناو بازنە بچوكەكەی بەردەم Picture بكەیت بۆ ئەوەی پاشان كلیك لەسەر Browse بكەیت و، وێنەیەك بۆ دووگمەكەی دروستی دەكەیت دابنێیت.

## فۆرماتی كۆنترۆڵەكان

## Controls Formatting

لەپێشتردا، باشی کێشانی کۆنترۆڵەکانمان کرد و، لێرەدا، باسی هەڵبژاران و دیاری کردنی هەریەکێك لـەو کۆنترۆڵانە، یان دیاری کردن و هەڵبژاردنی هەموو فۆرمەکە دەکەین، تا بتوانین گۆڕانکاری و جوانکـاری تێدا بکەین، بەم شێوەیە:


دووای ئەوەی فۆرمەکەمان دروست کرد و، کۆنترۆڵەکانمان کێشا، لە ڕایبۆن Ribbon دا، کلیك لەسـەر تابی Format بکە:




بەمەش تابی فۆرمات دەکرێتەوەو دەبینین لە چەند بەشێك Section پێکهاتووە، بەکورتی باسیان دەکەین:


## بەشی هەڵبژاردن و دیاری کردن
## Selection

لەبەشی هەڵبژاردن و دیاری کردن Selection Sectionدا، هەریەکێك لە تەن Object و دیاری کردنی هەموو Select All هەیە:




## تەن
## Object

بۆ هەڵبژاردن و دیاری کردنی یەکێك لە کۆنترۆڵەکان، یان هەموو فۆرمەکە کلیك لەسەر بەشی تەن Object بکە و، یەکێك لە کۆنترۆڵەکان هەڵبژێرە:



بەمەش ئەو بەشە دیاری دەکرێت کە هەڵمان بژاردووەو، ئێمە ناونیشانی سفر Label0مان دیاری کردووە، کە بەشی ئای دییە، بڕوانە وێنەکە:




بۆ دیاری کردن و هەڵبژاردنی هەریەکێك لە کۆنترۆڵەکان بەهەمان شێوەیە و، بۆ فۆرمەکەش بەهەمان شێوە.


## دیاری کردنی هەموو
## Select All

بۆدیاری کردنی هەموو کۆنترۆڵەکانی سەر فۆرمەکە کلیك لەسەر دووگمەی Select All بکە.





## بەشی فۆنت
## Font Section

لەبەشی فۆنتدا، چەند دووگمەوبەشێك هەیە کە دەتوانین بەهۆیەوە چەند کارێکی جیـاواز ئەنجامبـدەین و، چەند گۆڕانکارییەك بکەین:





## هەڵبژاردن یان گۆڕینی فۆنت
## Selecting or Changing the Font

بەهۆی ئەم بەشەوە فۆنتێکی نوێ بۆ ئەو بەش یان بەشانەی دیاریمان کردووە(سەلێکت) هەڵدەبژێرین، یاخود ئەو فۆتەی پێشتر هەڵمان بژاردووە دەیگۆڕین.





## حەجمی فۆنت
## Font Size

بەهۆی ئەم بەشەوە حەجمی فۆنت دیاری دەکەین، یان ئەو حەجمەی پێشتر دیاریمان کردبوو دەیگۆڕین، ئەویش بەکلیك کردن لەسەر سەهمە بچوکەکە و پاشان کلیك کردن لەسەر ئەو حەجمەی کە دەمانەوێت:





## لەبەر گرتنەوەی فۆرماتەکان
## Format Painter

بەهۆی ئەم دووگمەیەوە ڕێکخستن و تایبەتمەندییەکانی  ئەو بەشەی دیاریمان کردووە (سەلێکت – Select)، لەبەری دەگرینەوە (کۆپی – Copy دەکەین) ،ئەویش بە کلیك کردن لەسەر دووگمەی Format Painter و لەهەر شوێنێکدا پێویستمان بە دانانەوەو لکاندنی ئەو ڕێکخستنە بێت، سەهمی ماوسەکەی دەبەینە سەر و کلیکی لەسەر دەکەین:




## تۆخ کردن
## Bold

بەهۆی ئەم دووگمەیەوە نووسینی ئەو بەشەی دیاریمان کردووە (سەلێکت – Select) تۆخ دەکەین،ئەویش بە کلیك کردن لەسەر دووگمەی Bold.





## لارکردنەوە
## Italic

بەهۆی ئەم دووگمەیەوە نووسینی ئەو بەشەی دیاریمان کردووە (سەلێکت – Select) لار دەکەینەوە ،ئەویش بە کلیك کردن لەسەر دووگمەی Italic.




## هێڵ هێنان بە ژێر نووسین
## Under Line

بەهۆی ئەم دووگمەیەوە نووسینی ئەو بەشەی دیاریمان کردووە (سەلێکت – Select)، هێڵ دەهێنین بە ژێریدا ،ئەویش بە کلیك کردن لەسەر دووگمەی Under Line.




## ڕەنگی نووسین
## Font Color

بەهۆیەوە ڕەنگی نووسین دەگۆڕین، یان ڕەنگێك هەڵدەبژێرین، ئەویش بەکلیك کردن لەسەر سەهمە بچوکەکە و پاشان کلیك کردن لەسەر ئەو ڕەنگەی  کە دەمانەوێت:




## ڕەنگی پشتەوە
## Background Color

بۆئەوەی ڕەنگی پشتەوەی ئەو تەنە ،یان تەنانەی کە دیاریمان کردووە بگۆڕین، ئەوا  بەکلیك کردن لەسەر سەهمە بچوکەکە و پاشان کلیك کردن لەسەر ئەو ڕەنگەی  کە دەمانەوێت کارەکە بە ئەنجام دەگەیەنین:




## گواستنەوەی نووسین بۆ لای چەپ
## Align Text Left

بەهۆی ئەم دووگمەیەوە نووسینی ئەو بەشەی دیاریمان کردووە (سەلێکت – Select)، دەبەینە لای چەپ ،ئەویش بە کلیك کردن لەسەر دووگمەی Align Text Left.



## گواستنەوەی نووسین بۆ ناوەڕاست
## Center Text


بەهۆی ئەم دووگمەیەوە نووسینی ئەو بەشەی دیاریمان کردووە (سەلێکت – Select)، دەبەینە ناوەڕاست ، ئەویش بە کلیك کردن لەسەر دووگمەی Center Text.



## گواستنەوەی نووسین بۆلای ڕاست

## Align Text Right


بەهۆی ئەم دووگمەیەوە نووسینی ئەو بەشەی دیاریمان کردووە (سەلێکت – Select)، دەبەینە لای ڕاست ، ئەویش بە کلیك کردن لەسەر دووگمەی Align Text Right.



## بەشی ژمارە

## Number Section


بەشی ژمارە دابەش دەبێت بۆ پێنج بەشی بچوك، کە هەربەشەو ، کارێکی گرنگ ئەنجام دەدات و، زۆر بەکورتی باسین دەکەین:





⁕Format: بۆ دیاری کردنی چۆنیەتی پیشاندانی بەروار و کات و چۆنیەتی چاپکردنی بەکاردێت:



نمونەی 1:




نمونەی 2:




⁕$: بۆ دانانی هێمای دراو Currency بەکاردێت.

⁕%: بۆ دانانی هێمای لەسەدا Percent بەکاردێت.

⁕,: بۆ دانانی فاریزە (کۆما – Comma) بەکاردێت.

⁕Increase Decimal: بۆ زیادکردنی سفر بەکاردێت.

⁕Decrease Decimal: بۆ کەمکردنەوەو لابردنەوەی ئەو سفرانەی زیادمان کردووە بەکاردێت.


## بەشی پشتەوە
## Background Section

بەهۆی بەشی پشتەوە Background Section دەتوانین وێنەیەك بۆ پشتەوەی فۆڕمەكە دابنێین،بە بەكارهێنانی دووگمەی Background Image ، یان دانانی ڕەنگیّ جیّگۆڕکیّ کردنی تۆمارەکان بەهۆی بەشی Alternate Color Row.




## بەشی شێواز ی كۆنترۆڵەكان
## Control Formatting Section


لەبەشی شێواز (ڕێكخستنەكان)ی كۆنترۆڵەكانیشدا، چەند دووگمەیەك هەیە، كە هەریەكە و، بۆ دروستكردنی گۆڕانكاری و ڕەنگكردن و، جوانكردنی شێوەی ئەو كۆنترۆڵەی هەڵمان بژاردووە، دیاریمان كردووە بەكاردێت:



*Shape Fill: بەکاردێت بۆ پڕکردنی ئەو شێوەیەی دیاریمان کردووە، بە ڕەنگێك کە خۆمان هەڵیدەبژێرین، ئەویش بەکلیك کردن لەسەر سەهمە بچوکەکە و پاشان کلیك کردن لەسەر ئەو ڕەنگەی دەمانەوێت:





*Shape Out Line: بەکاردێت بۆ ڕەنگکردنی چوار چێوەی تەنە دیاری کراوەکان و، دیاری کــردن و هەڵبژاردنی هێڵی چوار دەوری تەنەکان و، شێوەی هێڵەکان، ئەویش بە کلیك کردن لەسەر هــەر ڕەنگێــك کە بمانەوێت پاشان کلیك کردن لەسەر هێڵێك و شێوەی هێڵێك:




※Conditional Formatting: بەكاردێت بۆ ڕێكخستنی تەنەكان بەهۆی مەرجێكەوە كە خۆمان بۆی دیاری دەكەین.

※Change Shape: بەكاردێت بۆ گۆڕینی شێوەی تەنەكان، بۆ نمونە بۆ گۆڕینی شێوەی ئەو دووگمەButton یەی كێشاومانە، ئەویش بە كلیك كردن لەسەر ئەم بەشە (Change Shape) و پاشان كلیك كردن لەسەر یەكێك لە شێوەكان:







⁎Quick Style: بەکاردێت بۆ پێدانی شێوازێك بۆ ئەو تەنەی Object كە دیاری دەكرێت، كە كۆمەڵێك شێوازی ئامادەكراو لە گەلەرییەكدا دانراوە:




## گۆڕینی حەجمی كۆنترۆڵەكان
## Resizing Controls


كاتێك سەهمی ماوسەكە نزیك دەكەینەوە لە لێواری كۆنترۆڵەكان، شێوەی سەهمی ماوسەكە دەگۆڕێت و بە پەنجەنان بە دووگمەی ماو سەكە و جوڵاندن بەرەو ناوەوە یان دەرەوە ، بە بێ ئەوەی پەنجە لابەین لەسەر دووگمەی ماوسەكە حەجمی تەنەكە Object دەگۆڕێت، بە شێوەیەكی گشتی سەهمی ماوسەكە بەم شێوانە دەگۆڕێت:

| سەهمی ماوس | كاریگەری |
|---|---|
|  | بەهۆیەوە بەرزی كۆنترۆڵەكە بچوك دەبێتەوە یان گەورە دەبێت. |
|  | بەهۆیەوە حەجمی هەموو كۆنترلەكە بچوك دەكەینەوە، یان گەورەی دەكەین لە لای ڕاستی سەرەوەی كۆنترۆڵەكە ئەم كارە دەكەین. یان لای چەپی خوارەوە |
|  | بەهۆیەوە پانی كۆنترۆڵەكە بچوك دەكەینەوە، یان گەورەی دەكەین. |
|  | بەهۆیەوە حەجمی هەموو كۆنترلەكە بچوك دەكەینەوە، یان گەورەی دەكەین، لە لای چەپی سەرەوەی كۆنترۆڵەكە ئەم كارە دەكەین. یان لای ڕاستی خوارەوە |

# ڕیزکردن و ڕێککردنی کۆنترۆڵەکان

# Control Arrange

ڕیزکردن و ڕێکخستن و ڕێککردنی ئەو کۆنترۆڵانەی کە کێشاومانە بەهۆی کۆمەڵێك بەش و دووگمەوە دەبێت، کە لەتابی Arrange دا، دانراوون لە Ribbonدا:





# دروست کردنی فۆرم بەرێگەی دیزاین

# Form Design

1-کلیك لەسەر تابی دروست کردن Createبکە.


2-لە کۆمەڵەی فۆرم Form Groupدا، کلیك لەسەر دووگمەی Form Design بکە:





3-لەتابی دیزاین Designدا، کلیك لەسەر دووگمەی Add Existing Fieldبکە، بۆ کردنەوەی لیستی ستوون Field List:



4-له ليستی ستوون Field Listدا، كليك له‌سه‌ر هێمای + به‌ردەم هه‌ر خشته‌يه‌ك بكه كه‌ده‌ته‌وێ فۆڕمی بۆ دروست بكه‌يت:




5-كليك له‌سه‌ر ناوی هه‌ر ستوونێك بكه ، كه ده‌ته‌وێ له فۆڕمه‌كه‌دا هه‌بێت و، بێ ئه‌وه‌ی په‌نجه‌ت له‌سه‌ر كليك لابه‌يت، ستوونه‌كه ڕابكێشه بۆسه‌ر فۆڕمه‌كه و، بۆ هه‌موو ستونه‌كانی تريش به‌هه‌مان شێوه:




## فۆڕمی زياتر
## More Form


بۆ دروست كردنی جۆر و شێوه‌ی تری فۆڕم، كليك له‌سه‌ر تابی Createبكه و، پاشان له كۆمه‌ڵه‌ی فۆڕم Form Groupدا، كليك له‌سه‌ر More Form بكه و، پاشان كليك له‌سه‌ر يه‌كێك له شێوه‌كان بكه.

# ڕاپۆرت


## دروست كردنی ڕاپۆرت به ويزارد
## Report

بۆ دروستكردنی ڕاپۆرت ئه‌م هه‌نگاوانه جێبه‌جێده‌كه‌ين:


*له ڕايبۆن Ribbonدا و، له تابی دروستكردن Create دا و له‌به‌شی ڕاپـۆرت Reportدا، كليـك له‌سه‌ر دووگمه‌ی Report Wizard بكه:




*ئه‌م په‌نجه‌ره‌يه‌ی خواره‌وه ده‌كرێته‌وه‌و هه‌موو ستونه‌كان دياری Select بكه





*كليك لەسەر Next بكە:





*كليك لەسەر Next بكە، ئەگەر ڕازيت و شێوە تايبەتمەندييانە:




*كليك لەسەر Next بكە:




*كليك لەسەر Finish بكە:



*لە کۆتایدا، ڕاپۆرتەکە دروست بوو:





## دروستکردنی ڕاپۆرت
## Create a Basic Report

1-ئەو خشتە یان کیورییە بکەرەوە کە دەتەوێ ڕاپۆرتی بۆ دروست بکەیت.

2-کلیك لەسەر تابی دروست کردن Create بکە.

3-کلیك لەسەر دووگمەی ڕاپۆرت Reportبکە، لەناو کۆمەڵەی ڕاپۆرتەکان Reports Group دا:




4-بەمەش ڕاستەوخۆ ڕاپۆرتێك دروست دەبێت.

5-کلیك لەسەر دووگمەی پاشەکەوت کردن (خەزن – Save) بکە، لە Quick Access Tool Barدا، بۆ پاشەکەوت کردنی ڕاپۆرتەکە:




6-ئەم ڕووکارەی خوارەوە دەکرێتەوە، ناوێك لەخانەکەدا بنوسە و، کلیك لە سەر دووگمەی Ok بکە بۆ سەیڤکردنی ڕاپۆرتەکە:




## سڕینەوەی ستوونی ڕاپۆرت
## Delete Field


1-کلیك لەناو یەکێك لەخانەکانی ئەو ستوونە بکە، کە دەتەوێ بیسڕیتەوە.

2-پەنجە بنێ بە دووگمەی سڕینەوە Delete ی سەر ڕووی کیبۆردەکەدا.


## دروستکردنی ڕاپۆرتی بەتاڵ
## Blank Report

1-کلیك لەسەر تابی دروست کردن Create بکە.


2-کلیك لەسەر دووگمەی Blank Report بکە:




3-ئێستا بەشی لیستی ستوون کراوەتەوە، ناوی هەموو خشتەکانی تێدایە و، دەتەوێ ڕاپۆرت بۆ کام خشتەیە دروست بکەیت کلیك لەسەر هێمای + لەبەردەم ناوی خشتەکەدا، بکە و، بەمەش ناوی ستوونەکانی خشتەکە پیشان دەدرێت:




4-بە پێی پێویست كلیك لەسەر ناوی ستوونەكان بكە و بێ ئەوەی پەنجە لەسەر كلیك لابەیت ڕایبكێشە بۆسەر ڕاپۆرتەكە:





## پیشاندان پێش چاپكردن و هەڵبژاردنی تر
## Print Preview And Other Options

1-ڕاپۆرتەكە بكەرەوە.


2-كلیك لەسەر تابی هۆم Home بكە.

3-كلیك لەسەر سەهمە بچوكەكەی دووگمەی View بكە.


4-كلیك لەسەر Prient Preview بكە:




دەتوانیت لە جیاتی خاڵی دوو و سێ و چوار، كلیك لەسەر تابی فایل File بكەیت و، پاشان كلیك لەسەر Print بكەیت و، دوواتر كلیك لەسەر Print Previewبكەیت.





5-ئەم تابە Print Previewدەكرێتەوەو چالاك دەبێت كە بهۆیەوە ڕاپۆرتەكە دەبینین پێش ئەوەی چاپی بكەین و، زۆر كاری تریش بەهۆی ئەم تابەوە دەكرێت كە بە كورتی باسیان دەكەین:





- كلیك لەسەر دووگمەی چاپ كردن Print بكە بۆ 1اپ كردنی ڕاپۆرتەكە:



-كليك لەسەر دووگمەی حەجم Size بكە و پاشان كليك لەسەر يەكێك لە حەجمەكان بكە، بۆ دياری كردنی حەجمێك:




-كليك لەسەر دووگمەی Margins بكە و پاشان كليك لەسەر يەكێك لە شێوەكان بكە بۆ دياری كردنی شێوەيەكی چوار دەور و قەراغی لاپەڕە:





- كليك لەناو چوار گۆشە بچوكەكەی بەردەم Show Margins بكە بۆ پيشاندانی قەراغ و چوار دەور و ، دووبارە كليك لەسەر بكەرەوە بۆ پێچەوانە كردنەوە.

- كليك لەناو چوار گۆشە بچوكەكەی بەردەم Prnt Data Only بكە، بۆ ئەوەی تەنها زانیارییەكان چاپ بكات:




- كليك لەسەر دووگمەی Portrait بكە بۆ چالاك كردنی باری درێژی لاپەڕە، واتە ئەو لاپەڕەیەی ڕاپۆرتەكەی لەسەر چاپ دەكەیت لە باری درێژی دەبێت:




- - كليك لەسەر دووگمەی Landscape بكە بۆ چالاك كردنی باری پانی لاپەڕە، واتە ئەو لاپەڕەیەی ڕاپۆرتەكەی لەسەر چاپ دەكەیت لە باری پانی دەبێت:





-كليك لەسەر دووگمەی ستوون Column بكە، كە بەهۆیەوە بەشی ستوون دەكرێتەوە لە پەنجەرەی ڕێكخستنی لاپەڕەدا و، دەتوانیت بە هۆیەوە لاپەڕەكان دابەش بكەیت بۆ چەند ستوونێك و هەر ستونە و، ڕاپۆرتێكی تیا چاپ دەبێت:





-كليك لەسەر دووگمەی Page Setup بكە، كە بەهۆیەوە بەشی ڕێكخستنی لاپەڕە دەكرێتەوە، دەتوانی بەهۆیەوە سپێتی لاپەڕە لە (سەرەوە Top، خوارەوە Bottom، چەپ Left، ڕاست Right) دیاری بكەیت و، كليك چوار گۆشە بچوكەكەی بەردەم Print Data Only بكە، ئەگەر دەتەوێ تەنها زانیارییەكانت بۆ چاپ بكات، ئەمانە لە تابی Print Optionsدا، ئەنام دەدرێت و، لەتابی Page یشدا، ئاراستە و جۆری لاپەڕی (باری درێژی Portrait و، باری ئاسۆیی Landscape) و حەجمی لاپەڕە Sizeدیاری بكە، لە تابی لاپەڕە Pageدا:




- کۆمەڵەی زووم Zoom Group بەکاربهێنە بۆ گەورە کردن و بچوك کردنەوەی ڕاپۆرتەکە و لاپەڕەکان:




-بەشی زانیاری Data بەکاربهێنە بۆ ناردنی ڕاپۆرتەکەت بۆ هەندێك لە بەرنامەکانی تری وەکو ئێکسڵ، وۆرد ، ......................، لەبەشی ناردنەدەرەوە و هێنانە ناوەوەی زانیاری دا باس کران:




-کلیك لەسەر دووگمەی داخستن Close بکە بۆ داخستنی Print Preview:




## دروست کردنی ڕاپۆرتی بەتاڵ
## Blank Report

هەنگاوەکانی دروست کردنی ڕاپۆرتی بەتاڵیش وەکو هەنگاوەکانی دروست کردنی فۆڕمی بەتاڵ Blank Formوایە، تەنها لەوەدا جیاوازە کە کلیك لەسەر دووگمەی ڕاپۆرتی بەتاڵ Blank Report دەکەین، و هەنگاوەکانی تر وەکو فۆڕمی بەتاڵە.

## دروست کردنی ڕاپۆرت بە شێوەی دیزاین
## Report Design

هەنگاوەکانی دروست کردنی ڕاپۆرت بەڕێگەی دیزاین وەکو هەنگاوەکانی دروست کردنی فۆڕمە بەڕێگەی دیزاین Form Design، تەنها لەوەدا جیاوازە کە کلیك لەسەر دووگمەی ڕاپۆرت دیزاین Report Design دەکەین، و هەنگاوەکانی تر وەکو فۆڕمی بەتاڵە.


## زیادکردن و پەرەپێدانی فۆڕم و ڕاپۆت
## Enhancing Form And Report

1-ئەو فۆڕم یان ڕاپۆرتەی دەتەوێ بۆی زیاد بکەیت و پەرەی پێدەیت بکەرەوە.


2-کلیك لەسەر تابی هۆم Home بکە، لە ڕایبۆن Ribbonدا.

3-کلیك لەسەر سەهمی بچوکەکەی دووگمەی پیشاندان Viewبکە.


4-کلیك لەسەر Layout Viewبکە:





5- لە گروپی سیمەکان Themes Groupدا، کلیك لەسەر دووگمەی Theme بکە و پاشان کلیك لەسەر سیمێك بکە و، کلیك لەسەر دووگمەی ڕەنگەکان Colors بکە بۆ هەڵبژاردنی ڕەنگێك بۆ سیم و، پاشان کلیك لەسەر ڕەنگێك بکە و، کلیك لەسەر دووگمەی فۆنت Fontیش بکە و پاشان کلیك لەسەر جۆرێکی فۆنت بکە بۆ سیمەکە:



6-له گروپی سەرەو ژێرە Header/Footerشدا، دەتوانیت چەند كارێك ئەنجام بدەین.




یەكەم: دانانی لۆگۆ Logo: كلیك لەسەر دووگمەی لۆگۆ بكە و، بەمەش بەشی دانانی وێنە Insert Pictureدەكرێتەوە، تیایدا كلیك لەسەر وێنەیەك بكە و، پاشان كلیك لەسەر دووگمەی Okبكە:





بەمەش وێنەیەكمان دانا بۆ سەرەی فۆرم یان راپۆرت وەكو لۆگۆیەك.


دووەم: ناونیشان Title: كلیك لەسەر دووگمەی ناونیشان Titleبكە و، پاشان بە كیبۆردەكە ناونیشانەكە بنووسە:



سێهەم: بەروار و کات  Date And Time: بۆ دانانی بەروار لەسەرەی فۆڕمدا، کلیك لەسەر دووگمەی  Date And Time بکە و، پاشان لە پەنجەی بەروار و کات دا کە کراوەتەوە شێوەیەك هەڵبژێرە و کلیك لەسەر Ok بکە:




بەمەش بەروار و کاتمان دانا:



**سەرچاوەکان:**

1-Access 2010 FOR DUMMIES، **تالیف: لوری اولریش فولر – کین کوك ، الترجمە باعتماد :د.خالد العمری، دار الفاروق و ویلی، چاپی ئینگلیزی** 2010 **لەلایەن ویلییەوە، چاپی عەرەبی** 2011 **لەلایەن دار الفراوق.**

2- Office 2010 FOR DOMMIES، **تالیف:والاس وانج، الترجمە باعتماد :د.خالد العمری، دار الفاروق و ویلی، چاپی ئینگلیزی** 2010 **لەلایەن ویلییەوە، چاپی عەرەبی** 2011 **لەلایەن دار الفراوق.**

3-**ماڵپەڕی :** www.functionx.com **، ئەم ماڵپەڕە زۆر گەورە و فراوانە و بۆ ئەو کەسانەی زمانی ئینگلیزی دەزانن سودی تەواوی لێوەردەگیرێت. چونکە هەموو بابەتەکانی زانستی ئەکادیمین و، بۆ ئاستەکانی سەرەتایی هەتاوەکو پێشکەوتوو دەگونجێت و، سەرەتا گرنگی بە بوارەکانی (بەرنامە سازی و ، وێب داڕشتن و، نێتۆرك) دەدا و، ئێستا زیاتر فراوان بووە و، گرنگی بە زۆربەی بوارەکان دەدا.**

4-**ماڵپەڕی :** www.gcflearnfree.org **، ماڵپەڕێکی سادەی فێرکاری یە و گرنگی بە زۆر بوار دەدات وەکو ئۆفیس و ویندۆز و بیرکاری و ئینتەرنێت و ........... .**

5- **ماڵپەڕی لیندا :** www.lynda.com **، یەکێکە لە کۆمپانیا سەرکەوتووەکانی بوواری بەهەم هێنانی فێرکاری ...**

ناوەرۆك:

*بەشی یەکەم: ناساندنی بنکەی زانیاری ...................................................................................6
*بەشی دووەم:ناساندنی مایکرۆسۆفت ئەکسێس 2010...................................................................9
*بەشی سێهەم: بنچینەکانی ئەکسێس ..........................................................................................22
*بەشی چوارەم: خشتەکان ..........................................................................................................37
*بەشی پێنجەم: هێنانە ناوەوەو ناردنە دەرەوەی زانیاری ....................................................................103
*بەشی شەشەم:پەیوەندی نێوان خشتەکان ........................................................................................134
*بەشی حەوتەم: کیوری .............................................................................................................140
*بەشی هەشتەم: بنچینەکانی نەخشەسازی فۆڕم و ڕاپۆرت ......................................................151
*سەرچاوەکان.............................................................................................................................200
*پێڕست(ناوەرۆك).....................................................................................................................201

## کۆرسی بەردەوام بۆ فێربوونی....

1-مایکرۆسۆفت ۆرد 2010.

2-مایکرۆسۆفت ئێکسڵ 2010.

3-مایکرۆسۆفت ئەکسێس 2010.

4-مایکرۆسۆفت پاوەرپۆینت 2010.

5-ئەدۆب فۆتۆشۆپ CS5.

6-ئەدۆب فلاش CS5.

7-نەخشەسازی و ... وێب دارِشتن (سی ئێس ئێس3،2،1 – ئێچ تی ئێم ئێلْ 4.1 و 5.0 – ئێکس ئێچ تی ئێم ئێلْ).

8-ئەی ئێس پی دۆت نێت 4.0 (2010)بەبەکارهێنانی ڤیژوەلْ ستۆدیۆی 2010.

9-پی ئێچ پی .

10- جەی ئێس پی .

11- بنچینەکانی بەرنامە سازی بە زمانەکانی(سی ++، سی شارپ، جاڤا).

12- مایکرۆسۆفت ڤیژوەلْ بەیسك 2010.

13- بنچینەکانی نێتۆرك.

14- جاڤا سکریپت، ڤیژوەلْ سکریپت، ئەجاکس، جەی کیوری.

15- داتابەیس بە ئۆراکلْ

16- داتابەیس بە SQL Server.

17- داتابەیس بە ڤیژوەلْ بەیسك 2010.

18- فێربوونی بەکارهێنانی ئینتەرنێت.

تیبینی:

- ئەم کۆرسانە لە خولی تایبەت دا، دەوترێتەوە، تەنها بۆ شاری سلێمانی.
- لەرێکخراوی ئامێزیش دەوترێتەوە،کە رێکخراوێکی تایبەت بە کچانە.
- بۆ زانیاری زیاتر: 07701515582

# ئەم كتێبانە دووا  بە دووای یەك لە چاپ دەدرێن

## چاوەڕوان بن

1. ئەدۆب فۆتۆشۆپ سی ئێس 5.
2. ئەدۆب فلاش سی ئێس 5.
3. ئەدۆب دریموەیڤەر سی ئێس 5.
4. نەخشە سازی و دروست کردنی وێب سایت .
5. ئەی ئێس پی دۆت نێت 4.0 (2010).
6. پی ئێچ پی.
7. بنچینەكانی بەرنامە سازی بەزمانی سی ++ .
8. بنچینەكانی بەرنامەسازی بەزمانی سی شارپ.
9. بنچینەكانی بەرنامە سازی بەزمانی جاڤا.
10. بنچینەكانی نێتۆرك.
11. بەرنامە سازی جاڤا.
12. ڤیژوەڵ ستۆدیۆ 2010.
13. ڤیژوەڵ بەیسك 2010.
14. دیلفی.
15. جاڤا سكریپت، ڤی بی سكریپت، جەی كیوری.
16. ئەجاكس .
17. تۆڕەكانی كۆمپیوتەر .
18. دروستكردنی داتابەیس بە ڤیژوەڵ بەیسك.
19. دروستكردنی داتابەیس بە ئۆراكڵ.
20. دروستكردنی سایت بە پی ئێچ پی.
21. جاڤای پێشكەوتوو Advance Java

# چاوەڕوان بن